زامدار ئەحمەد

# ڕاپەڕینی کۆیە

## ٩ی ئاداری ١٩٩١

زامدار ئەحمەد
ڕاپەڕینی کۆیە
نۆی ئاداری 1991
توێژینەوەیەکی مێژووییە

توێژینەوەیەکی
مێژووییە

٢٠١٧

زامدار ئەحمەد

ڕاپەڕینی کۆیە

Zamdar Ehmed

RISING

# Koya Uprising

## 9th March 1991



بەرگ: ئەنجام ئەنوەر

2017

# ڕاپەڕینی کۆیە

## ٩ی ئاداری ١٩٩١

زامدار ئەحمەد

٢٠١٧



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ناسنامەی کتێب
ناوی کتێب: ڕاپەڕینی کۆیە-٩ی ئاداری ساڵی ١٩٩١
ناوی نووسەر: زامدار ئەحمەد
وێنەی قشڵە: هانا جەلال
دیزاینی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر
دیزاینی ناوەوە: زامدار ئەحمەد
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپی یەکەم: ٢٠١٧
چاپخانەی کەمال، سلێمانی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٣)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە.

## پێرستی بابەتەکان


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٥ |
| | بەشی یەکەم: ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان | ٩ |
| | باسی یەکەم: هۆکارەکان و زەمینەسازی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) | ١٠ |
| | باسی دووەم: ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان | ٢١ |
| | بەشی دووەم: ڕاپەڕینی شاری کۆیە | ٣٨ |
| | باسی یەکەم: هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆیە | ٣٩ |
| | باسی دووەم: دەستپێکی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کۆیە | ٤٩ |
| | بەشی سێیەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی کۆیە | ٧٠ |
| | باسی یەکەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی یەکەم | ٧٢ |
| | باسی دووەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی دووەم | ١٢٧ |
| | لیستی سەرچاوەکان | ١٣٨ |
| | پاشکۆی وێنەکان | ١٥٥ |




ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پێشەکی:

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان، یەکێکە لە ڕووداوە گرنگ و مێژووییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، دژی ڕژێمی بەعس، وەچەرخانێکی گرنگی مێژوویی و دەستکەوتێکی پایەبڵند بوو، بۆ هاونیشتیمانیان. تەواوی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، لە سەربازانی ڕژێمی بەعس پاککرانەوە.

ڕاپەڕین، بەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و بەهاوکاری و هەماهەنگی دانیشتووانی شارەکان ئەنجامدرا، ڕاستەوخۆ لەدوای ڕاپەڕینی باشووری عێراق، سەرکردایەتی کورد، بڕیار و بەرنامەی ڕاپەڕینی دارشت، بەنهێنی و بە ئاشکرا هەوڵی بۆ دەدا، لەڕێگەی نامەوە زۆرینەی چەکدارە کوردەکانی سەر بە ڕژێمی بەعس و جاش و موستەشارەکانی ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەن، بەشێکیان ئامادەیی تەواویان دەربڕی بۆ هاتنە ڕیزی پێشمەرگە و گۆڕینی میللی چەکەکانیان بەرانبەر ڕژێمی بەعس. ئەڵبەتە، بەشێکیان ڕۆڵیان لە ئازادکردنی چەند شوێنێک هەبوو.

## گرنگی توێژینەوە:

ڕاپەڕین، بەشێکی گرنگی مێژووی کوردە، بەتایبەت لە چوارچێوەی بزاڤی نەتەوەیی کورد، سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە. ڕووداوێکە جێگای شانازی کوردە، چونکە لە ژێر



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەستی حکومەتی بەعس هاتنە دەر و خوودی کورد فەرمانڕەوایەتی دەکرد، پەڕلەمان و حوکمی خۆماڵی دەستیپێکرد. بەڵام وەک پێویست بایەخ بە نووسینەوەی ڕاپەڕین نەدراوە، بەتایبەتی ڕاپەڕینی کۆیە، هیچ کتێبێکی تایبەت لەمبارەیەوە بەردەست نییە، تەنیا بەشێوەی وتار و گۆشەی ڕۆژنامەوانی لەبارەیەوە نووسراوە.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە:**

لەکاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی ژمارەیەک گرفت بووینەوە، لەوانە: (نەبوون و کەمی سەرچاوەی پێویست و زانیاری دروست لەبارەی ڕاپەڕینی کۆیەوە). (خۆ کردنە پاڵەوانەی زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپەڕین، واتە بەشێک لەو کەسانەی دیدار و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجامدا، خۆیان بە کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان دادەنا. چەند کەسێک لە ڕووداو و چالاکییەک خۆی دەکردە ڕێکخەر و بەرنامە و پلاندار.. زۆربەی بەشداربووان، خۆی بە یەکەم تەقە و تەقاندنی ئارپێچی دادەنا).. هەروەها، (وەرگرتنی وێنە و زانیاری شەهیدانی سەنگەری ڕاپەڕینی کۆیە و شەهیدانی هاوڵاتی).. دیاریکردن و دەستیشانکردنی شەهیدانی هاوڵاتی و شەهیدانی سەنگەر، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کۆیە یەکلایی کرایەوە.

### پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەش و باسەکانی نێو توێژینەوە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان، ئەم دوو باسەی تێدایە، باسی یەکەم: هۆکارەکان و زەمینەسازی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، باسی دووەم: ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

بەشی دووەم: ڕاپەڕینی شاری کۆیە، ئەم دوو باسەی لەنێودایە، باسی یەکەم: هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆیە، باسی دووەم: دەستپێکی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کۆیە.

بەشی سێیەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی کۆیە، ئەم دوو باسەی لەخۆ گرتووە، باسی یەکەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی یەکەم -نۆی ئازاری ساڵی (١٩٩١)-، باسی دووەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی دووەم -نۆی ئەیلوولی ساڵی (١٩٩١)-.

### هەڵسەنگادنی سەرچاوەکانی توێژینەوە:

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوودمان لە چەندین سەرچاوەی جیاواز وەرگرتووە. ئەو سەرچاوانەی کە زانیاری باش و باوەڕپێکرای تێدابوو، ئەمانەن: کتێبی (ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی (١٩٩١) لە باشووری کوردستان)، ماستەرنامەیە لەلایەن ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا نووسراوە. کتێبی



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

(ڕاپەڕین و ڕزگاری کەرکووک) نووسینی مەلا شاخی، بابەتێک لە کتێبی (سایەی هەیبە سوڵتان)، بەناونیشانی (گڕی ڕاپەڕین لەناو هەناوی کۆیەدا) لە نووسینی ڕەهبەر سەید برایم.. هاوکات، دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆربەی فەرماندە و پێشمەرگە و بەشداربووانی ڕاپەڕین ئەنجامدراوە، لەدوای بەراورد کردن و شیکردنەوە، لێرەدا نووسراوە.

**زامدار ئەحمەد**

**دووی ئازاری ٢٠١٦**

# بەشی یەکەم: ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان

## باسی یەکەم: هۆکارەکان و زەمینەسازی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)

## باسی دووەم: ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**باسی یەکەم: هۆکارەکان و زەمینەسازی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١):**

ژمارەیەک فاکتەری گرنگ ڕۆڵیان هەبوو، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی باشووری کوردستان، لە دژی ڕژێمی بەعس، ئەو ڕژێمەی بەدرێژایی مێژوو ئازار و ئەشکەنجەی کوردەکانی دەدا، ئەنفالی کردن، کیمیابارانی کردن، زیندە بەچاڵی کردن، بەهەموو جۆرێک لەنێوی بردن، هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوی ڕەگەزی کوردی دەدا. لێرەدا بەشێوەیەکی کورت، هۆکارە دیار و گرنگەکان ڕاپەڕینی باشووری کوردستان دەخەینەڕوو.

**یەکەم: جەنگی عێڕاق-ئێران:**

بەدرێژایی مێژوو، عێڕاق و ئێران، وەک دوو دەوڵەتی دراوسێ، بەردەوام ئاریشە و گرفت لەنێوانیاندا هەبوو، تەنانەت ڕێککەوتننامەی جەزائیر و شەتلعەرەب، کۆتایی بەم کێشەیە نەهێنا. ڕێککەوتی حەڤدەی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٠)، سەددام حوسێن ڕێککەوتننامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە[١] و وتی: عێڕاق بڕیاریداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ناوچە مێژووییەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە سەر سنوری جوگرافی[٢]. لەوکاتەوە تا هەشتی ئابی

[١] دوکتۆر جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژووی کورد، کۆمپیتەر و چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٨١.

[٢] فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)، چاپخانەی ڕێنوێ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ١٩٢.

ساڵی (١٩٨٨) بەدرێژایی هەشت ساڵ، عێڕاق و ئێران شەڕیان کرد، هەردوولا زەرەری زۆریان کرد، بارودۆخیان زۆر خراپ و شپرزە بوو[٣]. لەم شەڕەدا، عێڕاق (٣٤٠٠٠٠) سێ سەد و چل هەزار کوژراو، (٧٠٠٠٠٠) حەوت سەد هەزار بریندار، (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار ئاوارە و (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار دیلی هەبوو. ئەمەش گورزێکی گەورە و خراپ بوو، بۆ عێڕاق[٤].

## دووەم: داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێڕاقەوە:

لەدوای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێڕاق-ئێران، عێڕاق زەرەر و زیانێکی زۆری بەر کەوتبوو، توانای دانەوەی قەرزەکانی نەبوو، تەنانەت قەرزایی وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی بوو. لەوسەروبەندەدا و لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٠)دا کوێت و ئەمریکا ڕێککەوتنی ژێر بە ژێریان واژۆ کرد، کوێت دەستی کرد بە زیادکردنی سەدا پەنجای بەرهەمی نەوت[٥]، ئەمەش زیاتر زەرەری بە عێڕاق گەیاند، چونکە نەوتی عێڕاق بە نرخی پێشوو نەدەفرۆشرا و بووە هۆی

---

[٣] دوکتۆر عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل ١٥٢.

[٤] المشير عبدلحليم ابوغزالة: الحرب العراقية الايرانية ١٩٨٠-١٩٨٨، د.ط، د.م.ط، ص٦.

[٥] ئاراس عبدولرەحمان مستەفا: راپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١١١.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

زیاتر زەرەرکردنی عێراق و دارمانی ژێرخانی ئابووری، لەبەرئەوە عێراق بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر کوێت و بیخاتە سەر عێراق و بە پارێزگای نوێی خۆی بیناسێنێ[٦]. سەددام حوسێن لە ڕێککەوتی دووی ئابی ساڵی (١٩٩٠) هێرشی کردە سەر کوێت و لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەست بەسەر کوێتدا بگرێ بۆ ماوەی شەش مانگ لەو وڵاتەدا مایەوە. لەپاشان لەژێر فشاری ئەمریکا و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سەربازانی عێراق. عێراق ئەو وڵاتەی جێهێشت و سەربازێکی زۆری لێ کوژرا زەرەر و زیانی گەورەی بەرکەوت[٧].

## سێیەم: لاوازبوونی ئابووری عێراق:

بەهۆی ئەو شەڕ و ئاریشانەی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ئەنجامیدا، تووشی داڕوخان و دارمانی ئابووری بوو، هاوکات شا فەهدی سعوودی و ئەحمەد جابر السەباح، سەددام حوسێنیان لە قەرزی (٣٠) ملیاری نەبەخشی، ئەگەرچی حوسنی موبارەک و مەلیک حوسێن هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوەی لەو قەرزە خۆش بن،

[٦] فیبی مار: مێژووی نوێی نوێ عێراق، و: حەمەشەریف حەمەغەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەویز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣١٢.

[٧] چارلز تریب: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، و: مەحەمەد حوسێن و عەبدولقادر کەلهوڕ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چ٢، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٣٦.

بەڵام ناوبراوان لێخۆشبوون ڕازی نەبوون[٨]. هەروەها لەڕووی سەربازییەوە زۆر لاواز بوو، لەو جەنگانە سەربازی زۆری لەدەستدا و بەشێک لە سەربازانی ئەو سوپایە ماندوو و شەکەت بوون، لە هەوڵی هەڵاتن و وازهێنانی شەڕ بوون[٩].

**چوارەم: ڕاگواستن:**

یەکێک لە کردە نەرێنییەکانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە کورد، ڕاگواستنی کوردەکان بوو. بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتی ڕژێمی بەعس (١٩٦٣-٢٠٠٣)، سیاسەتی ڕاگوستنی بۆ کوردەکان پەیڕەو کرد[١٠]. ئۆردوگای زۆرەملێ و ناوچەی تایبەتی دروست کرد، خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی لەشوێنێکدا کۆکردەوە، بە گوێرەی ڕۆژنامەی (الثورە)ی حیزبی بەعس لەنێوان دوو مانگی هاوینی (١٩٧٨)دا حکومەتی عێراقی (٢٨٠٠٠) بیست و هەشت هەزار خێزانی گوندنشین، ژمارەیان دەگەیشتە (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار کەس، بەرەو ناوچە و ئۆردوگا زۆرەملێکان برد[١١]. ئەمەش گرفتی دەروونی بۆ خەڵکی دروست کرد.

---

[٨] ئاراس عبدولرەحمان مستەفا: س.پ، ل ١١٢.

[٩] زامدار ئەحمەد: شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران کاریگەری لەسەر کورد (جۆرناڵ-گۆڤار) ژمارە حەوت، تشرینی یەکەمی (٢٠١٦).

[١٠] هـ. س.

[١١] ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا: ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا، بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری بارزان، ٢٠٠٩، ل ٣١.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پێنجەم: بە عەرەب کردن:

سیاسەتی بە عەرەب کردنی کوردەکان، دەگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای ژیان و نزیکی کورد و عەرەب. عەرەب هەوڵیدا سیاسەتی بە عەرەب کردن پێڕەوبکات. ڕژێمی بەعسیش ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی کوردی لەشوێنی نیشتەجێبونیانەوە گواستەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان، بەهەمان شێوە عەرەب زمانی گواستەوە بۆ ناوچە کورد نشینەکان[١٢]. هاوکات، ڕژێمی بەعس ژمارەیەک کوردی بە عەرەب ناونووس کرد و ژمارەیەکی دیکەی زۆری ناونووس نەکردن بەهۆی نیشتەجێبوونیان لە زەوی قەدەغەکراو. تەنانەت لە نێوان ساڵانی (١٩٨٤-١٩٩٠) نزیکەی (١٨٦٠٠) خێزانی کورد لە گەڕەکە کوردییەکانی ناو کەرکووک دورخرانەوە، کە بە (١٢٣٥٠٠) کەس ئەژماردەکرێ[١٣].

## شەشەم: بە بەعسی کردن:

بەعسییەکان، لە هەشتی شوباتی ساڵی (١٩٦٣)دا لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە توانیان دەسەڵاتی عێراق بگرنە دەست، ڕەوتی مێژوویی عێراق گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینی. بەعسییەکان، بە ڕەگەزپەرستی ناسراون، واتە هەموو هەوڵێکیان لە پێناو بەبەعسی کردنی کۆی گشتی خەڵکی عێراق و بەتایبەتی

[١٢] چنار نامق: جینۆساید و ئەنفالی کورد، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک، چاپخانەی کارۆ، کەرکووک، ٢٠١٢، ل ٣٠.

[١٣] ئاراس عەبدولرەحمان، س، پ، ١٧٠.

کورد بوو، بەعسییەکان هاوشێوەی فاشیزم و نازیزم لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا کاریان دەکرد، لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و هزر و فەلسەفەی بەعس و بەعسیزم، هەموو هەوڵێکی دەدا[١٤]. تاڕادەیەک عەرەبەکان لەگەڵ هزر و فەلسەفەی بەعسی یەکیان دەگرتەوە. لەمبارەیەوە سەددام حوسێن وتوویەتی "تەنیا بەعسییەکی باش، عێراقییەکی باشە" لەبەرئەوە، بەردەوام لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو هزرە بوو[١٥].

## حەوتەم: وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان

ڕژێمی بەعس، بۆ چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای بەعس و بەعسیزم، هەوڵی دەدا. لەم نێوەندەدا، هەوڵی وێرانکردن و لەنێوبردنی سەرجەم خانوو و بینای گوندەکانی کوردستانی دەدا، چونکە بەعسی نەبوون و مۆڵگە و نشینگەی پێشمەرگە بوو. تەنانەت لە هەشت قۆناغی شاڵاوەکانی ئەنفالدا زۆرینەی خانوو وماڵەکانی گوندەکانی کوردستانی وێرانکرد، ڕوخاند، خاپوور کرد، بەشێکی زۆری سوتاند. تەنیا لە ناوچەی گەرمیان (٧٨١) گوند و شەش

[١٤] سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کرد-توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسییە (١٩٤٧-١٩٧٥)، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١٧، ل ١١٠.

[١٥] ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی: جینۆسایدی باوکان- جینۆسایدی بارزانییەکان، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦، ل ٣٣.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ناحیە سوتێندرا و لەگەڵ خاکدا تەخت کرا[16]. لە کۆی گشتی کوردستانیش نزیکەی (٤٥٠٠) گوند ڕووخێندران و خەڵکەکەیان پەناهەندە و پەڕاگەندە بوون[17].

## هەشتەم: کیمیابارانکردن:

یەکێکی دی لە کردە نەرێنیەکانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە کورد، کیمیاباران کردنی کورد بوو، بەتایبەت کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، بەشێوەیەک دەیان هەزار کەس، بەهۆی کاریگەرییەکانی گازی کیمیایی گیانیان لەدەستداوە[18]. هاوکات لە کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتە و عەسکەر، سەدان هاوڵاتی بەهۆی گازی فرمێسک ڕێژ و خنکێنەر لەنێو چوون[19]. ئەمە گورزێکی کوشندە بوو، بەر هاوڵاتیانی کوردستان کەوت و زۆربەی دانیشتوانی ناوچە کیمیابارانکراوەکان ئاوارە بوون، دانیشتوانی هەڵەبجە چوونە

[16] زانا فەقێ محەمەد: جینۆساید لە باشوری کوردستان-ئەنفالی گەرمیان بە نموونە، چاپخانەی یاد، ٢٠١٢، ل ٤٩.

[17] زوزان ناسر مستەفا: ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە "٢٣ی شوبات-٦ی ئەیلوول ١٩٨٨"-ڤەکۆلینەکا مێژوویە-، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٧٢.

[18] ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان-لیژنەی سلێمانی: تاوانی هەڵەبجە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢.

[19] میدڵ ئیست ۆوچ: جینۆساید لە عێراقدا-پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٤، ل ٢٣٩.

ئێران[٢٠]. هەروەها بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ژمارەیەک نەخۆشی درێژخایەن و کاریگەری خراپ، بەسەر کەس و کار و ڕزگاربووانی کیمیاباران بەجێما[٢١].

## نۆیەم: ئەنفالی کوردان:

ئەنفال بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژار و دانراو و بە پلان بوو، کە بەشی زۆری کوردستانی گرتەوە، ئەو پرۆسەیە بە هەشت قۆناغ دەستی پێکرد، قۆناغی یەکەم لە بیست و سێی شوباتی ساڵی (١٩٨٨) لە دۆڵی جافایەتی –سەرگەڵوو و بەرگەڵوو– دەستی پێکرد، کۆتایی قۆناغی هەشتەم لە شەشی ئەیلوولی هەمان ساڵ لە بادینان بەکۆتا هات[٢٢]. زۆربەی ناوچەکانی میلیتاریزە کردبوو، بەبێ هیچ پێوەرێک خەڵک دەستگیر کرا و بەرەو تۆپزاوا و عەرعەر و نوگرەسەلمان بەڕێکران. زۆربەی خەڵکەکەش گوللەباران و زیندەبەچاڵ کران[٢٣] ئەوانەی گوللەیان بەرنەکەوتبوو، بەهۆی داپۆشینی چاڵ و گۆڕەکانەوە گیانیان لەدەستداوە، تەنانەت

[٢٠] چنار نامق: س.پ، ل ٤٨.

[٢١] فریشتە کەوە: کارەساتی هەڵەبجە-توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨، ل ٤٤.

[٢٢] نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا: تاوانێکی لەبیرکراو-دەربارەی ئەنفال و تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستان، و: عادل عەلی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیار و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٧.

[٢٣] عارف قوربانی: تەیمور -تاکە ڕزگاربوونی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٠٦.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەشێکیان تاکوو ئێستا بێ سەروشوێنن، هیچ لە بارەیانەوە نازانرێ[24].

## دەیەم: ئازاردانی دەروونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە:

ڕژێمی بەعس، بەردەوام لە هەوڵی ڕوخانی دەروونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی بوو، بەردەوام تاکەکانی ئازار دەدا، لە ترس و دڵەڕاوکێ دەیکوشین، تەنانەت لە سەلامەتی ژیانیان دڵنیا نەبوون. لەنێو ئۆردوگا زۆرەملێیەکان تووشی ژمارەیەک گرفت بوون، گۆڕانی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەسەرداهات، شیرازەی خێزانی تێکچوو، ژمارەیەک نەخۆشی بۆماوەیی بەجێما، بەتایبەتی لەدوای ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان، کەس و کاری ئەنفالکراوان و کیمیا بارانکراون، بەردەوام بەدەست کێشە و نەخۆشییەوە دەیانناڵاند، نەخۆشی درێژخایەنی بەردەوام[25]. لەلایەکی دیکەوە. فشاری دەروونی جەستەیی، هەڵئاوسان، خوێن بەربوونی پەردەی گەدە، دڵەڕاوکێ ترس، فشاری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو

---

[24] عارف قوربانی: ئەو سایەق شۆفڵەی بەشێک لە ئەنفالەکانی داپۆشی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، چاپخانەی یاد، ٢٠١٣، ل ٤٦.

[25] محەمەد ڕەوف عەبدولعەزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی-توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانییە، توێژینەوەیەکە پێشکەش بەبەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە. ل ٨٣.

بوونی هەبوو[٢٦]. ئەمانە بوونە هۆی کاردانەوەی خەڵکی، لەدژی ئەو دەسەڵاتە.

هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان، ڕاپەڕینی باشووری عێراق بوو، لە یەکی ئازاری ساڵی (١٩٩١) لە بەسرە دەستی پێکرد، دواتر لە واست و کوت و عەمارە و حیللە و سەماوە ڕاپەڕین کرا، نۆ پارێزگای گرتەوە، لەکۆی چواردە پارێزگا. ئەمە کردەوەیەکی خراپ بوو، بۆ حکومەتی عێراقی و ڕژێمی بەعس بەتایبەتی، لەبەرئەوە لەسەر داواکاری سەددام حوسێن، عەلی حەسەن مەجید دیاریکرا بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە[٢٧].

بەشێوەیەکی گشتی ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)، چونکە خەڵکی کوردستان بەتەواوی ماندوو و بێزار بوو، لە سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس، لە هەموو لایەکەوە، لەهەولْدابوون بۆ رزگاربوون لە ژێر دەستی بەعس و ڕاونان و دەرکردنیان لە کوردستان، تەواوی خەڵکی ئاواتەخوازی ئەو ڕۆژە بوو، لەبەرئەوە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەشداریان لە ڕاپەڕین کرد. ئەم هۆکارانە، ڕێگەخۆشکەر و زەمینەساز بوو، بۆ

---

[٢٦] خاوەر ساڵح مستەفا: نیشانەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی لای ئافرەتە بارزانیەکانی شاڵاوی ئەنفال دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل ٣٧.

[٢٧] ئاراس عەبدولرەحمان، س، پ، ٢٧٠.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**هاوڵاتیانی کورد و سەرکردایەتی کورد، کە بیر لە خۆ ڕزگارکردنی ژێر دەستە بکەنەوە.**

**بڕیاری ڕاپەڕین لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەتایبەتی لە نەوشیروان مستەفا دەرچوو، ڕۆژی حەوتی ئازار بۆ ئازادکردن و ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان دیاریکرابوو[٢٨]. بەڵام، هاوڵاتیان و پێشمەرگە، تا حەوتی ئازار، نەوەستان. ڕۆژی پێنجی ئازار، دەستیان بە ڕاپەڕین کرد[٢٩].**

[٢٨] دیدار لەگەڵ زیرەک خدر حەمەدەمین، ناسراو بە مامۆستا زیرەک، کۆیە، ڕێککەوتی نۆزدەی شوباتی (٢٠١٧). مامۆستا زیرەک، ساڵی (١٩٥٧) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە، لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار بووە، ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینە و لە کۆیە نیشتەجێیە.

[٢٩] دیدار لەگەڵ کامەران جەمال حەسەن، ناسراو بە کامەران بابانزادە، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧). کامەران بابانزادە، ساڵی (١٩٦٥) لە گوندی کێلەزیندان-کۆیە لەدایک بووە. بەشداری لە ڕاپەڕینی نۆی ئازار و نۆی ئەیلوولی ساڵی (١٩٩١)ی کۆیە کردووە. هەڵگری دوو بڕوانامەی ماستەرە، لە مێژووی ئیسلامی و مێژووی نوێ و هاوچەرخ، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە. ئێستا لە ڕانیە نیشتەجێیە.

## باسی دووەم: ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان:

## چەمکی ڕاپەڕین:

ڕاپەڕین و شۆڕش و کودەتا، سێ چەمکی جیاوازن، هەریەکەیان مانا و گوزارشتی تایبەتییان هەیە. ڕاپەڕین، ڕق و کینە و تووڕەیی هاونیشتیمانیانە، لەبەرانبەر سیستەمی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار، ئەو سیستەمەی نادادی کۆمەڵایەتی و نا یەکسانی بەسەر کۆی گشتی جومگەکانیدا زاڵە، لەکاتێکی هاوشێوەدا، گەلێکی هۆشیار و زیندوو، هەوڵدەدا لەدژی ئەو سیستەمە بوەستێتەوە و دەنگی ناڕازی بەرز بکات و لەنێوی بەرێت، ئەڵبەتە بە سوود وەرگرتن لە ڕووداو و کردەیەکی نەرێنی ڕاستەوخۆ. بۆ نموونە لە کاتی تیرۆر کردنی کەسێکی دیار، لەکاتی سەرکوتکردنی خۆنیشاندان، لەکاتی دەرکردنی بڕیارێکی دژە کۆمەڵگا. ئەمەی دەکرێ لەپێناو کۆتایی هێنانە بە ڕژێمێکی فاشستی، ڕەگەز پەرستی، هزرێکی داخراو، گەیشتە بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەر و ئازاد و پێشکەوتوو.

دوو جۆر ڕاپەڕین بوونی هەیە، یەکەم: ڕاپەڕینی مەدەنی، بەبێ بەکارهێنانی چەک و توندوتیژی[30]. دووەم: ڕاپەڕینی چەکداری، ئەو ڕاپەڕینە بەشێوەیەکی گشتی چەکی تێدا بەکاردەهێنرێ، بە ئاراستەی توندوتیژیدا دەڕوا، بەمشێوەیە، پێناسەی ڕاپەڕینی

[30] عبدالوها الکیالي و الاخرون: موسوعة سیاسة، جزء١، ص ٣٤٧، ٣٤٨.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چەکداری کراوە: ڕاپەڕینی چەکداری کردارێکی جەماوەری ڕاستەوخۆیە، بەشێوەیەکی توندوتیژ دژی دەسەڵاتی حکومدار ئەنجامدەدرێ، کاتێک کەم و کوڕییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان دەگەنە چڵە و پۆپ و کەشێکی لەبار دەڕەخسێت بۆ ئەنجامدانی جموجۆڵەکان لەدژی دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار[31]، یاخوود لە دژی داگیرکەر، ڕاپەڕین بە شێوەیەکی لەناکاو ڕوودەدات، کاتێک ململانێکیان زیاد دەکەن و دەگەنە خاڵی تەقینەوە، لەو کاتەدا ڕازی بوون و درێژەدان بەو ژیانە لەژێر سایە و سێبەری ئەو باروزروفە دەبێتە شتێکی مەحاڵ و ئەستەم، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت لەکات و ساتی دیاریکراو ئەم ڕاپەڕینە چەکدارییە بێتە ئاراوە، ڕاپەڕینی چەکداری پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و تا سەردەمی ئەمڕۆ بەردەوامی پێدەدرێت[32].

لەبارەی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)، دوو بۆچوون هەیە، بەشێکیان بڕوایانوایە ئەوەی کراوە، ڕاپەڕینە و بەکارهێنانی چەمکی ڕاپەڕین بۆی گونجاوە[33]. بەشەکەی دیکەیان بڕوایانوایە، ئەوەی کراوە، شۆڕشە و پێویستە بە شۆڕش نێوی بەرین، چونکە بووە هۆی وەچەرخانی گەورە و ڕیشەیی بۆ کوردستان و

---

[31] کامەران بابان زادە: پێنجی سێ، لەنێوان (ڕاپەڕین) و (شۆڕش)دا، گۆڤاری مەشخەڵی ڕاپەڕین، ژمارە پێنج، ٢٠١٥.

[32] ئاراس عبدولرەحمان مستەفا: س.پ، ل ٣٥.

[33] عبدالوها الكيالي و الاخرون: م، ص، ص ٨٧٦.

**کۆمەڵگەی کوردی[٣٤]. کورد بەرەو قۆناغێکی تر هەنگاوی نا، پەرلەمانی کوردستان دروستکرا، حوکمی خۆجێی بەدەستهێنا، خۆیان بڕیاریان لەسەر دیاریکردنی نوێنەردا[٣٥].**

**ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بەناوی بەرەی کوردستانی[٣٦] دەستیپێکرد، بەگوێرەی بڕیاری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ڕۆژی حەوتی ئازاری ساڵی (١٩٩١) دیاریکرا، بۆ ڕاپەڕین و دەرپەڕاندنی هێزی بەعسی، سەرەتا لە ڕانیەوە ڕاپەڕین دەست پێ بکات، چونکە ڕانیە شوێنێکی نزیک بوو لە بارەگا و مقەڕەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە لە شێنێ و زەڵی و ناوزەنگ و قاسمە ڕەش بوون. بەشێوەیەک بڕیاردرا بوو، لە کۆی گشتی کوردستان ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی بەعس بکرێ[٣٧]. لێرەدا ڕاپەڕینی**

---

[٣٤] کامەڕان بابان زادە: س. پ.

[٣٥] ئاراس عبدولرەحمان مستەفا: س. پ، ل ٣٧.

[٣٦] بەرەی کوردستانی لەدوای کیمیاباران و ئەنفالی کوردان، لە حەوتی ئایاری ساڵی (١٩٩٠) بەبەشداری زۆربەی حیزبەکانی کوردستان، بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان-ئێران دامەزرا، ئەم حیزبانە بەشدار بوون (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق/ هەرێمی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان (پاسۆک)). وەرگیراو لە "پەراوێزی بیرەوەرییەکانم"، کامەڕان بابانزادە، دەستنووس.

[٣٧] دیدار لەگەڵ بەهرام سمکۆ فەرەج، ناسراو بە بەهرام حاجی ڕەفیق، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). بەهرام حاجی ڕەفیق، ساڵی (١٩٦٩) لە کۆیە لەدایک بووە. لەدوای ئەنفال بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووە،



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەگوێرەی ڕۆژمێژووەکان، دەخەینەڕوو.

پێنجی ئازار: ڕاپەڕینی ڕانیە

بەهۆی ورە بەرزی ژمارەیەک هاوڵاتی و پێشمەرگە، دوو ڕۆژ پێش وادەی دیاریکراو دەستکرا بە ڕاپەڕین، سەرەتای تەقەکردن و دەستپێکی ڕاپەڕین لە ڕانیە لەلایەن فەرماندەیەکی پێشمەرگە و پێشمەرگەکانی بوو بەنێوی (عەلی نەبی)، بەمەبەستی لەنێوبردنی هێزی بەعس، سەربازی ڕژێم تەقەیان بەسەر هاوڵاتیانی ڕاپەڕیودا کرد و پەرت و بڵاوەیان لێکرد، لەدوای ماوەیەکی کەم بە گڕوتینێکی زۆر و خەڵکێکی زیاترەوە، دانیشتوانی ڕانیە کۆبوونەوە[٣٨]. هێزی بەعسی، لەهەوڵی کۆنترۆڵ کردنەوەی بارودۆخەکەدا بوون، وردە وردە پاشەکشەیان بە هێزی ڕاپەڕیوان

لەسەروبەندی ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و لە ڕاپەڕین بەشدار بووە. ئێستا پلەی عەمیدە و ئامر فەوجە لەنێو وەزارەتی پێشمەرگە، هاوکات بەرپرسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانە-لقی کۆیە. : دیدار لەگەڵ ئەبوبەکر محەمەد حاجی، ناسراو بە مەلا شاخی، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). مەلا شاخی، ساڵی (١٩٥٣) لە گوندی بیرە سپان-پردی/کەرکووک لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨١) بووە بە پێشمەرگە، بەشداری لە زۆربەی شەڕەکان کردووە، زیاتر ڕۆڵی ڕاگەیاندنکاری بینیوە، بەتایبەتی لە وتاردان و بەرزکردنەوەی هورە و ئیرادەی پێشمەرگە.

[٣٨] سەلام حەوێز بەرید: زایەڵەی ڕانیە لە ئایارەوە بۆ ئازار، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، چاپخانەی کشتوکاڵ، ٢٠٠٥، ل ٢٨.

**کرد، لەوکاتەدا هێزێکی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر[٣٩] بەمەبەستی هاوکاری هێزی ڕاپەڕیوان لە (دۆڵێ)وە هاتنە نێو شار و زیاتر فشاریان خستە سەر هێزی بەعسی و لەنێو شار وەدەریان نان[٤٠]. سەرەتای ڕاپەڕین نزیکەی کاتژمێر دەی سەر لە بەیانی دەستی پێکرد، تا کاتژمێر دوو بۆ دووی نیوی دوای نیوەڕۆی خایەند، لەو ماوەیەدا تەوای شارەکە لە هێزی سەربازی بەعسی پاکرایەوە. ئەڵبەتە هێزی پێشمەرگە بەردەوام بوو لە هێرشکردن، واتە بەرەو چوارقورنە بەدوایاندا ڕۆیشتن[٤١].**

[٣٩] ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، ساڵی (١٩٨٧) لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیابۆوە، ساڵی (١٩٩٦) یەکیانگرتەوە. بارەگای سەرەکییان لە قەڵا سەیدە بوو، لە دۆڵی شاورێ، بۆ ماوەی هەشت ساڵ جەلیل گادانی سکرتێر بوو، لەدوتردا حەسەن ڕەستگار بوو بە سکرتێر، دوو مانگ پاش بە بوونە سکرتێری ڕەستگار، حیزب یەکی گرتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جەلیل گادانی: ٥٠ ساڵ خەبات، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، ٢٠٠٤.

[٤٠] دیدار لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧). جەلیل گادانی، ساڵی (١٩٣٤) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان-مهاباد لەدایک بووە، بۆ ماوەی هەشت ساڵ سکرتێری ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بووە. ئێستا کەسایەتی دیاری نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانە و لەکۆیە نیشتەجێیە.

[٤١] دیدار لەگەڵ محەمەد سەعید، ناسراو بە سەنگەر، کۆیە، ڕێککەوتی هەشتی شوباتی (٢٠١٧). سەنگەر، ساڵی (١٩٦٤) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨٢) بووە بە پێشمەرگە، لەڕاپەڕینی ڕانیە و کۆیە و هەولێر و کەرکووک بەشدار بووە. ئێستا پلەی عەمیدە، لەنێو وەزارەتی ناوخۆ.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێنجی ئازار: حاجیاوا

لەهەمان ڕۆژدا، دانیشتوانی ناحیەی حاجیاوا[٤٢]، لەبەرانبەر هێزی بەعسی وەستانەوە و بەهەموو شێوەیەک هەوڵیاندەدا بۆ لەناو بردن و دەرکردنی هێزی بەعس، دانیشتوانی حاجیاوا پێش خەڵکی ڕانیە هاتنە سەر شەقام و نێو کۆڵانەکانەوە، دەوروبەری کاتژمێر هەشت بۆ هەشت و نیو، کۆبوونەوە و بەهەموو شێوەیەک بانگەوازیان کرد و داوایان لەخەڵکی چەکدار کرد، بێنە دەرەوە یاخوود چەکەکانیان بدەنە دەست خەڵکی ڕاپەڕیو[٤٣]، خەڵکی حاجیاوا لە ماوەیەکی کەمدا هێزی بەعسییان بەرەو دەرەوەی حاجیاوا ڕاونا و بەشێکیان کوژران. سەربازانی ڕژێمی بەعس بە ئاراستەی بنکەی سەربازی خۆیان لە نزیک حاجیاوا ڕۆیشتن، لەدواتردا ڕاکردوانی نێو ڕانیەش بۆ هەمان شوێن چوون. لەم نێوەندەدا ژمارەیەک سەرباز کوژرا و بەدیل گیرا و بریندار کرا[٤٤].

---

[٤٢] لەو سەردەم، حاجیاوا کۆمەڵگە بوو، لەلایەن بەعسیەکانەوە دروست کرابوو.

[٤٣] دیدار لەگەڵ حەمەدەمین خدر ئیسماعیل، حاجیاوا، ڕێککەوتی شەشی شوباتی (٢٠١٧). حەمەدەمین خدر، ساڵی (١٩٧٣) لە حاجیاوا لەدایک بووە، یەکێک بووە لە بەشداربووانی ڕاپەڕینی حاجیاوا.

[٤٤] دیدار لەگەڵ ئەحمەد ڕەسووڵ ئەحمەد، کۆیە، ڕێککەوتی شازدەی شوباتی (٢٠١٧). ئەحمەد ڕەسووڵ، ساڵی (١٩٦٨) لە کۆیە لەدایک بووە، لەسەروبەندی ڕاپەڕین لە حاجیاوا بووە و بەشداری ڕاپەڕینی کردوە، لەدواتردا بووە بە مامۆستای شۆڕش، تاکوو ئێستا لە مامۆستایە و لە کۆیە نیشتەجێیە.

شەشی ئازار: چوارقوڕنە

لەدوای بیستنی ڕاپەڕین و ئازادکردنی ڕانیە و حاجیاوا، دانیشتوانی چوارقوڕنەش لە هەوڵی ئەوەدابوون ناوچەکەیان ئازاد بکەن، بەڵام بەهۆی بوونی فرقەی گەورەی هێزی سەربازی کەمتر دەرفەتی ئەوەیان هەبوو ڕاپەڕین. بەڵام، شەوی پێنج لەسەر شەشی ئازار، خۆیان کۆکردەوە و دەستیان بەسەر بازگەی هێزی بەعس داگرت و وردە وردە چوار دەوری گشت هێزی بەعسیاندا، لەو کاتەدا بەشێک لەو هێزە بۆ فرقەی چوارقوڕنە ڕۆیشتن، کە ناوەندی بەعسیەکان بوو[٤٥]، هاوکات ژمارەیەک هێزی بەعسی لە کۆیەوە بەرەو چوارقوڕنە دەچن، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ساردبوونەوە و پاشەکشەی هاوڵاتیان[٤٦]، بەڵکو زیاتر هانیان دەدا بۆ زوو دەرکردن و لەناو بردنی هێزی بەعس، ئەگەرچی چەند فرۆکەیەکی بەعسی بەسەر ناوچەکەدا سووڕانەوە، تۆپبارانی ناوچەکەی کرد و چەند کەسێک بریندار بوون و ژمارەیەکیش گیان لەدەستدا. هێزی ڕاپەڕیوان بەردەوام بوون، هەمان ڕۆژ واتە

---

[٤٥] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧). ڕەهبەر سەید برایم، ساڵی (١٩٥٧) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٧٩) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار بووە. لەڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)دا سەرپەرشتی ئازادکردنی شاری کۆیەی کردەوە. ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، هاوکات بەرپرسی مەڵبەندی چواردەی ڕێکخستنی کۆیەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.

[٤٦] دیدار لەگەڵ محەمەد سەعید.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شەشی ئازار توانیان ناوچەکەیان لە هێزی بەعسی پاک بکەنەوە[٤٧]. لەوە بەدواوە ئەو ناوچەیە کەمتر هێزی بەعسی لێمایەوە، هەمان ڕۆژ چەند فڕۆکەیەک لە بناری کۆسرەت دەنیشێتەوە و ئەمن و بەرپرسە باڵاکانی بەعسی گواستەوە[٤٨].

حەوتی ئازار: ڕاپەڕینی سلێمانی

لەدوای دوو ڕۆژ لە ئازادکردنی ڕانیە، دانیشتووانی شاری سلێمانی لەدژی سەربازانی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕین، لەماوەیەکی کەمدا شارەکەیان لە هێزی سەربازی پاککردەوە، ڕۆژی حەوتی ئازار، واتە ئەو ڕۆژەی کە سەرکردایەتی بۆ ڕاپەڕین دیاری کردبوو، سلێمانی ئازادکرا[٤٩].

هەشتی ئازار: هەڵەبجەی تازە، سەیدسادق، چەمچەماڵ، پیرەمەگرون، عەربەت، زەڕایەن و دوکان

لەدوای ئازادکردنی ڕانیە و چوارقوڕنە و حاجیاوا و بازیان و سلێمانی، هەواڵی ئازادکردن بە زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان گەیشت، ئەمە بووە هۆی زیاتر هاندانی خەڵک تا دانیشتوانی شارە ئازاد نەکراوەکان ڕاپەڕن، ڕۆژی هەشتی ئازار دانیشتوانی هەریەک لە شارەکانی هەڵەبجەی تازە، سەیدسادق،

---

٤٧ دیدار لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

٤٨ دیدار لەگەڵ محەمەد سەعید.

٤٩ مەلا شاخی: ڕاپەڕین و ڕزگاری کەرکوک، چاپخانەی سەفوەت، ب،ش،چ، ل ٢٩.

چەمچەماڵ، پیرەمەگرون، عەربەت، زەڕایەن و دوکان لەدژی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕین و شارەکانیان ئازادکرد، لەو سەروبەندەدا، دانیشتوانی شارەکان، ژمارەیەک کوژرا و برینداریان هەبوو[٥٠].

نۆی ئازار: کۆیە، شەقڵاوە، دەربەندیخان و کەلار ڕاپەڕین

وردە وردە، شارەکانی تری کوردستان خەریکی خۆ ئامادەکردن و لە هەوڵی ڕاپەڕیندا بوون، ڕۆژی نۆی ئازار، دانیشتوانی هەریەک لە شارەکانی کۆیە، شەقڵاوە[٥١]، دەربەندیخان و کەلار ڕاپەڕین، حکومەتی بەعسیان لە شارەکان وەدەرنان و بووە دەروازەیەکیش بۆ ئازادکردنی شاری هەولێر[٥٢]

[٥٠] ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س، پ، ل ٣١٧ تا ٣٢١.

[٥١] دیدار لەگەڵ عەبدولواحید ئیدریس شەرف، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧). عەبدولواحید ئیدریس، ساڵی (١٩٦٥) لە هەولێر لەدایک بووە. لەڕانیەوە بەرەو کۆیە هاتوون، بەمەبەستی بەشداریکردن لە ڕاپەڕین. ئێستا مامۆستای زانکۆی کۆیەیە.

[٥٢] دیدار لەگەڵ مەریوان عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان، ناسراو بە مەریوانی کەریم ئاغا، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧). ساڵی (١٩٦٥) لە نازەنین لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٥) بووە بە پێشمەرگە، لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە. ئێستا بەرپرسی هەیئەی عەمەلیاتی یەکەی هەشتا، بە پلەی لیوا.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەی ئازار: ڕاپەڕینی هەریر، سەلاحەدین، باسرمە، ڕەواندوز، دیانا، خەلیفان، کفری و خانەقین

سەر لەبەیانی ڕۆژی دەی ئازار، دانیشتووانی هەریەک لە شارەکانی هەریر، سەلاحەدین، باسرمە، ڕەواندوز، دیانا، خەلیفان، کفری و خانەقین جموجۆڵیان تێکەوت و دەستیان کرد بە ڕاپەڕین[٥٣]، ئەگەرچی پێشتر بەرنامەڕێژیان بۆ ئەوە ڕاپەڕینە کردبوو، بۆ ئەوەی کەمترین زەرەر و زیانیان بەربکەوێ. هەمان ڕۆژ، شارە ناوبراوەکان، لە ڕژێمی بەعس پاککرانەوە، ئەمەش زیاتر ئازادکردنی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا[٥٤].

یازدەی ئازار: ڕاپەڕینی شاری هەولێر

ڕۆژی حەوتی ئازار، لە ڕانیە کۆبوونەوە کرا، بەمەبەستی پلان و بەرنامە دارشتن بۆ ئازادکردنی شاری کۆیە و هەولێر، لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاری ئازادکردنی شاری کۆیە و هەولێر و شەقڵاوە و سۆران و ڕەواندوز درا. ڕۆژی نۆی ئازار بۆ ئازادکردنی کۆیە و یازدەی ئازار بۆ گرتنی هەولێر دانرابوو[٥٥]، ئەڵبەتە پێشتر شەقڵاوە ئازادکرا، چونکە لەڕووی جوگرافیاوە ناوچەیەکی گرنگ بوو، بۆ هێرشکردنە سەر هەولێر و ئازادکردنی شارەکە، هێزی پێشمەرگە لە قۆڵی شەقڵاوە هێرشی بردە سەر هەولێر، کاتژمێر هەشتی

---

[٥٣] مەلا شاخی: س.پ، ل ٨٠.

[٥٤] ئاراس عبدولرەحمان مستەفا: س.پ، ل ٣٣٦.

[٥٥] ڕەهبەر سەید برایم: سایەی هەیبە سوڵتان، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٨.

بەیانی ڕۆژی یازدەی ئازار، هێزی پێشمەرگە گەیشتنە بازگەی شاوەیسی نزیک هەولێر، دوای ڕووبەڕوو بونەوە و شەڕێکی نیو کاتژمێری تونرا تانکەکانی سوپای عێراق لەوێ تێک بشکێنرێ و هەڵبکوتنە ناو شار و تێکەڵ بە جەماوەری ڕاپەڕیوو بن[٥٦]. دوا نێوەڕۆی هەمان ڕۆژ، کۆتایی بە ڕژێمی بەعس هات، نزیکەی هەزار زیندانی کە زۆربەیان لە جەنگ هەڵاتبوون، لەلایەن هاوڵاتیانەوە ئازادکران، بە ڕزگارکردنی هەولێر ڕێگەی کەرکووک-هەولێر کەوتە ژێر چاودێری هێزی پێشمەرگەوە[٥٧].

دوازدەی ئازار: ڕاپەڕینی ئاکرێ و بەردەڕەش

لەدوای ئازادکردنی شاری هەولێر، دەرفەت بۆ دانیشتوانی خەڵکی ئاکرێ و بەردەڕش کرایەوە، ئەوانیش بەهەمان شێوەیە ڕاپەڕینیان ئەنجامدا. وردە وردە شار و ناوچەکانی کوردستان لە بەعس پاککرانەوە[٥٨].

---

[٥٦] هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا-توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٩٨، ٩٩.

[٥٧] هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٩١)دا "توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیە"، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە حەوت، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧، ل ١١٣.

[٥٨] مەلا شاخی: س.پ، ل ١٠٠، ١٠١.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سێزدەی ئازار: ڕاپەڕینی مەخموور و شێخان و زاخۆ

ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی مەخموور و شێخان و زاخۆ کرابوو، هاوشێوەی شارەکانی دی، شانەی نهێنی بوونیان هەبوو، ڕۆژی سێزدەی ئازار، دانیشتوانی شارەکان تێکڕا لە بەرانبەر هێزی بەعسی وەستانەوە و لە شار دەریانکردن، بەشێکیان بریندار بوون و بەشێکی دی کوژران و هەڵاتن[٥٩].

چواردەی ئازار: ڕاپەڕینی دهۆک

دهۆک، یەکێک بوو لەو ناوچانەی زۆرترین ئەنفالی هەبوو، لە بارودۆخێکی خراپدا بوون. سەرەتا بڕیاربوو، پازدەی ئازار ڕاپەڕین لە دهۆک بکری، بەڵام بەهۆی ڕاپەڕینی زاخۆ و ناوچەکانی دیکەی نزیک دهۆک، هەمان ڕۆژ دانیشتووانی دهۆک ڕاپەڕینیان کرد و شارەکەیان خاڵی کرد لە بەعس و هێزی بەعس[٦٠].

بیست و یەکی ئازار: ڕاپەڕینی کەرکووک

لەماوەی نۆ ڕۆژدا تەواوی شارەکانی کوردستان، لەژێر دەستی ڕژێمی بەعس و سەربازەکانی ئەو ڕژێمە دەرهێنرا. تەواوی پێشمەرگە و بەشی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان لە خەمی ڕزگارکردنی شاری کەرکووک بوو، بەخاتر ئەوەی شوێنێکی گرنگە بۆ کوردستان و ناوچەیەکی فراوانە، بەدرێژایی مێژوو، کورد و

[٥٩] ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س، پ، ل ٣٥٨.

[٦٠] هـ، س، ل ٣٦١.

**عەرەب ئاریشەیان لەسەر هەبووە[٦١]. لەدوای ئازادکردنی دهۆک، چەند جار بڕیاردرا بۆ ئازادکردنی کەرکووک، بەڵام بەهۆی هەڵە و گرفتەوە ڕێکنەدەکەوت[٦٢].**

**هێزی پێشمەرگە لە چەند قۆڵەوە هەوڵیدا بچێتە نێو شاری کەرکووکەوە، لە قۆڵی هەولێر و سلێمانی و تەنانەت خەڵکی کۆیەش لەڕێی تەق تەقە و هەولێر بەرەو کەرکووک بەڕێکەوتن[٦٣]. ئازادکردنی کەرکووک دواکەوت، ڕێککەوتی نۆزدەی ئازار، بەشێک لە گەڕەکە کوردیەکانی کەرکووک ئازادکرا[٦٤]، هاوکات، هێزی پێشمەرگە و چەکدارە کوردەکان، لە دەرەوەی کەرکووک**

[٦١] دیدار لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). مام ئاشتی، ساڵی (١٩٥٤) لە کۆیە لەدایک بووە. لە ڕاپەڕینی زۆربەی شارەکانی کوردستان، لە ڕانیە تا کەرکووک، بەشدار بووە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندار بووە. ئێستا پلەی لیوایە لە نێو یەکەکانی حەفتا.

[٦٢] دیدار لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدوون، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧). نەوزاد کاکەڕەش، ساڵی (١٩٥٤) لە تەق تەق لەدایک بووە، ساڵی (١٩٧٧) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، دوو جار بریندار بووە، ئێستا ڕاوێژکارە لە وەزارەتی ناوخۆ.

[٦٣] دیدار لەگەڵ قاسم حەمەد مەحموود، ناسراو بە قاسمە سوور، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). قاسمە سوور، ساڵی (١٩٦٠) لە کۆیە لەدایک بووە. لەساڵی (١٩٨١) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە، بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری کەرکووک کردووە. ئێستا بە لیوایە خانەنشینە لەنێو وەزارەتی ناوخۆ.

[٦٤] مەلا شاخی: س.پ، ل ١٢٢.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەوڵیاندەدا بچنە ناو کەرکووک و هاوکاری خەڵکی ڕاپەڕیوو بکەن، شەوی بیستی ئازار، بازگەی کەرکووک گیرا، بەمشێوەیە وردە وردە کەرکووک کەوتەوە دەستی کوردەکان[٦٥]. ڕۆژی بیست و یەکی ئازار، زۆربەی گەڕەکەکانی کەرکووک ئازادکرا. ڕۆژی بیست و یەکی ئازار، وەک ڕۆژێکی پیرۆز ئەژماردەکرا، چونکە یەکەم ڕۆژی جەژنی نەتەوەیی کوردە. ئەڵبەتە لەدوای ڕۆژی بیست و یەکی ئازار، چەند ناوچەیەکی دیکە مابوو، ئەوانیش لە ڕۆژانی بیست و دوو و بیست و سێ و بیست و چوار و بیست و پێنجی ئازار ئازادکرا[٦٦].

لەڕاستیدا، ئازادکردنی کەرکووک، زۆری نەخایەند، چونکە ڕژێمی بەعس، بەهەموو هەوڵ و توانایەکییەوە دەیویست ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی کوردان بخاتەوە ژێر دەستی خۆی. لەدوای ئازادکرنی گەڕەکەکانی ناو کەرکووک، هێزی بەعس دەستیکرد بە هێرش کردن و پەلاماردانی کوردەکان و گرتنەوەی

[٦٥] دیدار لەگەڵ سیامەند حەمە ڕەزاق فەتاح، ناسراو بە مام سیامەندە سوور، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و پێنجی شوباتی (٢٠١٧). مام سیامەند،ساڵی (١٩٥٧) لە گوندی تیمارۆک لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨١) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، شەش جار بریندار کراوە. بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی پێشمەرگە کردووە، لە ڕاپەڕین بەشدار بووە. ئێستا پلەی لیوایە لە نێو یەکەکانی حەفتا.

[٦٦] دیدار لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدوون.

ناوچە ئازادکراوەکان[٦٧]. سەرەتا لە کەرکووکەوە دەستیان پێکرد ئەگەرچی بەرگری هەبوو، بەڵام توانای ئەو هێزەی نەبوو. ڕۆژی بیست و هەشتی ئازار، پێنج پێشمەرگەی شاری کۆیە –حیزبی شیوعی–، لە کاتی بەرگری کردن لە کەرکووک شەهید بوون[٦٨]. لەدوای ئەوە وردە وردە هێزی بەعس بەرەو گرتنی ناوچەکانی تر ڕۆیشت و توانی چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستان بگرێ و وێرانکاری و تاڵانکارییەکی زۆری لەبەرانبەر کوردەکان ئەنجامدا و خەڵکێکی زۆر بریندار و شەهید کران[٦٩].

تەنانەت بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان لە ترسی هێرش و تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بەرەو ئێران ڕۆیشتن، بە کۆڕەو ناسراوە[٧٠]. ئەم ترسەش وابەستەبوو بە مێژوو و کردە نەرێنیەکانی حکومەتی بەعس لەبەرانبەر کورد، لە ئەنفال و کیمیاباران و گولە

[٦٧] پشکۆ حەمەتاهیر عەبدلرەحمان: هۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕینی کەرکووک لە ساڵی (١٩٩١)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (NO٣.VOL .٦)، ٢٠١٦، ل٧٥.

[٦٨] دیدار لەگەڵ ئومێد تۆفیق حەمەد، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧). ئومێد تۆفیق، ساڵی (١٩٧٨) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا کارگێری کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستانە و لە کۆیە نیشتەجێیە.

[٦٩] دیدار ئەحمەد ڕەسووڵ ئەحمەد.

[٧٠] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و: حەسەن ڕەستگار، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤، ل ١٨٢.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

باران کردن و لەنێو بردنی کوردان[٧١]. ئەڵبەتە لەڕێی ئێران و کۆڕەودا، بەسەدان هاوڵاتی کوردستان بەهۆی سەرما و برسییەتی و ماندویەتییەوە گیانیان بە شاخەکانی کوردستان سپارد[٧٢].

ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بووە هۆی دڵخۆشی کۆی گشتی کورد، لە هەموو شوێن و جێگایەک، ئەڵبەتە ڕەنگدانەوەی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی زۆری هەبوو، مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، لە شیعرێکدا بەناونیشانی "ڕاپەڕین" دەڵێ:

سالّی ٩١ لە کەژی زستان
کورد گشت ڕاپەڕین گورج و بێ وچان
بەعـــسیان دەرکرد لــە ژوور و لە بان
پاکـــــیان کــردەوە خاکی کوردستان
لە دەســـــت دوژمن و هەموو زۆرداران
کردیـــان بە شایی بەخۆشی و سەیران
دوژمـــــنیان ڕاونا بۆ چـــیای حەمرین
ئێمەی نەوەی کورد بۆ کەم تەرخەمین
هـــێرشی هــــێناوە دوژمـــنی ناپــاک

---

[٧١] عارف قوربانی: شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی سێیەم، چاپخانە و ئۆفیستی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٤٥.
[٧٢] ستیڤان شەمزینی: کۆڕەو ئەو رووداوە گەورەیەی مفەوەزات نابووتی کرد، بڵاوکراوە لە ماڵپەری دەنگەکان.

ئەم جارەش کوردی زۆر خستە ژێر خاک
بـــە تـــــۆپ لــــێیدا لەگــــەڵ تــەیاران
کـــــــورد ئاوارە بوون بۆ خـــاکی ئێران
پیریش دەمـــــــــردن لە برس و سەرمان
قەڵغانـــیش دەیکوشت ئەویـــش بێ وچان
هەتا هـــاتە دەنـــگ هـــــەموو دەوڵـەتان
وتیان دەبــــــــەسە بەعسی برای شەیتان
کـــــورد گەرایـەوە بـــۆ خـــاکی شیرین
لـــــە بەعـــسیاندا بە تـــــوند و بە قین
کــەوتنە دوایان تا بــــابـــەگـــوڕ گوڕ
ئـــــێستاش نازانم کـــــــچ دەبێ یا کوڕ
کـــــــورد دەبـێ بــرابێ ئاخـــر بڕیاری
کـــــــوردە گـــوێ بگرە لە کاکە دیاری[٧٣]

[٧٣] مەلا ڕەسووڵی کانی کوردەیی (دیاری): لە هەواری کانی کوردەوە، بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٤، ل ٤٦.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بەشی دووەم: ڕاپەڕینی شاری کۆیە

## باسی یەکەم: هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆیە

## باسی دووەم: دەستپێکی ڕاپەڕین و ئازادکردنی کۆیە

**باسی یەکەم: هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری کۆیە:**

هاوشێوەی شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان، بڕیاری ئازادکردنی شاری کۆیە و وەدەرنانی هێزی بەعس و جاش و موستەشارەکان درابوو[٧٤]، ئەگەرچی بۆچوون هەبوو، کە ئازادکردنی شاری کۆیە ئاسان نییە[٧٥]. عەلی نەبی لە کۆبوونەوەی شاری ڕانیە وتبووی: (کۆیە ڕزگار ناکرێ)[٧٦].

**ئازادکردنی شاری کۆیە قورسە:**

قسەکەی عەلی نەبی، لەبارەی ئازاد کردنی شاری کۆیەوە، پەیوەندی بەچەند فاکتەرێکە هەیە، ئەمانەن:

یەکەم: لەکاتی ڕاپەڕینی شاری ڕانیە، بەشێک لە هێزی سەربازی بەعس، بە سەرپەرشتی قاسم ئاغا، لە شاری کۆیەوە بەرەو ڕانیە چووبوون، بەمەبەستی هاوکاری کردنی ڕژێمی بەعس. ئەمە پابەندبوونی موستەشارەکانی ئەو سنوورەی بە ڕژێمی بەعسەوە نیشاندابوو[٧٧].

دووەم: لەدوای ناردنی نامەی سەرکردایەتی بۆ جاش و موستەشارەکان، بەشێکیان ئامادەنەبوون بگەڕێنەوە ناو بەرەی

---

[٧٤] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم.

[٧٥] چونکە، موستەشار و جاشەکانی ناو کۆیە، خۆیان بەدەستەوە نەدەدا. ماوەیەک پێشتریش هەوڵیاندابوو ڕاپەڕین بکرێ، بەڵام بەماوەیەکی کەم کپکرابۆوە.

[٧٦] ڕەهبەر سەید برایم: س، پ، ل ٢٧.

[٧٧] دیدار، لەگەڵ محەممەد سەعید.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کوردستانی و هاوکاری خەڵکی بکەن، لەپای ئەمەدا بەرەی کوردستانی لێیانخۆش دەبوو. واتە زیاتر وابەستەی ڕژێمی بەعس بوون[٧٨].

سێیەم: زۆربەی ئەو هێزە سەربازیانەی لە دەڤەری بیتوێن و پشدەر پاشەکشەیان کردبوو، بەرەو کۆیە هاتن و لە ئامریە نیشتەجێببوون. کۆیە بوو بە ناوچەیەکی فراوانی سەربازی ڕژێمی بەعس، ڕێژەیەکی زۆر سەرباز لەوێدا بوونی هەبوو[٧٩].

چوارەم: بەر لە ڕاپەڕین بەشێک لەدانیشتوانی شاری کۆیە، ڕاپەڕینیان کردبوو، لەبەرانبەر ئەوەدا زۆر بە توندی بەرپەچدرابوونەوە و زوو کۆتاییان بە ڕاپەڕینەکە هێنابوو[٨٠].

## هاتنی مەفرەزە پارتیزانەکان بۆ کۆیە:

لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بڕیاردرا، چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی ڕەوانەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بکرێ، بەمەبەستی گەیاندنی نامەکانی مەکتەب سیاسی بۆ موستەشار و جاش و مەفرەزە خاسەکان، بۆ ئەوەی هاوکاری و هەماهەنگی

---

[٧٨] دەستنووسی کامەڕان بابانزادە.

[٧٩] دیدار لەگەڵ ئەسوەد شەفیق حەمەدەمین، ناسراو بە ئەسوەدی حاجی مەلا، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧). ئەسوەدی حاجی مەلا، ساڵی (١٩٦٧) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨٢) بووە بە پێشمەرگە، ئێستا بە پلەی عەمید بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆیەیە.

[٨٠] ڕەهبەر سەید برایم: س، پ، ل ٢٧.

لەگەڵ پێشمەرگە بکەن. هاوکات، پێشمەرگە دێرینەکانیان لە ڕاپەڕین ئاگادار کردەوە و پەیوەندی بەهێزتریان لەگەڵ شانە چەکدارەکانی بروسک بەست[٨١]. ڕۆژی نۆزدەی شوباتی ساڵی (١٩٩١) مەفرەزە پارتیزانەکان لە زەڵێ بەڕێکەوتن، هەریەک لە (مامۆستا باپیر، مامۆستا زیرەک، ئاشتی سابیر میرە، سەباح بەکر مەلا، کامەڕان ئەحمەد، فریاد قەسرۆکی، شێروان حەسەن تەها، حەمەهەڵدێر، بورهان شەوگێری) بۆ کۆیە دیاریکرابوون[٨٢]، (دڵزار عەلی، ئەنوەر ڕەسووڵ، مەلا جەمال حاجی عەلی، هەڵۆ ڕەش، برایم عوسمان، شێخ کەریم کاولانی) بۆ تەق تەق دیاریکرابوون، ئەو پێشمەرگانە بە ژاراوە و بەستەستێن و سەنگەسەردا هاتبوون، لە ماڵی (عەولا تەها) لە حاجیاوا لایاندابوو و خۆیان وشک کردبۆوە[٨٣]، ئەو مەفرەزەیە جیهازێکی راکاڵیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. لە قەمتەران، لای ماڵی (مام

---

[٨١] دیدار لەگەڵ شۆڕش مستەفا ڕەسووڵ، ناسراو بە شۆرش حاجی، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧). شۆرش حاجی، ساڵی (١٩٥٨) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٧٦) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە. ئێستا وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕانە.

[٨٢] دیدار لەگەڵ محەمەد حەسەن عومەر، ناسراو بە حەمەهەڵدێر، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧). حەمەهەڵدێر، ساڵی (١٩٦٢) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨٣) بووە بە پێشمەرگە، ئێستا بە پلەی عەمید لە وەزارەتی ناوخۆیە.

[٨٣] زستانی ساڵی (١٩٩١)، زستانێکی زۆر سارد و سەرما بوو، تا مانگی نیسان، باران و ساردی بوونی هەبوو. ئەو پێشمەرگانە لە ڕێگادا گشت گیانیان تەڕ ببوو.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

قادر تیمارۆکی) مابوونەوە و پێوەندیان بە سەرکردایەتییەوە کرد. لەدواتردا پەیوەندیان بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەوە کرد، ئەوان لە نزیک کۆیە نیشتەجێن و ئامادە و هۆشیار بن[84]. ئەو مەفرەزە پارتیزانییە گەیشتبوونە کۆیە و تەق تەق.

لەدواتردا ئەو مەفرەزە نۆ کەسییە لە سەر شاخی هەیبەت سوڵتان، بەدیوی چنارۆک بنکەیان دانا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە، لەو ماوەیەدا بەردەوام لە پەیوەندی دابوون –جیهازە ڕاکاڵەکە لە قەمتەران بووە، بۆ پەیوەندی کردن دەچوونە قەمتەران–، بەتایبەت لەگەڵ سەرکردایەتی و دەڤەری بیتوێن و پشدەر.

ئەو هێزە پارتیزانییە، لەگەڵ قۆڵی پێشمەرگەکانی مامۆستا چەتۆ یەکیان گرتەوە. ئەگەرچی ئەمانە گەیشتنە کۆیە، بەڵام ئەوانی دیکە گەڕانەوە قەمتەران[85].

## هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆیە:

ڕۆژی هەشتی ئازار، بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی لە باغی گشتی ڕانیە کۆبوونەوەیەک کرا، بەمەبەستی ئازادکردنی

[84] دیدار لەگەڵ کۆچەر عەبدوڵڵا عەلی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). کۆچەر عەبدوڵڵا، ساڵی (١٩٦٥) لە حاجی قەڵا-دەشتی کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨١) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتی دوو جار بریندار بووە، ئێستا جێگر مەڵبەندی پێشمەرگەیە

[85] دیدار لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە.

کۆیە و شەقڵاوە و هەولێر و سۆران و ڕەواندوز. لەوێ بڕیاردا، ڕەهبەر سەید برایم و مامۆستا چەتۆ، سەرپەرشتی و بەرپرسیاریەتی ئازادکردنی شاری کۆیە لە ئەستۆ بگرن و بە دوو قۆڵ بەرەو شاری کۆیە بێن[٨٦]:

## قۆڵی یەکەم:

بەسەرپەرشتی ڕەهبەر سەید برایم و ژمارەیەک پێشمەرگە بە چنارۆکی بڵباسان سەربکەون و بە میرسەید و فەقێیان و حەمامۆک شۆڕبنەوە بۆ ناو کۆیە. هێزەکانی ئەم قۆڵە لە ڕێگا، نزیک بێستانە-ڕێگای دۆڵی سماقولی، کۆبوونەوەیان کردبوو، ئێوارەی هەمان ڕۆژ بە پێشڕەویی و چاو ساغی شەهید کامەڕان ئەحمەد بەرەو چنارۆکی بڵباسان بەڕێکەوتبوون، نزیکەی هەشتا بۆ سەد پێشمەرگە دەبوون. لە کەش و هەوایەکی سارد و باراناویدا خۆیان گەیاندبووە چنارۆکی بڵباسان[٨٧]، یەکەم کەس

[٨٦] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم. : دیدار لەگەڵ چەتۆ ڕەوف محەمەد، ناسراو بە مامۆستا چەتۆ حەویزی، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). مامۆستا چەتۆ، ساڵی (١٩٥١) لە کۆیە لەدایک بووە. لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری کردووە، سەرپەرشتی ئەو هێزەی دەکرد، کە لە ڕێگەی چنارۆک بۆ هەیبەت سوڵتان و گەڕەکی ئازادی دەهاتن. ئێستا خانەنشینی ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە. لە هەولێر دادەنیشێ.

[٨٧] هێزەکانی حکومەتی بەعسی، لەسەر شاخی هەیبەت سوڵتان بوونیان هەبوو، بەڵام هیچ هێزێکیان لە چنارۆکی بڵباسان نەبوو، لەبەرئەوە گرفتی زۆریان بۆ دروست نەبوو.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شەهید جەوهەری ناسکە گەیشتبووە ئەم دیو شاخی کۆیە، وردە وردە کۆی گشتی پێشمەرگەکان گەیشتبوونە دیوی شاخی کۆیە. لەم سەروبەندەدا دەستڕێژی گوللە لەلایەن هێزەکانی بەعسی بە ئاراستەی پێشمەرگەکاندا کرابوو[٨٨]. لەدواتردا شۆڕبوونەوە، کاتژمێر یازدەی شەو گەیشتنە حەمامۆک. لەکاتی گەیشتنیان بە حەمامۆک، پەیوەندییان بە شانە نووستووەکانی ناو شاری کۆیە و شانە چەکدارەکانی بروسک کردبوو[٨٩].

لە گەڕەکی حەمامۆک، کۆبوونەوە لەگەڵ شانە نهێنییەکان کرا، بۆ ئەوەی بە زووترین کات و کەمترین زەرەر و زیان، کۆیە ئازاد بکرێ و ڕژێمی بەعس لە شار وەدەرنێن[٩٠]. ئەڵبەتە چەند بنکەیەکی سەربازی ڕژێمی بەعس لە نزیک حەمامۆک بوونی هەبوو، لەدوای پەیوەندی کردن بە بنکە سەربازییەکان، هەردوو دوو بنکە سەربازییەکە شوێنی خۆیان بۆ پێشمەرگە بەجێهێشتبوو[٩١]. لەدوای نەمانی ئەو بنکە سەربازییانە، دەرفەتی هاتووچۆکردنی خەڵک و پێشمەرگە و شانە نهێنییەکان بۆ ناو شار

---

[٨٨] دیدار لەگەڵ محەمەد سەعید.

[٨٩] دیدار لەگەڵ ئەسوەدی حاجی مەلا.

[٩٠] دیدار لەگەڵ کوردە عومەر عەبدوڵلا. لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). کوردە عومەر، ساڵی (١٩٦١) لە کۆیە لەدایک بووە. بەهۆی بەشداری سیاسی سێ جار دەستگیرکراوە و بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی کراوە، ئێستا بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە.

[٩١] دیدار لەگەڵ حەمەهەڵدێر.

ئاسانتر بوو. هاوکات، حیزبی شیوعی کوردستان، بەسەرپەرشتی (کانەبی گەورە) ڕۆڵییان هەبوو[٩٢].

**قۆڵی دووەم:**

بەسەرپەرشتی مامۆستا چەتۆ، نزیکەی سەد پێشمەرگە بوون، بە هاوینەهەواری چنارۆکدا سەربکەون و لە هەیبەت سوڵتان شۆرببنەوە بۆ گەڕەکی ئازادی و گەڕەکی گردی جوان. لەدوای بەڕێکەوتنیان لە ڕانیە بەرەو هەیبەت سوڵتان و کۆیە، بەهۆی سارد و سەرمایی زۆر، بارانی زۆر و کڕێوە و تاریکی و نەشارەزایی ڕێگەی چنارۆک-هەیبەت سوڵتان هەڵە دەکەن[٩٣]، لەبەرئەوە دەگەڕێنەوە بۆ قەمتەران[٩٤]، لەو ناوەدا حەوت پێشمەرگە پەکی دەکەوێ. بۆ ڕۆژی دواتر، پێشمەرگەکانی ئەو قۆڵە، واتە ڕۆژی نۆی مانگ بەهەمان ڕێگادا دەگەنە کۆیە[٩٥]. بەڵام پێشمەرگە پارتیزانەکان، کە لە سەرەوە ناومان هێنان، هەمان شەو گەیشتبوونە کۆیە.

[٩٢] دیدار لەگەڵ نەریمان ئەحمەد ڕەشید، ناسراو بە دوکتۆر نەریمان، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧). دوکتۆر نەریمان،ساڵی (١٩٥١) لە پێبازۆک لەدایک بووە. ساڵی (١٩٦٨) بووە بە پێشمەرگە، ئێستا لەکۆیە دادەنیشێ.

[٩٣] دیدار لەگەڵ مامۆستا چەتۆ حەوێزی

[٩٤] دیدار لەگەڵ عەبدولواحێد ئیدریس

[٩٥] مەلا شاخی: س، پ، ل ٣٥.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## نامەی سەرکردایەتی بۆ جاش و موستەشارەکان:

لەدوای بڕیاردانی ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و ئازادکردنیان، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەتایبەت نەوشیروان مستەفا، نامەی بۆ زۆربەی جاش و موستەشار و فەوجە خەفیفەکان نارد[96]، سەرەتا لە بیتوێن و پشدەرەوە دەستیان پێکرد، لەدواتردا بۆ سلێمانی و عەربەت و هەولێر و بادینان. لەنامەکاندا هاتبوو: (لوولەی تفەنگەکانتان ئاراستەی دوژمن بکەن، وەرنە بەرەی گەل، ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆتانە، لەکاتێکی هاوشێوەدا، ئێمە چاوپۆشی لە هەموو کارێکی خراپی ڕابردووتان دەکەین و لێتان خۆش دەبین). ئەو نامانە لەڕێگەی پێشمەرگە پارتیزانەکانەوە نێردرانە ناو شار و گەیەندرایە دەست جاش و موستەشار و فەوجە خەفیفەکان، یەکێک لەو کەسانەی نامەکانی لە قاسمەڕەشەوە بۆ شاری کۆیە هێنا شەهید جەوهەر ناسکە بوو[97]، مەمەند ناسکەی برای نامەکانی گەیاندە دەست کەسە دیاریکراوەکان[98].

[96] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم.

[97] دیدار لەگەڵ شۆرش حاجی.

[98] دیدار لەگەڵ مەمەند حەوێز حەمکوڵ، ناسراو بە مەمەند ناسکە، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). مەمەند ناسکە، ساڵی (١٩٥٦) لە قەسرێ-دەشتی کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە، ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینە.

هاوکات، ئاشتی سابیر میرە، نامەی هێنا[99] ئەحمەد شەریف، لەکۆیە نامەی داوەتە دەست زاهیر ئاغا[100]. هەروەها، لەڕێگەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران -کە بارەگاکانیان لە عێراق بوو- کاغەزی ئیستیخباراتیان لابوو، سەیارەکانیان نەدەپشکنرا، نامە و نامەکاری لە نێوان سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی ناو شار هەبوو[101].

## هەڵوێستی جاش و موستەشارەکان

زۆربەی جاش و موستەشارەکان، نامەکانیان قبوڵ کرد، تەنیا قاسم ئاغا نامەکەی قبوڵ نەکرد و بەرگری زۆری کرد و لەڕادەبەدەر تەقەی کرد[102]. هەریەک لە (زاهیر ئاغا، فەرماندەی فەوجی خەفیفە "مستەشار"، میرزا کۆیی "میرزا سمایل"،

---

[99] دیدار لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە.

[100] دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەریف حەمەد، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). ئەحمەد شەریف، ساڵی (١٩٣٩) لە گوندی گۆمەشین-دەشتی کۆیە لەدایک بووە. ئێستا کارگێری ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتی کۆیەیە.

[101] دیدار لەگەڵ ئیبڕاهیم قادر ئێبڕاهیم، ناسراو بە ئیبڕاهیم زێوەیی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). ئیبڕاهیم زێوەیی، ساڵی (١٩٦٢) لە گوندی زێوەی-سەردەشت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨١) بووە بە پێشمەرگە. یەکێک بووە لە هاوکارانی پێشمەرگە لەئاڵوگۆڕکردنی نامە لەنێوان شار و شاخ. ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و و نوێنەری حیزبە لە هەولێر.

[102] دیدار لەگەڵ نەریمان ئەحمەد.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**فەرماندەی فەوجی سێ سەدییەکان، مام یەحیا فەرماندەی فەوجی خەفیفە "مستەشار")[103]، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ڕێککەوتن، مام یەحیا،ماڵەکەی خۆی ڕادەستی پێشمەرگە کرد و چووە ڕێزی پێشمەرگەوە[104]. زاهیر ئاغا، وتبووی نزیک ماڵم مەکەونەوە، تەقەتان لێناکەم[105]. میرزا کۆیی، یارمەتی پێشمەرگەی دابوو، هاوکاری باشی کردبوون، لە گرتنی شاخی هەیبەت سوڵتان[106]. ڕۆژی نۆی ئازار، هەریەک لە ڕەهبەر سەید برایم، حەمەهەڵدێر، هێدی مامەند ئاغا، شێروان کاکەزیاد و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە بەرەو ماڵی میرزا کۆیی ڕۆیشتن، چونکە پێشتر ڕێککەوتنیان لەگەڵ کردبوو، بەڵام بەر لە گەیشتنی ئەو مەفرەزە پێشمەرگەیە لەلایەن چەکدارانی ماڵی میرزا کۆیی تەقەیان لێکرابوو، هێدی مامەند بریندار دەبێ[107]. لەمبارەیەوە ڕەهبەر سەید برایم، دەڵێ: چەکدارەکانی ماڵی میرزا کۆیی نەیانزانیبوو ئێمە پێشمەرگەین،**

---

[103] هۆشمەند عەلی مەحمود: س.پ، ل ٢٨٩.

[104] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم.

[105] هۆشمەند عەلی مەحمود: س.پ، ل ٢٨٩.

[106] دیدار لەگەڵ میرزا سمایل شەریف، ناسراو بە میرزا کۆیی، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). میرزا کۆیی، ساڵی (١٩٤٨) لە قەسرێ-دەشتی کۆیە لەدایک بووە. ئێستا پلەی لیوایە لەیەکەکانی هەشتا.

[107] دیدار لەگەڵ هێدی مامەند ساڵح، ناسراو بە هێدی مامەند ئاغا، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧). هێدی مامەند ئاغا، ساڵی (١٩٥٩) لە کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی (١٩٧٨) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا پێنج بریندار بووە. ئێستا بە پلەی عەمید لە وەزارەتی پێشمەرگەیە.

بۆیە تەقەیان لێکردبن[١٠٨]. میرزا کۆیی، دەڵێ: چەکدارەکانمان واتێگەیشتبوون ئەو هێزە هێزی سەربازی بەعسییە، بە ڕێککەوتنی نێوان ئێمە و پێشمەرگەیان زانیووە، هاتوون بۆ دەستگیرکردنمان.

## باسی دووەم: دەستپێکی ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کۆیە:

بەر لە ڕاپەڕین، شانەی چەکداری بەنێوی (بروسک) لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان دروستکرا، بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندیان لەگەڵ سەرکردایەتی هەبوو. پێش ڕاپەڕین و لەدوای بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینی ڕانیە، ئەو شانە نهێنیانە لەهەوڵی ئاگادارکردنەوەی دانیشتووانی شاری کۆیە بوون، خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕاپەڕین و ئامادەیی بەردەوامیان تێدابێ، ئەو شانەیە بەشێوەیەکی نهێنی کارەکانیان جێبەجێ کرد، لەڕێگەی سەردانیکردنیان بۆ لای دۆست و هاوڕێیان و کەسانی باوەڕپێکراو.

## شانە چەکدارەکانی بروسک:

شانە چەکدارەکانی بروسکی کۆیە، ئەمانەن بوون: (وریا مەلا ساڵح، سەفین عومەر، مامۆستا لادێ، ئەسوەدی حاجی مەلا، نامیق حاجی مەلا، عەلی قادر جەرجیس، شێرە خەپە، مام هەژار مەغدید، کاوە گجیل، وەستا دانا، دەشتی حەمەدەمین، شەهید کاوە حەمەشەل، نەریمان ئەحمەد، کۆچەر عەبدوڵڵا، مشیری جیهاز، وشیار حاجی قەڵایی، فایەق عومەر، کوردە عومەر، ئەنوەر

---

[١٠٨] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

عەزیز)[١٠٩] لەگەڵ بوونی شانەی نهێنی بەمەبەستی بانگەواز و ئاگادارکردنی خەڵک، شانەی نووستووی چەکداری هەبوو، مەبەست لەو شانە چەکدارییانە، هاوکاری و هەماهەنگی پێشمەرگە و خەڵک بوو. (٣٧) شانەی چەکداری لە کۆیە هەبوو، ئەمانە لە شانەکانی بروسک و پێشمەرگە پێکهاتبوو[١١٠]. زۆرجار، لە ماڵی ئەسوەدی حاجی مەلا، کۆبوونەوەیان دەکرد، ئەم شانانە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو، لە ئازادکردنی شاری کۆیە[١١١].

## بانگەواز بۆ ڕاپەڕین:

دەنگ و باسی گەیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو کۆیە، لەناو شارەکەدا بڵاوببۆوە، مقۆمقۆ و ترس و دڵەڕاوکێ هەبوو. سەر لە بەیانی ڕۆژی نۆی ئازار، لە بڵندگۆی چەند مزگەوتەوە بانگەواز کرا، بەمەبەستی ئاگادارکردنی خەڵکی شارەکە و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە.

بەیانی ڕۆژی نۆی ئازار، پشتیوان کاکل لەڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتی گەورە بانگەوازی کرد، "شاری کۆیە دەستیکردوە بە

---

[١٠٩] دیدار لەگەڵ کۆچەر عەبدوڵلا عەلی. : دیدار لەگەڵ دەشتی حەمەدەمین نەجیم، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). دەشتی حەمەدەمین، ساڵی (١٩٥٤) لە کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە. ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینە لە وەزارەتی پێشمەرگە.

[١١٠] ڕەهبەر سەید برایم: س، پ، ل ٢٧.

[١١١] دیدار لەگەڵ ئەسوەدی حاجی مەلا.

ڕاپەڕین"، داوای لە هاوڵاتیانی شارەکە کردبوو، بەشداری ئەو ڕاپەڕینە بکەن، بۆ ماوەی پێنج خولەک بەم شێوەیە قسەی کردبوو، (خوشک و برایانی شاری کۆیەی خۆشەویست، هاوڵاتیان، برا چەکدارەکانی سەر بە حکومەت، داواتان لێدەکەین لوولەی تفەنگەکانتان ڕوو لە دوژمن بکەن، برا پێشمەرگەکانمان هاتنە شاری کۆیە و بەعس قڕانە، دایک و خوشک و برایانی پێشمەرگە و شەهیدان، چی دیکە قبوڵ مەکەن، ڕژێمی بەعس بمانچەوسێنێتەوە). لەکاتی ئەو بانگەوازەدا، بە سەدان فیشەک ئاراستەی بڵندگۆی مزگەوتەکە کرابوو[112]. هاوکات، خەڵکی دیکە لەهەمان مزگەوت بانگەوازی کردبوو. سەرهەد تۆفیق، لەڕێگەی هەمان بڵندگۆوە وتبووی: (جەماوەری شاری کۆیە، ڕاپەڕینە ڕاپەڕین، چەکدارە کوردەکانی ڕژێمی بەعس، جاش و موستەشارەکان، ئێمە برای یەکدین، لوولەی تفەنگەکانتان ڕوو لە دووژمن بکەن، بەشداری ڕاپەڕین بکەن...) لەدواتردا، شیعری خوێندرایەوە[113]. ئەڵبەتە، خەڵکی شاری کۆیە بە هوتاف کێشان و

[112] دیدار لەگەڵ پشتیوان کاکل عەبدوڵڵا، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧). پشتیوان کاکل، ساڵی (١٩٦٩) لە کۆیە لەدایک بووە. لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە، لەڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتەوە بانگەوازی کرد.

[113] دیدار لەگەڵ سەرهەد تۆفیق مەعروف، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧). سەرهەد تۆفیق، ساڵی (١٩٦٣) لە بۆڵقامیش لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨١) بووە بە پێشمەرگە، لە ڕاپەڕین یەکێک بوو لە کادیرانی حیزبی



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەدەرگا دانی گەڕەکەکانی شاری کۆیە، خەڵکیان ئاگادار کردەوە[114]. ماڵ بە ماڵ لە دەرگا دەدرا و داوایان لە خەڵک کردبوو، بێنە دەرەوە و بەشداری ڕاپەڕین بکەن.

## دابەشبوونی هێزەکانی پێشمەرگە، بەسەر شوێنەکان:

لەدوای گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناو شاری کۆیە و کۆبوونەوەیان لەگەڵ شانە چەکدارییەکان، بەمەبەستی گرتن و ئازادکردنی بنکە و ناوەندە سەربازییەکانی ڕژێمی بەعس، بەسەر چەند بەش دابەش بوون، بەمشێوەیە:

### بەشی یەکەم:

لەو فەرماندە و پێشمەرگانە پێکهاتبوون، (ڕەهبەر سەید برایم، مامۆستا وریا ساڵح، نامیق حاجی مەلا، هەژار مەغدید، مامۆستا باپیر بەکر باپیر، کامەڕان ئەحمەد، محەمەد حەسەن "حەمە هەڵدێر"، مەجیدی مەلا فەتاح، لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی شیوعی)[115] ئەمانە ئەرکی گرتن و ئازادکردنی سەرا و دەزگای ئەمنیان لە ئەستۆ بوو. هەروەها، پێویست بوو بچنە ماڵی

---

شیوعی. ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزگاری هەولێر.

[114] دیدار لەگەڵ عیماد کەریم مەجید، ناسراو بە عیماد غەفوری، بەشداربووی ڕاپەڕین، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧)، عیماد غەفوری، ساڵی (١٩٦٨) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنیشێ.

[115] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم. : دیدار لەگەڵ حەمەهەڵدێر.

جاش و موستەشارەکان، کە پێشتر نامەیان بۆ ڕەوانە کرابوو[١١٦]. سەردانی ماڵی مام یەحیا و میرزا کۆیی-یان کرد، بەهاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیووی شار، ناوچەکانیان ئازاد کرد[١١٧]. پێشمەرگەکانی ئەم قۆڵە، زیاتر خەریکی ڕێکخستن و پەیوەندی بوون بۆ ئەوەی بە زووترین کات کۆیە ئازاد بکری. تا گەیشتنە ئەمن و سەرا، خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری کۆیە، هێرشی کردبوو و ناوچەکانیان ئازاد کردبوو.

## بەشی دووەم:

لەو فەرماندە و پێشمەرگانە پێکهاتبوون، (مامۆستا زیرەک خدر، حارس بۆڵی، مەلا خدر بۆڵی، کاوە جەمال، فریاد قەسرۆکی، ژمارەیەک پێشمەرگەی دەڤەری بیتوێن و ناوچەکانی دیکە)، ئەمانە ئەرکی گرتن و ئازادکردنی بنکە سەربازییەکانی ئیسکان و جەوهەرئاوا و ئامریەیان لە ئەستۆ بوو.. ڕەبیە و بنکە سەربازییەکانی ئەو ناوچەیە، لەلایەن ئەم قۆڵەوە ئازادکرا و سەربازانی ڕژێمی بەعسی پاشەکشەیان کرد، بنکە سەربازییەکان کەوتنە ژێر دەستی پێشمەرگە. لەو سەروبەندەدا، سەیارەیەکی پڕ لە تەقەمەنی لە قلعەوە بەرەو هەیبەت سوڵتان وەڕێ کەوتبوو، بەمەبەستی بەرگری کردن و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و خەڵک. لەلایەن پێشمەرگەکانی ئەو قۆڵەوە ڕووبەڕووی ئەو سەیارە

[١١٦] دیدار لەگەڵ هێدی مامەند ئاغا.
[١١٧] دیدار لەگەڵ میرزا کۆیی.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بوونەوە و نەقیبێک لەناوبرا و شۆفێری سەیارەکەش بریندار بوو. دواتر، هێزێکی دی ڕژێمی بەعس، لە ئامریەوە بەرەو ناو شار هاتن، لەڕێگادا لەلایەن پێشمەرگەکانی ئەو قۆڵەوە ڕووبەڕوویان بوونەوە، سەیارەی ئامرەکە بەجێما، کە جیهازێکی ڕاکاڵی تێدابوو[118].

**بەشی سێیەم:**

لە پێشمەرگانەکانی ناو شانە چەکدارییەکانی بروسک پێکهاتبوون، لە سەرەوە ناویان هاتووە، ئەوانە ئەرکی ئازادکردن و گرتنی مونەزەمەیان[119] لە ئەستۆ بوو[120]. هاوکات، خەڵکێکی زۆری شاری کۆیە بەشداریان لە گرتن و ئازادکردنی مونەزەمە کرد.

**بەشی چوارەم:**

لەو فەرماندە و پێشمەرگانە پێکهاتبوون، (ئاشتی سابیر میرە، کۆچەر عەبدوڵڵا، وشیار حاجی قەلایی، بورهان سەلام، شێروان حەسەن، ئەنوەر عەزیز، مشیری جیهاز، سەباحی بەکر مەلا)، ئەمانە ئەرکی گرتن و ئازادکردنی گەڕەکی ئازادی و گردی جوان-یان لە ئەستۆ بوو[121]. هاوکات، بەشێک لە زنجیرە شاخی هەیبەت

[118] دیدار لەگەڵ مامۆستا زیرەک خدر.

[119] مونەزەمە-ڕێکخستن.. دەبێتە شوێنی ئێستای مەڵبەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

[120] دیدار لەگەڵ ئەسوەدی حاجی مەلا.

[121] دیدار لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە.

سوڵتان، لە ئەستۆی حیزبی شیوعی بوو، ملازم شێرزاد یەکێک بوو لە فەرماندەکانی ئەو حیزبە، لەو سەروبەندەشدا، سێ پێشمەرگەی حیزبی شیوعی لە سەرمان ڕەق بوونەوە[١٢٢]. ئەو هێزەی بۆ گەڕەکی ئازادی و گردی جوان دیاریکرابوون، بە هەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکان دەستیان کرد بە هێرش کردن[١٢٣] چەند جارێک هێرش دەکرایە سەر بنکە سەربازییەکان و پاشەکشە دەکرا[١٢٤] لەدوای نیوەڕۆ میرزا کۆیی بەمەبەستی هاوکاری چووە قۆڵی ڕزگارکردنی هەیبەت سوڵتان و گردی جوان[١٢٥] میرزا کۆیی و ئاشتی سابیر میرە، چوونە سەر شاخی هەیبەت سوڵتان و سەرباز و بارەگا و بنکە سەربازییەکانیان چۆڵکرد، تەنیا لەڕێی قسەکردنی میرزاوە[١٢٦] لە شەودا ئەو ناوچەیە ئازادکرا و سەربازەکان ڕۆیشتن[١٢٧].

---

[١٢٢] دیدار لەگەڵ نەریمان ئەحمەد ڕەشید،

[١٢٣] دیدار لەگەڵ کاوە مەمەند فەرەج، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧). کاوە مەمەند ساڵی (١٩٧٧) لە کۆیە لەدایک بووە، لەڕاپەڕینماڵیان لە گەڕەکی ئازادی بووە. ئێستا لێپرساوی یەکەی کۆیەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە.

[١٢٤] دیدار لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە.

[١٢٥] دیدار لەگەڵ کۆچەر عەبدوڵلا.

[١٢٦] دیدار لەگەڵ میرزا کۆیی. : دیدار لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە.

[١٢٧] دیدار لەگەڵ کۆچەر عەبدوڵلا.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشی پێنجەم:

لەو فەرماندە و پێشمەرگانە پیکهاتبوون، (جەوهەری ناسکە، جەعفەر حەمەدەروێش، سیامەندە سوور، دەشتی حەمەدەمین)، ئەمانە ئەرکی گرتن و ئازادکردنی قشڵەی کۆیەیان لە ئەستۆ بوو، کە شوێنێکی زۆر ستراتیژی و فراوانی بەعسیەکان بوو، قەڵا و پشت پەنای حکومەت بوو[١٢٨].

## بەشی شەشەم:

لەو فەرماندە و پێشمەرگانە پێکهاتبوون، ( تۆفیق کانی وەتمانی، سەفین عومەر، ئەسوەدی حاجی مەلا)، ئەمانە ئەرکی گرتن و ئازادکردنی مەنزومەی ئیتسیخباراتیان پێ سپێردرابوو[١٢٩].

## گرتنی قشڵەی کۆیە[١٣٠]:

قشڵەی کۆیە، ناوەندێکی فراوانی بەعسیەکان بوو، بەمەبەستی گرتنی قشڵە، بیست بۆ بیست و پێنج کەس دیاریکرابوو، لەوانە (شەهید جەعفەر حەمەدەڕوێش، شەهید جەوهەری ناسکە، شەهید

---

[١٢٨] دیدار لەگەڵ دەشتی حەمەدەمین.

[١٢٩] دیدار لەگەڵ تۆفیق کانی وەتمانی.

[١٣٠] قشڵەی کۆیە، قەڵایەکی فراون و گەورەی عوسمانییەکان بووە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدە بەمەبەستی پارێزگاری و بەهێزبوونی شوێنی خۆیان دروست کراوە.. لەسەردەمی بەعسییەکان، ناوەندێکی فراوان و گەورەی سەربازانی بوو، کە دەکەوێتە سەر گردێکی بەرزی ناو شاری کۆیە، دەڕوانێتە سەر شاری کۆیە، گرتن و ئازادکردنی ئاسان نەبوو.

محەمەد عەبدوڵڵا "حەمە نەوتە"، شەهید محەممەدی مام کوێخا، شەهید ئەنوەری ناسکە، مەمەند ناسکە، دەشتی حەمەدەمین، مەولود مام قلینجی، مام سیامەندە سوور، غەفوور حەمەغەریب، مەجید حەمەغەریب، فایەق مام ڕەشید، عومەر ڕیشە، رزگار کوردە، فایەق عومەر، حەمیدی قالەدزەیی)[١٣١] و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە. ئەو پێشمەرگانە لە بەرەی ڕۆژئاوای قشڵە – لای گۆڕستانی کەکۆن "قشڵە"– سەرکەوتن، سەرەتا، شەهید جەوهەر ناسکە و شەهید ئەحمەد کانی وەتمانی شەهید ئەنوەری ناسکە و دەشتی حەمەدەمین و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە، بەمەبەستی گرتنی قشڵەی کۆیە، هێرش دەکەن، لەکاتی هێرش بردن فیشەک بەر سینگی شەهید جەوهەر ناسکە دەکەوێ و لە پشتی دێتەوە دەرێ، واتە عاموودی پشتی دەگرێ[١٣٢]، لەدوای ئەوە، پێشمەرگەکان بۆ دواوە دەکشێنەوە، تەنیا شەهید ئەحمەد کانی وەتمانی لای شەهید جەوهەر دەمێنێتەوە. لە پاشان، ئامر سریەکی ناو قشڵە هەردووکیان دەباتە ناو قشڵە، شەهید جەوهەر بەڵێنی ڕزگاربوون بە ئامرەکە دەدا –کە پلەی ملازی یەکەم بووە–، بەمەرجێ ئەوان بپارێزی و چارەسەری تەندروستی بۆ بکات. ئامرەکە، ڕازی دەبێ و چارەسەری برینەکەی بۆ دەکا، لەگەڵ شەهید ئەحمەد بەیەکەوە لە ژوورێکی ناو قشڵە دایاندەنێن.

---

[١٣١] دیدار لەگەڵ مەمەند ناسکە.

[١٣٢] دیدار لەگەڵ دەشتی حەمەدەمین.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەدواتر قاسم ئاغا و جاشەکان لە فێرگەی ئولا بۆ قشڵە کشانەوە[١٣٣].

لەدوای ڕاکردنی قاسم ئاغا و چوونی پێشمەرگە بۆ ناو قشڵە، شەهید ئەحمەد بەبرینداری وتوویەتی: لەدوای پاشەکشەی قاسم ئاغا و گەڕانەوەیان بۆ قشڵە، یەکێک لە جاشەکان بەناوی بەکرە شەل، چووبووە ئەو ژوورەی کە شەهید جەوهەر و شەهید ئەحمەدی تێدایە، لەوسەروبەندەدا قاسم ئاغا دەچێتە ئەو ژوورە، کە دەبینی شەهید جەوهەر ناسکە لەوێیە، دەڵێ: من لە ئاسمان بەدوای تۆدا دەگەڕام، لە زەوی کەوتیە بەردەستم، لەوکاتەدا ئەو ملازمەی کە بەڵێنی پاراستنی بە جەوهەر ناسکە دابوو، وتبووی سەیدی ئەوە بەڵێنی پێداوین ڕزگارمان بکا، وازی لێبێنە، قاسم ئاغاش پاڵی بە ملازمەکەوە ناوە، قاسم ئاغا، بە شەهید جەوهەری وتبوو تەنازولم بۆ بکە، ئەگەرنا دەتکوژم، لە وەڵامدا شەهید جەوهەر دەڵێ: پیاوی مەرد بە دەستی نامەردان دەکوژرێ، هاوکات جنێو بە قاسم ئاغا دەدا، لەوکاتەدا دەستڕێژی لە شەهید جەوهەر کردبوو و برایەکی قاسم ئاغا دەستڕێژی لە شەهید ئەحمەد کردبوو[١٣٤].

---

[١٣٣] دیدار لەگەڵ مام سیامەند.

[١٣٤] دیدار لەگەڵ مام سیامەند. : دیدار لەگەڵ مەمەند ناسکە. : دیدار لەگەڵ دەشتی حەمەدەمین. : دیدار لەگەڵ مەولود مام قلینجی.

پێشمەرگە، ئەحمەد عوسمانیان بە برینداری بردبووە نەخۆشخانە، بەڵام دوکتۆر و پەرستاری لێ نەبوو، تا چارەسەری بریندارییەکەی شەهید ئەحمەد بکەن[135].

## گرتنی مەنزومە:[136]

مەنزومە یەکێک بوو لە شوێنە گرنگەکانی ڕژێمی بەعس، چونکە کەوتبووە سەر گردێکی بەرز، ژمارەیەک پێشمەرگە و فەرماندە بۆ گرتنی مەنزومە دیاریکرابوو، کە ئەمانە بوون، (تۆفیق کانی وەتمانی، سەفین عومەر، ئەسوەدی حاجی مەلا، حەمە سورەقەڵایی، بەکر خەلەکانی، کوردە عومەر، ڕێبین سەعید) هاوکات، ژمارەیەک پێشمەرگەی دانەبڕاو بەشدار بوون. دوو دوو و سێ سێ لەو پێشمەرگانە لە سەر خانووی گەڕەکی قەسرێ جێگیرببوون، بەبەردەوامی بەرانبەر مەنزومە تەقەیان دەکرد، کاتژمێر شەش بە پشتەوە، ئارپێچییەک بە مەنزومەوە نرا. ئەڵبەتە ناقیلەیەک لەبەردەمی مەنزومە بوونی هەبوو، یەکێ لە سەربازەکانی ناو مەنزومە ویستبووی بچێتە سەر ناقیلەکە کە دۆشکەی لەسەر بوو، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە فیشەک بەر لاقی دەکەوێ و لە ناقیلەکە دووردەکەوێتەوە.

---

[135] دیدار لەگەڵ مام سیامەند.

[136] دوو بینا لەتەنیشت یەکتر بوون، هەردووکیان سەربازانی بەعس و جاشی تێدابوو. کەوتبووە سەر گردێکی بەرز، لە گەڕەکی ئیسکان. ئێستا، بینایەکیان پەیمانگای وەرزشی تێدایە، بینایەکی دی خوێندنی پیشەیی "سناعە و تیجارە"یە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەدواتردا، هێزە سەربازییەکانی ناو مونەزەمە، چووبوونە ناو بینایەکیان، دیوی پشتەوەی بینایەکەیان کون کردبوو، لەوێوە ڕۆیشتبوون بۆ ئامریە. هەمان ڕۆژ پێشمەرگە گەیشتبوونە ناو بینایەکە. هەروەها خەڵکێکی سڤیل چووبوونە ناو مونەزەمە، لە هەوڵی تاڵانکردنی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکاندا بوون، بەڵام لەلایەن سەفین عومەرەوە ژمارەیەک پێشمەرگە دانرا بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان، بەمەبەستی پاراستنیان، هەروەها بزانن کێ هاوکار و هەماهەنگی جاش و موستەشار و سەربازەکان بووە[١٣٧].

## بەشداری دانیشتووانی کۆیە، لە ڕاپەڕین:

شانە نهێنییە ڕێکخستنەکانی ناو شاری کۆیە، بەردەوام لە پەیوەندی دابوون، لەگەڵ کەسایەتی و بەشێک لە دانیشتووانی کۆیە، بۆ ئەوەی بەردەوام ئامادەیی تەواویان تێدابوو، بەمەبەستی ڕاپەڕین.. لەدوای گەیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆیە و پەیوەندی کردن بە شانە نهێنییەکان و بانگەوازی ڕاگەیاندنی ڕاپەڕین، سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی شار، لە ماڵەکانیان هاتنە

[١٣٧] دیدار لەگەڵ تۆفیق مەغدید حوسێن، ناسراو بە تۆفیق کانی وەتمانی، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و پێنجی شوباتی (٢٠١٧).تۆفیق کانی وەتمانی، لە ساڵی (١٩٥٧) لە گوندی گانی وەتمان لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، پێنج جار بریندار کراوە. بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی پێشمەرگە کردووە، لە ڕاپەڕین بەشدار بووە. ئێستا بە پلەی لیوا لە نێو یەکەکانی حەفتا، خانەنیشنە. : دیدار لەگەڵ ئەسوەدی حاجی مەلا.

دەرەوە و دەستیان کرد بە هێرش کردنە سەر شوێنەکانی ڕژێمی بەعس و گشت خەڵکی هاوشانی یەکتر[١٣٨]، لە ئازادکردنی شاری کۆیە بەشدار بوون و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان بینی لە ڕاپەڕین، لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە، لە هێرشکردنە سەر ناوچە و ناوەندە سەربازییەکان، لە هوتاف لێدان و بانگەوازکردن. تەنانەت دەوترێ: بەبێ هاوڵاتیان و دانیشتووانی شارەکانی کوردستان، ڕاپەڕین ئەنجام نەدەدرا[١٣٩]. لە ئەنجامی بەشداریکردنی خەڵکی کۆیە، ژمارەیەکیان لێ شەهید و بریندار بوون[١٤٠].

## بەشداری ژنان لە ڕاپەڕین:

هاوشانی پێشمەرگە و منداڵ و گەنج و پیر، ژنان ڕۆڵیان هەبوو، لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە. لەدوای بانگەوازی پشتیوان کاکل لە مزگەوتی گەورەوە، خانمێک بە نێوی (کەحلە) بە پەلە و خێرا، بەبێ چەک خۆی گەیاندبووە مزگەوتی گەورە و چەند بەردێکی گەورەی لە دەستیدابوو. لەدوای ماوەیەکی کەمدا، خانمێکی دی،

[١٣٨] دیدار لەگەڵ عیماد غەفوری،

[١٣٩] دیدار لەگەڵ نەهرۆ ئەسوەد ئەحمەد، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). نەهرۆ ئەسوەد، ساڵی (١٩٥٨) لە کۆیە لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، دوو جار بریندار بووە، ئێستا لەنێو وەزارەتی پێشمەرگە بە پلەی لیوا، ئامر لیوایە.

[١٤٠] دیدار لەگەڵ کرمانج ئیسماعیل سەدرەدین، بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کۆیە، کۆیە، ڕێککەوتی شەشی شوباتی (٢٠١٧). کرمانج ئیسماعیل، لە ساڵی (١٩٨٥) لە کۆیە لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٨٨) باوکی ئەنفالکراوە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بە کلاشینکۆفەوە چووبووە مزگەوتی گەورە، وتبووی هاوژینەکەم جاشە، بەڵام من بە چەکەوە هاتووم بەشداری ڕاپەڕین بکەم و لەدژی دەسەڵاتداری و کردەوە نەرێنییەکانی بەعس شەڕ دەکەم[١٤١]، هاوکات، لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری کۆیە، ژنان بەشداریان کردبوو، لە گەڕەکی ناو بازار، (ئاشتی، شەوکەت، لیمۆ، شەهێن، بەدیعە) ژمارەیەک ژنی دیکە، هاواریا کردبوو، لەدەرگای ماڵەکانیان دابوو، خەڵکیان هێنابووە دەرێ، چەکیان بۆ پێشمەرگە ئامادە کردبوو و بەشێک لە ژنان هوتاف و هاوار و هەلهەلای سەرکەوتن و دڵخۆشیان لێدابوو، ئەمەش ببووە هۆی بەرزکردنەوەی لایەنی دەروونی پێشمەرگە و بەشداربووان[١٤٢]. هەروەها، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، دەستیان کردبوو بە دروست کردنی خواردن و چێشت لێنان، لەدوای ئەوەی زانیبوویان کە پێشمەرگە و بەشداربووانی ڕاپەڕین برسیانە و ماوەیەکی زۆرە نانیان نەخواردووە[١٤٣]. نانیان بۆ ئامادەکردبوون و بەشێوەی لافە "پارو پارو" بۆیان ناردبوون و دابوویانە دەست پێشمەرگە. ژنان

---

[١٤١] دیدار لەگەڵ پشتیوان کاکل.

[١٤٢] دیدار لەگەڵ ئاشتی ڕەفیق عەبدولقادر، بەشداربووی ڕاپەڕین، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧)، ئاشتی ڕەفیق، ساڵی (١٩٦٦) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا بەڕێوەبەری فێرگەی گەشتیارییە.

[١٤٣] دیدار لەگەڵ شەوکەت عەبدوڵلا عەلی، بەشداربووی ڕاپەڕین، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧)، ئاشتی ڕەفیق، ساڵی (١٩٣٧) لە کۆیە لەدایک بووە.

بە دروشمی (بە قوربانی پێشمەرگە بین، ئێوەی پێشمەرگە پێغەمبەری کوردانن، لەناویان بەرن، بیانکوژن، ڕزگارمان بکەن، بەعسی دڕندە دەرکەن) بەشداریان کردبوو[١٤٤].

## ڕەق بوونەوەی سێ پێشمەرگەی حیزبی شیوعی

ڕاپەڕین لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەڕاپەڕینی کۆیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبوو، هاوکات حیزبی شیوعی بەشداری لە ڕاپەڕینی کرد، شیوعییەکان بە سەرکردایەتی (کانەبی گەورە) لە ڕاپەڕین بەشدار بوون و لە پێناو ئازادی و ڕاپەڕین دە پێشمەرگەیان شەهید کرا، لەم نێوەدا سێ شەهیدیان بە نێوەکانی (عومەر سالّح پیرۆت "گیڤارا"، ئاسۆ خالید حەمەکەریم، فەیسەڵ مەجید سادق) لە چیای هەیبەت سوڵتان لەکاتی بەرگری کردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعس، ڕەق دەبنەوە. لەدوای ئەوەی (عومەر سالّح پیرۆت "گیڤارا") بریندار دەبێ، هەریەک لە (ئاسۆ خالید، فەیسەڵ مەجید) بەبرینداری (عومەر سالّح) دەگوازنەوە بۆ دیوی چنارۆک و لەلای دەمێننەوە، هیچ دەرفەتێکیان نابێ بەرەو شار بگەڕێنەوە[١٤٥]، چونکە هێزی بەعسی لە زۆربەی ناوچەکان

---

[١٤٤] دیدار لەگەڵ ئاشتی ڕەفیق.

[١٤٥] دیدار لەگەڵ ئەحمەد کەریم ئەحمەد، هاوڕێی شەهیدان، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، ئەحمەد کەریم، لە ساڵی (١٩٦٩) لە گوندی



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بوونیان هەبوو. ئەو سێ شەهیدە، نەیانتوانیبوو ئاگر بکەنەوە و خۆیان گەرم بکەنەوە، لەدوای ماوەیەک مانەوەیان لە چنارۆک، بەهۆی ساردی بەفر و تەزینی جەستەیانەوە، گیانیان لەدەستدا.. ئەمانە بە سێ شەهیدی ڕاپەڕین دادەنرێن، کە لە نێو بەفردا ڕەق بوونەوە[١٤٦].

## یەکەم شەهیدی ڕاپەڕینی کۆیە:

لەدوای دیاریکردن و سپاردنی ناوەند و بنکە و بارەگاکانی حیزبی بەعس بە فەرماندە و پێشمەرگەکان، دەستیان کرد بە هێرش و تەقەکردن و (R P G) پێوەنان بە شوێنی بەعسیەکان، شەهید جەوهەر ناسکە و شەهید ئەحمەد عوسمان و دەشتی حەمەدەمین و جەعفەر حەمەدەروێش و مام سیامەند و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکە بەرەو قشڵەی کۆیە دەچن، بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکی قەناسی سەربازانی بەعس، بە سینگی جەوهەر ناسکە بریندار دەبێ و لەلایەن سەربازانی ڕژێمی بەعسی دەگوازرێتەوە ناو قشڵە[١٤٧]، لەدواتردا لەلایەن قاسم ئاغاوە شەهید دەکرێ[١٤٨] و بەیەکەم شەهیدی ڕاپەڕینی کۆیە ئەژماردەکرێ.

---

بۆگد لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ. : دیدار لەگەڵ ئومێد محەمەد. : دیدار لەگەڵ نەریمان ئەحمەد.

[١٤٦] دیدار لەگەڵ ئومێد محەمەد.

[١٤٧] مەلا شاخی: س.پ، ل ٣٥.

[١٤٨] دیدار لەگەڵ مەمەند ناسکە.

**هەڵاتنی قاسم ئاغا:**

دانی بەیانی ڕۆژی نۆی ئازار، قاسم ئاغا لە فێرگەی ئولا بوو، دەوروبەری نیوەڕۆ، بەرەو قشڵەی کۆیە پاشەکشەی کرد و بەرگری زۆری کرد، لەدوای بێ ئومێد بوون لە کۆنترۆڵ کردنەوەی شاری کۆیە و فشاری زۆر لەسەر قشڵە، لەکاتی ڕۆژئاوابوونی ڕۆژی نۆی ئازار، خۆی و براکانی و چەند کەسێکی نزیک و ئەفسەرە سەربازییەکان قشڵەی کۆیەیان جێهێشت، لە ڕۆژئاوای قشڵە بەناو گۆڕستانی (کەکۆن)دا ڕۆیشتن بۆ ئامریە[١٤٩].

ژمارەیەک پێشمەرگە بە مەبەستی تەقەکردن لە قاسم ئاغا و لەناوبردنی، ژمارەیەک پێشمەرگە لە گەڕەکی جەوهەراوا، لە بۆسە و کەمین دەبن، لەکاتی ڕۆیشتن و جێهێشتنی قشڵە، فیشەکی تێدەگرن، بەڵام هیچی بەرناکەوێ[١٥٠].

قاسم ئاغا، بە ناو گۆڕستانی کەکۆن دەڕوا بەرەو باسکی عەرەبیان، لەوێوە بەناو گەڕەکی هەرمۆتە خۆی دەگەیەنێتە ئامریە، بەڵام ئەفسەر و سەربازانی ئامریە و قلعە پاشەکشەیان کردبوو بۆ تەق تەق. قاسم ئاغا، بە ناو گۆڕستانی کەکۆن دەڕوا

---

[١٤٩] دیدار لەگەڵ مامۆستا چەتۆ

[١٥٠] دیدار لەگەڵ مەولود ئیسماعیل حەمەد، ناسراو مەولود مام قلینجی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). مەولود مام قلینجی،ساڵی (١٩٥٧) لە گوندی مام قلینج لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٧٩) بووە بە پێشمەرگە، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، سێ جار بریندار کراوە. یەکێک بووە لەو کەسانەی تەقەی لە قاسم ئاغا کردووە، ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینە و کەم ئەندامی سەنگەرە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەرەو باسکی عەرەبیان، لەوێوە بەناو گەڕەکی هەرمۆتە خۆی دەگەیەنێتە ئامریە، بەڵام ئەفسەر و سەربازانی ئامریە و قلعە پاشەکشەیان کردبوو بۆ تەق تەق. لەبەرئەوە لەگەڵ دەست و پێوەندەکەی بە ئاراستەی ڕۆژئاوا، واتە شاری هەولێر دەڕوا، لەسەر ڕێگای سەرەکی کۆیە- هەولێر، نزیک گوندی گۆپتەپە و شیواشۆک سواری سەیارە دەبن[١٥١].

ئەو سەیارەیە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتنی ڕۆژی دەی مانگ، لە کۆیەوە بەرەو هەولێر بەڕێکەوتووە. سەیارەکە هاوڕێنێکی تێدایە لەگەڵ کوڕە بریندارەکەیان، کە لە ڕاپەڕینی کۆیە ساچمەی بەرکەوتووە. لەڕێگادا تووشی قاسم ئاغا و دەست و پێوەندەکەی بوون، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە دەڵێ: لە نزیک گوندی گۆپتەپە، قاسم ئاغا و ژمارەیەک چەکدار لەسەر جادە وەستابوون، لوولەی تفەنگەکانیان بە ئاراستەی سەیارەکەم بوو، قاسم ئاغا لە پێشەوە وەستابوو، تا سەرووی ئەژنۆیان لەنێو قوڕدابوو. لەدوای ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکەم، قاسم ئاغا منی لە لێخوڕین لادا و خۆی سەیارەکەی لێخوڕی، براکانیشی سواری سەیارە بوون، بەڵام چەند کەسێک سەرنەکەوتن، وتیان ئێمە بە سەیارەیەکی دیکە دێن، ئەوانە سەرنەکەوتن لە سەرەتاییدا فێرخوازم بوون و وانەم پێیان وتبوو. لەدوای ڕۆیشتن و لەڕێگا تووشی چەند کەسێکی دیکە بووین، قاسم ئاغا سەیارەکەی ڕاگرت و ئەوانی لە سندووقی

---

[١٥١] دیدار لەگەڵ نەهرۆ ئەسوەد.

سەیارەکە سوارکرد، ئەوانە لە ناو سەیارەکە بوو، سێزدە کەس بووین، چەند جارێک برایەکانی قاسم ئاغا وتیان با ئەو ژن و پیاو و کوڕە بریندارە بەجێهێڵین، بەڵام قاسم ئاغا قبوڵی نەکرد. قاسم ئاغا، لە هەولێر نزیک ماڵی خزم و خوشک و برایەکانی دابەزی و کەس و کارەکەی پێشوازی گەرمیان لێکرد و هەلهەلە و خۆشی زۆریان دەربڕی.[١٥٢] لەدوای ئازادکردنی شاری هەولێر، قاسم ئاغا بەرەو بەردەڕەش ڕۆیشت[١٥٣].

## ڕاپەڕینی تەق تەق:

لەدوای هەڵاتن و ڕۆیشتنی تەواوی ئەفسەرە باڵاکانی ڕژێمی بەعس و قاسم ئاغا، شەوی نۆ لەسەر دەی ئازار، بەرەو دەرەی کۆیە ڕۆیشتن، بەشێکیان بەرەو هەولێر و بەشێکی دیکە بەرەو تەق تەق[١٥٤] ڕۆیشتن، ڕۆژی دەی ئازار، واتە ڕۆژێک دوای ئازادکردنی شاری کۆیە، سەرجەم سەرباز و بنکە سەربازییەکانی ناو تەق تەق چۆڵکرا، بێ ئەوە تەقە و شەڕ بکرێ، چونکە ڕژێمی بەعس، بڕوای وابوو، توانای بەرگری کردنی نەماوە، بەشێک لە شارەکانی

[١٥٢] دیدار لەگەڵ عەبدوڵخالق محەمەد حەوێز، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧). مامۆستا عەبدوڵخالق ساڵی (١٩٣٩) لە کۆیە لەدایک بووە، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بوو.. بۆ ماوەی چەندین دەیە لە وەزارەتی پەروەردە وەک مامۆستا خزمەتی کردووە، ئێستا خانەنشینە.

[١٥٣] دیدار لەگەڵ نەهرۆ ئەسوەد ئەحمەد

[١٥٤] لەو سەردەمدا بنکەی سەربازی گەورە لە قەڵاتە بوونی هەبوو.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کوردستان ئازادکراوە و لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا نەماوە. سەربازگەی قەڵاتە، لەلایەن (عەمید محەممەد) ناوێکەوە سەرپەرشتی دەکرا، ڕۆژی دەی ئازار، قەڵاتەیان چۆڵکرد و پاشەکشەیان کرد[155]. دوای چۆڵکردنی قەڵاتە سەربازییەکەی ڕژێمی بەعس، دانیشتوانی ناحیەی تەق تەق، ڕوویان لەوێ کرد، بەشێوەی هەڕەمەکی سەرجەم کەل و پەلەکانی نێو ئەو قەڵایەیان برد و زۆرینەی بەڵگەنامەکانیان سوتاند[156].

ڕۆژی نۆ و دەی ئازار، سنووری جوگرافی کۆیە، لە جاش و موستەشار و سەربازانی ڕژێمی بەعس پاککرایەوە، بەڵام لەدوای ئازادکردنی کەرکووک جارێکی دیکە، ڕژێمی بەعس هێرشی کردە سەر ناوچە کوردییەکان و خستیەوە ژێر فەرمانڕەوایەتی خۆی، لەترسی کوشتن و لەنێو بردن، زۆربەی خەڵکی کوردستان، کۆچ ڕەوی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستان کرد. حکومەتی بەعس، بۆ ماوەی شەش مانگی دی، لە شارە کوردییەکان مایەوە، هێزی سەربازی گەیشتەوە بێستانە. لەو

[155] ئاراس ئیلینجاغی: تەق تەق، کەنار زێی بچووک، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٧. ل ٢٠٩، ٢١٠.

[156] دیدار لەگەڵ ئاراس ئیلنجاغی، لێکۆڵەر، کۆیە، ڕێککەوتی شەشی شوباتی (٢٠١٧). ئاراس ئیلنجاغی، ساڵی (١٩٧٦) لە ئیلینجاغ لەدایک بووە، یەکێک بووە لەو کەسانەی چۆتە قەڵاتە.

ماوەیەدا، پێشمەرگە و ڕژێمی بەعس، هەم ڕێککەوتنیان هەبوو، هەم گرفتیان هەبوو.

ڕۆژی نۆی ئەیلوولی ساڵی (١٩٩١)، جارێکی دی هێزی پێشمەرگە و دانیشتووانی شاری کۆیە، لەدژی ڕژێمی بەعس وەستانەوە، کۆی گشتی سەربازانی ڕژێمی بەعس و جاش و موستەشارەکانیان بەرەو دەرەوەی شاری کۆیە ئامریە ڕاونان، بەشێکیان کوژران و لەنێو بران[١٥٧]. لەبەرانبەر ئەوەدا، هێزی سەربازی حکومەتی بەعس لە قەڵای سەربازیی خۆیانەوە، تۆپبارانی شاری کۆیەیان کرد، زۆربەی گەڕەکەکانی ئەوسای شارەکەیان تۆپباران کرد[١٥٨]، لەم نێوەندەدا ژمارەیە هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی[١٥٩]. لەدوای نۆی ئەیلوول، کە بۆ جاری دووەم، ڕژێمی بەعس لە کۆیە وەدەرنرا، جارێکی دی ڕژێمی بەعس و سەربازانی نەگەڕایەوە ناوچە کوردییەکان.

[١٥٧] دیدار لەگەڵ محەممەد سەعید.

[١٥٨] دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم.

[١٥٩] دیدار لەگەڵ کرمانج ئیسماعیل.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بەشی سێیەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی کۆیە

## باسی یەکەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی یەکەم

یەکەم: شەهیدانی سەنگەری نۆی ئازار

دووەم: شەهیدبوونی خەڵکی کۆیە،

لەڕاپەڕینی شارەکانی دی

سێیەم: شەهیدانی هاوڵاتی نۆی ئازار

## باسی دووەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی دووەم

یەکەم: شەهیدانی سەنگەری نۆی ئەیلوول

دووەم: شەهیدانی هاوڵاتی نۆی ئەیلوول

لە ڕاپەڕینی نۆی ئازاری شاری کۆیە، بیست و پێنج کەس شەهید بوون، حەڤدە کەس لە ڕاپەڕینی شاروشارۆچکەکانی دیکەی کوردستان شەهید بوون..

بیست شەهیدی سەنگەر، ئەمانەن: (جەوهەر حەوێز حەمکوڵ، ئەحمەد عوسمان حەسەن، فەیسەڵ مەجید سادق، ئاسۆ خالید حەمەکەریم، عومەر ساڵح پیرۆت، سوارە عومەر حەمەد حاجی، جاسم فەرحان محەممەد، نازم ساڵح شوان، ئیبراهیم حەسەن مەلا شیخ، ئاکۆ کەریم حەمەد حەسەن، تۆفیق حەمەد ئەحمەد، سەمەد حەمید کاکەلاو، کامەڕان حویز سبوح، محەممەد عەبدوڵڵا ئەمین، کاوە محەممەد ئەمین، شێروان ئیسماعیل غەفوور، میرزا فەتاح مەعروف، جەنگی ئەسعەد عەبدوڵڵا، دلێر محەممەد ئەحمەد). شەهید سەعید ساڵح لەتیف، هیچ زانیاری لەبارەیەوە بەردەست نەبوو.

پێنج شەهیدی هاوڵاتی، ئەمانەن: (نەسرین سدیق محەممەد، نازەنین قەرەنی حەمەد، سەمیرە ئەحمەد عەزیز، پێشڕەو عەبدولرەزاق شێخە، زرار ڕەشید عەولا).

حەڤدە شەهیدی خەڵکی کۆیە لە ڕاپەڕینی شاروشارۆچکەکانی کوردستان، ئەمانەن: (قارەمان عومەر عەلی ئەمین، جەلیل خالید سابر، عومەر حەمەد باپیر، جەبار کەریم عەبدوڵڵا، ئیبراهیم سەدر تەها، قوباد حاجی برایم عومەر، جەعفەر حمد احمد دەروێش، جومعە محەممەد ئەبوبەکر، لوقمان ڕەمەزان مستەفا، مستەفا



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

عەبدوڵڵا شەریف، بەرزان تۆفیق ئەبوبەکر، شەهید ملازم شێرزاد، حەمید مستەفا ڕەشید، نەمیر عەبدوڵڵا حەمەدئەمین، ستار مەولوود ڕەسووڵ، کاوە حەمەد کاوێس، نەجمەدین نەسرەدین محەممەد).

لە ڕاپەڕینی نۆی ئەیلوولی هەمان ساڵ، دوازدە کەس شەهید بوون، سێ شەهیدی پێشمەرگە و نۆ شەهیدی هاوڵاتی.

شەهیدی سەنگەر، ئەمانەن: (فەیسەڵ بەکر قادر، شەوقی ئەحمەد سەلیم، خالید حەمەساڵح ڕەسووڵ).

نۆ شەهیدی هاوڵاتی، ئەمانەن: (هێمن نامیق ئەحمەد، سروە نامیق ئەحمەد، هۆگر نامیق ئەحمەد، هەڵمەت نامیق ئەحمەد، هەنگاو نامیق ئەحمەد، خالید مەجید عەزیز، تالیب مەجید عەزیز، سەرکەوت زاهیر عوسمان)

## یەکەم: شەهیدانی سەنگەری نۆی ئازار

## شەهیدی فەرماندە جەوهەر

جەوهەر حەوێز حەمکوڵ، ناسراو بە جەوهەری ناسکە، ساڵی (١٩٥٢) لە گوندی خرابە، دەشتی کۆیە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی خرابە و ناوەندی و دواناوەندی تا پۆلی پێنج، لە کۆیە تەواو کردووە. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا و ساڵی (١٩٧٠) پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە.

یەکێک بووە، لە بەشداربووانی شۆڕشی ئەیلوول[١٦٠]، لەدوای تەواو بوونی شۆڕشی ئەیلوول و کۆتایی هێنان بەو شۆڕشە، پەیوەندی بە ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە[١٦١].

شەهید جەوهەری ناسکە، بەهۆی چالاکی سیاسی و بەشداری لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە، لە ساڵی (١٩٧٨) لەلایەن ئەمن و ئیستیقباراتی کۆیەوە دەستگیردەکرێ، لەدوای ماوەیەک بەهاوکاری شەهید سورە قۆڕیتانی و حەربی عەزیز، زیندانی کۆیە دەشکێنن، لەدوای ڕاکردنیان لە زیندان تەقەیان لێدەکرێ و فیشەک بەر قاچی دەکەوێ و بریندار دەبێ، بەبرینداری ڕوو لە شاخ دەکات و دەستدەکاتەوە بە چالاکی سیاسی و سەربازی[١٦٢].
لەماوەی پێشمەرگایەتیدا، بەشداری لە زۆربەی شەڕ و چالاکییەکانی پێشمەرگە کردەوە، لەوانە بەشداری لە شەڕی

[١٦٠] دیدار لەگەڵ سەوزە عەبدوڵڵا حوسێن، هاوژینی شەهید جەوهەر، کۆیە ڕێککەوتی دەی شوباتی (٢٠١٧)، سەوزە عەبدوڵڵا، لە ساڵی (١٩٦٠) لەدایک بووە، ئێستا لەکۆیە نیشتەجێیە.

[١٦١] دیدار لەگەڵ نەبەرد جەوهەر حەویز، کوڕی شەهید جەوهەر، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧)، نەبەرد جەوهەر، لە ساڵی (١٩٨٦) لە گوندی کاولان لەدایک بووە. ئێستا لەکۆیە نیشتەجێیە.

[١٦٢] دیدار لەگەڵ حەربی عەزیز کەریم، هاوڕێی شەهید جەوهەر، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧)، حەربی عەزیز، لە ساڵی (١٩٦٢) لە کۆیە لەدایک بووە و لەکۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

قەیوان ماوەت، حەلاج دابان، بیرە نەوتەکانی کەرکووک، گرتنی بێتواتە و گرد چادر کردوە، لەو ماوەیەدا چوار جار بریندار کراوە.
لە ئەنفالی قۆناغی چوار، بە سەرپەرشتی شێخ جەعفەر و بە چاوساغی شەهید جەوهەری ناسکە، نزیکەی هەزار و دوو سەد و پەنجا کەس، لە ژن و منداڵ و پێشمەرگەی دەشتی کۆیە و پێشمەرگەی گەرمیان و ناوچەکانی دیکە، لە ئەنفال ڕزگار دەکەن[١٦٣].

لەدواتر، شەهید جەوهەر و بنەماڵەکەی دەچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دێڵزێ-پیرانشەهر، بۆ ماوەی سێ ساڵ دەمێننەوە، تا گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)دا. ئەڵبەتە بەردەوام پێوەندی لەگەڵ پێشمەرگە و فەرماندەکانی باشووری کوردستان هەبووە[١٦٤].
لەدوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و لەناوبردنی هەزاران هاوڵاتی سڤیل، شەهید جەوهەری ناسکە و هاوڕێیانی خۆنیشاندانێکی نارەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دەدەن، لەدژی ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی کوردان[١٦٥].

[١٦٣] دیدار لەگەڵ کۆچەر عەبدوڵلا، یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی تیپی (٩٣)ی کۆیە، عەدەد جیهازی تیپەکە بوو.
[١٦٤] دیدار لەگەڵ ئەحمەد ڕەسووڵ ئەحمەد، هاوڕێی نزیکی شەهید جەوهەر.
[١٦٥] دیدار لەگەڵ سەوزە عەبدوڵلا حوسێن.

فەرماندە جەوهەری ناسکە، بەردەوام لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستاندا بووە، لەسەرەتای بڕیار و بەرنامەی ڕاپەڕین، دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان، لەگەڵ نەوشیروان مستەفا قسەدەکەن، کە بەرنامە و پلاندارێژەری ڕاپەڕین بوو. لەدوای ماوەیەکی کەم، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەشێوەی پارتیزانی دەگەڕێتەوە شاری کۆیە، ژمارەیەک نامەی نەوشیروان مستەفای گەیاندۆتە دەست ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار ئەوانیش بیگەیەننە دەست جاش و موستەشارەکان، بەمەبەستی ئامادەکاری تەواو بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی شاری کۆیە، هاوکات، جیهازێکی ڕاکاڵ لە سەرکردایەتییەوە دەهێنێتە کۆیە. لەدوای مانەوەی شەوێک لە کۆیە دەگەڕێتەوە ڕانیە[١٦٦].

شەهید جەوهەر، لەدوای بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینی چوارقوڕنە و ڕانیە، بەرەو کۆیە دێن، لە چنارۆکی بڵباسانەوە دێنە ناو سنووری جوگرافی کۆیە و لە حەمامۆک دادەبەزن. فەرماندە، لەگەڵ چەند هاوەڵێکی دی بۆ گرتن و ئازادکردنی قشڵەی کۆیە دەستنیشان دەکرێ، لەکاتی هێرشکردنە سەر قشڵەی کۆیە، جەوهەری ناسکە، بەهۆی بەرکەوتنی فیشک، بریندار دەکرێ و لەگەڵ شەهید ئەحمەد عوسمان دەگوازرێنەوە ناو قشڵە[١٦٧].

---

[١٦٦] دیدار لەگەڵ نەبەرد جەوهەر حەویز.

[١٦٧] دیدار لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەدواتردا، قاسم ئاغا، جەوهەری ناسکە و ئەحمەد عوسمان لەناو قشڵە دەبینێ، لەوێدا دەسترێژی گوللەیان لێدەکا و شەهیدیان دەکا[١٦٨].



شۆڕشی ئەیلوول.. شەهید جەوهەر ناسکە و شاخەوانە سوور

[١٦٨] دیدار لەگەڵ نەبەرد جەوهەر حەوێز.



شەهید مامەڕیشە، شەهید جەوهەر ناسکە



پیرانشەهر.. شەهید جەوهەر ناسکە و ژمارەیەک پێشمەرگە



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




شەهید جەوهەر ناسکە، نەوشیروان مستەفا



شەهید سالارە سوور، شەهید جەوهەر ناسکە



وێنەی زیندان (١٩٧٩).. شەهید جەوهەر ناسکە، شەهید سورە قۆڕپیتانی، نەهرۆ ئەسوەد



شەهید تەحسین کاوانی، تۆفیق کانی وەتمانی، شەهید جەوهەر ناسکە.



hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## شەهید ئەحمەد




ئەحمەد عوسمان حەسەن، ساڵی (١٩٦٨) لە کانی وەتمان-خەلەکان، لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە فێرگەی گوندەکەیان تەواو کردووە. ساڵی (١٩٨٢) پەیوەندی بە ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە. ڕۆژی سێی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٦) لەلایەن دەزگای جاسووسی ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی شەش مانگ دەستگیردەکرێ، لەدوای ئەوەی هیچ زانیارییەک نادرکێنێ، ئازاد دەکرێ. لەدواتردا پەیوەندی بە تیپی (٩٩)ی بیتوێن کردووە. ڕۆژی نۆی ئازار، لە ڕاپەڕینی کۆیە، لەگەڵ جەوهەر ناسکە، لە قشڵەی کۆیە، شەهید دەکرێن[١٦٩].

---

[١٦٩] دیدار لەگەڵ ئەندام ئەحمەد عوسمان ، کوڕی شەهید، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).ئەندام ئەحمەد، ساڵی (١٩٨٦) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا لە حاجیاوا نیشتەجێیە. : دیدار لەگەڵ فەهاو عەلی قادر ، هاوژینی شەهید، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

## شەهید فەیسەڵ



فەیسەڵ مەجید سادق، ساڵی (١٩٥٥) لە گوندی کانی بیَ-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٠) پەیوەندی بە حیزبی شیوعی کردووە، بەشداری لە ڕاپەڕینی ڕانیە و چوارقوڕنە کردووە، لەدواتردا لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی بە نێوی (ئاسۆ خالید و عومەر خالید) بەرەو کۆیە دێن. بەمەبەستی ئازادکردنی شاری کۆیە، لەسەر شاخی هەیبەت سوڵتان، بەهۆی دەسترێژی گولەوەی شەهید عومەر بریندار دەبێ، بەناچاری بۆ دواوە بەرەو چنارۆک دەکشێنەوە، بەڵام بەهۆی سارد و خراپی کەش و هەوا، لەسەرمان ڕەق دەبنەوە و گیان لەدەست دەدەن[١٧٠].

---

فەهاو عەلی، ساڵی (١٩٦٨) لە کانی وەتمان لەدایک بووە، ئێستا لە حاجیاوا نیشتەجێیە.

[١٧٠] دیدار لەگەڵ ئەحمەد کەریم. : ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید ئاسۆ



ئاسۆ خالید حەمەکەریم، ناسراو بە شۆڕش، ساڵی (١٩٦٥) لە کۆیە لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٢) پەیوەندی بە ڕێکخستنی حیزبی شیوعی کردەوە، بەهۆی چالاکی حیزبییەوە چەندین جار دەستگیرکراوە. ساڵی (١٩٨٦) دەبێتە پێشمەرگەی لقی کۆیەی حیزبی شیوعی، لەدوای ماوەیەکی کەم دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە و سەر تیپ، ڕۆژی نۆی ئازار، لەگەڵ (فەیسەڵ مەجید سادق و عومەر ساڵح پیرۆت) بەهۆی ساردی بەفر بارینەوە، لە چنارۆک گیان لەدەست دەدەن[١٧١].

[١٧١] دیدار لەگەڵ ئاکۆ خالید حەمەکەریم، برای شەهید ئاسۆ، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی چواردەی شوباتی (٢٠١٧)، ئاکۆ خالید، لە ساڵی (١٩٦٩) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا لە سوید دادەنیشێ. : ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.

## شەهید عومەر



عومەر ساڵح پیرۆت، ناسراو بە گیڤارا، ساڵی (١٩٦٨) لە گوندی کانی بیَ-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی (١٩٨٣) پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە کردەوە، ساڵی (١٩٨٥) بۆتە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەدوای ماوەیەک دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی.

شەهید عومەر، بەشداری لە شەڕی قەیوان ماوەت، ڕێگای ئاغجەلەر، گرتنی دۆڵی خەلەکاندا کردەوە. هاوکات، بەشداری لە ڕاپەڕینی ڕانیە و چوارقوڕنە کردەوە، ڕۆژی نۆی سێی لەگەڵ (ئاسۆ خالید و فەیسەڵ مەجید) لە چنارۆک بەهۆی ساردی و بەفربارینەوە، گیانیان لەدەستدا[١٧٢].

[١٧٢] دیدار لەگەڵ قاسم ساڵح پیرۆت، برای شەهید عومەر، کۆیە، ڕێککەوتی نۆزدەی شوباتی (٢٠١٧)، قاسم ساڵح، ساڵی (١٩٦٩) لە کانی بی لەدایک بووە،



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید سوارە

سوارە عومەر حەمەد حاجی، ساڵی (١٩٥٥) لە گوندی سێوەسەنـ-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە. لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بووە بە پێشمەرگە، ڕۆژی نۆی ئازار، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە بەنێوەکانی (جاسم فەرحان محەممەد و نازم ساڵح شوان) لە هەیبەت سوڵتان بەدەستی سەربازانی بەعس شەهید کران[١٧٣].



ئێستا لە کانی بی دادەنیشێ. : ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.

[١٧٣] دیدار لەگەڵ ئایشە حەمەد عەلی، هاوژینی شەهید، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی سێزەدی شوباتی (٢٠١٧)، ئایشە حەمەد، ساڵی (١٩٥٩) لە سلێمانی لەدایک بووە و ئێستا لە هدولێر دادەنیشێ.

## شەهید جاسم



جاسم فەرحان محەممەد، ساڵی (١٩٥٧) لە گوندی تیمارۆک لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردووە لەنێو ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری لە چەندین شەڕ و چالاکیدا کردووە، ساڵی (١٩٨٣) لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە ئەفسەرێک و شەش سەربازی بەعسیان لە هەیبەت سوڵتان کوشت. هاوکات، بەشداری لە شەڕی بێتواتە کردووە. لە ساڵی (١٩٨٨) وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەڵام لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) بۆوە بە پێشمەرگە، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە بەنێوەکانی (سوارە عومەر و نازمساڵح) لە هەیبەت سوڵتان بەدەستی سەربازانی بەعس شەهید کران[١٧٤].

---

[١٧٤] دیدار لەگەڵ شەمام بایز حوسێن، هاوژینی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی پازدەی شوباتی (٢٠١٧)، شەمام بایز، ساڵی (١٩٦٦) لە سورەقەڵا لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ. : دیدار لەگەڵ دیاری جاسم فەرحان، کوڕی شەهید، کۆیە،



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید نازم



نازم ساڵح شوان، ناسراو بە نازم بەگ، ساڵی (١٩٦٤) لە گوندی تیمارۆک-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە. بەهۆی مردنی باوکییەوە دەرفەت نەبووە، بخوێنێ. ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردەوە، لە تیپی (٩٣)ی کۆیە بەشدار بووە. شەهید نازم، یەکێک بووە لەو پێشمەرگانە، کە بەمەبەستی هاوکاری کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان چۆتە ئێران، لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕیان کردەوە. هاوکات، بەشداری لە چەندین شەڕی دیکە کردەوە. ڕۆژی نۆی ئازار، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە بەنێوەکانی (سوارە عومەر و جاسم فەرحان) لە هەیبەت سوڵتان بەدەستی سەربازانی بەعس شەهید کران[١٧٥].

ڕێککەوتی پازدەی شوباتی (٢٠١٧)، دیاری جاسم، ساڵی (١٩٩١) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنیشێ.

[١٧٥] دیدار لەگەڵ محەمەد ڕەسووڵ ڕەشید، ئامۆزای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، محەمەد ڕەسووڵ، لە ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی تیمارۆک لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ.

## شەهید ئیبڕاهیم

ئیبراهیم حەسەن مەلا شیخ حەسەن، ساڵی (١٩٣٣) لە قەڵادزێ لەدایک بووە، زۆبەی تەمەنی لە شاری کۆیە بەسەربردووە، ساڵی (١٩٩١) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە دەکا، لەکاتی هێرشکردنە سەر قشڵەی کۆیە و بەرگرکردنی سەربازانی ڕژێمی بەعس، لە قشڵە، فیشەک و ساچمە بەر ئیبڕاهیم دەکەوێ و شەهید دەبێ[١٧٦].



[١٧٦] دیدار لەگەڵ شانۆ ئیبراهیم حەسەن، کچی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧)، شانۆ ئیبراهیم، لە ساڵی (١٩٨٠) لە کۆیە لەدایک بووە، فەرمانبەری زانکۆی کۆیەیە. ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ.



hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## شەهید ئاکۆ

ئاکۆ کەریم حەمەد حەسەن، ساڵی (١٩٧٤) لە گوندی شەوگێڕ-کۆیە، لەدایک بووە، تا پۆلی چوارەمی بنەڕەتی خوێندووە، لەدواتردا بەهۆی سوتانی فێرگەی شەوگێر، نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدا. لەدوای ئەنفالکردنی گوندەکەیان، لە شەوگێڕەوە بەرەو کۆیە هاتوون. ساڵی (١٩٩١) بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە کردووە، لە کاتژمێر دە و نیوی پێش نیوەڕۆ لە نزیک یاریگای کۆیە، بەهۆی بەرکەوتنی ساچمە و دەستڕێژی گوللە، شەهید بوو[١٧٧].



[١٧٧] دیدار لەگەڵ یوسف کەریم حەمەد حەسەن، برای شەهید ئاکۆ، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و چواری شوباتی (٢٠١٧)، یوسف کەریم، لە ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی شەوگێڕ لەدایک بووە، لەگەڵ شەهید ئاکۆ، بەشداری ڕاپەڕینی کردوە و بریندار بووە. ئێستا لە شەوگێڕ دادەنیشێ.

## شەهید تۆفیق

تۆفیق حەمەد ئەحمەد، ساڵی (١٩٧٣) لە گوندی کانی وەتمان-خەلەکان، لەدایک بووە. ساڵی (١٩٩١) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە و بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی دانیشتووانی شاری ڕانیە و شاری کۆیە، لەکاتی تۆپ هاویشتی ڕژێمی بەعس، ڕوو لە بێستانە و چنارۆک، لەگەڵ زرار ڕەشید عەوڵا بەر تۆپی ڕژێم دەکەون و شەهید دەبن[١٧٨].



[١٧٨] دیدار لەگەڵ ئەبوبەکر حەمەد ئەحمەد، برای شەهید تۆفیق، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، ئەبوبەکر حەمەد، لە ساڵی (١٩٦٩) لە گوندی کانی وەتمان لەدایک بووە، ئێستا لە کانی وەتمان دادەنیشێ.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


## شەهید سەمەد

سەمەد حەمید کاکەلاو، ساڵی (١٩٧٢) لە گوندی شەوگێڕ-کۆیە لەدایک بووە، لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٠) پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە کردووە، لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر دەکرێ و بۆ ماوەی نۆ مانگ لە زیندان ئازار و ئەشکەنجە دراوە، لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە، بەشداری کردووە، لە کاتژمێر دە و نیوی پێش نیوەڕۆ، لە نزیک یاریگای کۆیە، بەهۆی بەرکەوتنی ساچمە و دەستڕێژی گوللە، شەهید بوو[١٧٩].



[١٧٩] دیدار لەگەڵ مەسعوود حەمید کاکەلاو، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، مەسعوود حەمید، لە ساڵی (١٩٨٤) لە کۆیە لەدایک بووە،

## شەهید کامەران



کامەڕان حویز سبوح، ساڵی (١٩٦٥) لە کۆیە لەدایک بووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. یەکێک بووە لە بەشدار بووانی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٨٣)، لەبەرئەوە خۆی و دوو برای دەستگیر دەکرێن بەنێوەکانی (باز و کاوە). لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری کۆیەدا کردووە، لەدوای بەشداریکردنی لە ڕاپەڕین، نزیک کاتژمێر دەی بەیانی بەهۆی بەرکەوتنی ساچمەی هاوەن، شەهید بوو[١٨٠].

[١٨٠] دیدار لەگەڵ سەرۆک حەویز سبوح، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧)، سەرۆک حەویز، ساڵی (١٩٥٧) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنیشێ.



hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

**شەهید محەممەد**



محەممەد عەبدوڵڵا ئەمین خدر، ساڵی (١٩٦٧) لە کۆیە لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٢) سناعەی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی (١٩٨٦) پەیوەندی بە ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە، ساڵی (١٩٨٧) لە تپی (٩٠)ی باواجی بووە بە پێشمەرگە. یەکێک بووە لە بەشدار بووانی شانە چەکدارەکانی بروسک بۆ ڕاپەڕین. بەشداری لە ڕاپەڕینی کۆیە کردووە و بریندار بووە، شەوی دوازدە لەسەر سێزدەی هەمان مانگ، گیانی لەدەستداوە[١٨١].

[١٨١] دیدار لەگەڵ کامەران عەبدوڵڵا ئەمین، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی شازدەی شوباتی (٢٠١٧)، کامەران عەبدوڵڵا، ساڵی (١٩٧١) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنیشێ.

## شەهید کاوە

کاوە محەممەد ئەمین، ساڵی (١٩٦٢) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی چوار جار بریندار بووە. ساڵی (١٩٩٠) بەرپرسی مەفرەزەی شانەی چەکداری بروسک بووە. لە نۆی ئازار، بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە کردووە و شەهید بووە[١٨٢].



[١٨٢] دیدار لەگەڵ دڵسۆز محەممەد ئەمین، برای شەهید، ناسراو بە خارە سۆز، کۆیە، ڕێککەوتی حەڤدەی شوباتی (٢٠١٧)، خارە سۆز، ساڵی (١٩٦٦) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنیشێ.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید شێروان



شێروان ئیسماعیل غەفوور، ساڵی (١٩٥٥) لە کۆیە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٨٧) تا ساڵی (١٩٩٠) هاوکار و هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکان هەبووە، لە شاردنەوەی پێشمەرگە و دابین کردنی پێداویستییەکانیان. ڕۆژی نۆی ئازار لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە، فیشەک بەر سەری دەکەوێ و شەهید دەبێ[١٨٣].

[١٨٣] دیدار لەگەڵ کافیە سەلام حەمەدئەمین، هاوژینی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و چواری شوباتی (٢٠١٧)، کافیە سەلام، ساڵی (١٩٦٥) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنیشێ.

**شەهید میرزا**

میرزا فەتاح مەعروف، ساڵی (١٩٤٦) لە گوندی حاجی قەڵا-دەشتی کۆیە لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٦) پەیوەندی بەریزەکانی هێزی پێشمەرگە کردووە، لە تیپی (٩٣)ی دەشتی کۆیە. ڕۆژی نۆی ئازار لەکاتی تۆپبارانکردنی هەیبەت سوڵتان لەلایەن سەربازانی ڕژێمی بەعسەوە، بەتەنیا میرزا فەتاح شەهید دەبێ[١٨٤].



[١٨٤] دیدار لەگەڵ هێدی میرزا فەتاح، کوڕی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧)، هێدی میرزا، ساڵی (١٩٩٠) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنیشێ.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید جەنگی



جەنگی ئەسعەد عەبدوڵڵا، ساڵی (١٩٦٤) لە گوندی بۆگد-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٥) خوێندنی کشتوکاڵی تەق تەقی تەواو کردووە. لەدوای خوێندن، بۆ ئەوەی نەچێتە خزمەتی سەربازی، گوندی بۆگد بەجێدەهێڵێ و پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە دەکا و بەردەوام دەبێ، لەدواتردا لە ڕێکخستنەکانی بروسک بەشدار دەبێ. ڕۆژی نۆی ئازار، لەکاتی هێرش کردنە سەر مەنزومەی بەعس، لەدەوروبەری کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی بەهۆی بەرکەوتنی ساچمە شەهید بوو[١٨٥].

[١٨٥] دیدار لەگەڵ ئەسعەد عەبدوڵڵا خدر، باوکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧)،ئەسعەد عەبدوڵلا، ساڵی (١٩٤٢) لە بۆگد لەدایک بووە، ئێستا لە

## شەهید دلێر

دلێر محەممەد ئەحمەد، ساڵی (١٩٦١) لە کۆیە لەدایک بووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە "سناعە". ساڵی (١٩٨١) لە ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە بە پێشمەرگە، بەشداری لە چەندین شەڕی پێشمەرگە کردووە. ڕۆژی نۆی ئازار، دەوروبەری کاتژمێر دە تا یازدەی پێش نیوەڕۆ، بەهۆی بەرکەوتنی ساچمەی ئارپێچی لە فلکەی گردی بریندار دەبێ، لەدوای مانەوەی کاتژمێرێک بەبرینداری گیان لەدەست دەدا[١٨٦].

---

کۆیە دادەنیشێ. : دیدار لەگەڵ غەریب ئەسعەد عەبدوڵڵا، باوکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧)، غەریب ئەسعەد، ساڵی (١٩٧٦) لە بۆگد لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ.

[١٨٦] دیدار لەگەڵ سالار محەممەد ئەحمەد، برای شەهید دلێر، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، سالار محەممەد، لە ساڵی (١٩٦٥) لە هەولێر لەدایک بووە و لە هەولێر نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دووەم: شەهیدبوونی خەڵکی کۆیە، لەڕاپەڕینی شارەکانی دی

ڕاپەڕین، بەرنامەیەکی ناوچەیی نەبوو، بەڵکو بۆ تەواوی کوردستان بوو، پێشمەرگە و هاوڵاتیانی زۆربەی شارەکانی کوردستان[١٨٧]، لەدوای ئازادکردنی شارەکانیان بەرەو شارێکی تر دەڕۆیشتن، بەمەبەستی ئازادکردنیان[١٨٨]، بۆ وێنە: خەڵکی بیتوێن، پشدەر، هەولێر، لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کۆیە بەشدار بوون. هاوکات، خەڵکی شاری کۆیە، لە ئازادکردنی ڕانیە، چوارقوڕنە، حاجیاوا، هەولێر و کەرکووک بەشدار بوون[١٨٩]، لەم نێوەدا ژمارەیەک خەڵکی شاری کۆیە، لە ئازادکردنی شارەکانی دیکەی کوردستان شەهید بوون[١٩٠]، کە ئەمانەن:

---

١٨٧ دیدار لەگەڵ هێدی مامەند ساڵح.

١٨٨ دیدار لەگەڵ ئیدریس عەبدولواحێد شەریف.

١٨٩ دیدار لەگەڵ مام سیامەند.

١٩٠ دیدار لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

## شەهید قارەمان (٣/٦ چوارڕقوڕنە)

قارەمان عومەر عەلی ئەمین، ساڵی (١٩٧١) لە گوندی شەوگێڕ-کۆیە، لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەوگێڕ، تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٨٠) پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی (١٩٨٧) بووە بە پێشمەرگە، تا ساڵی (١٩٩١) هەر بەردەوام بووە. ڕۆژی شەشی ئازار، لەکاتی ئازاد کردنی چوارڕقوڕنە، بەهۆی بەرکەوتنی فیشەک بەر سکی، لەنزیک مونەزەمەی چوارڕقوڕنە شەهیدکرا[١٩١].



[١٩١] دیدار لەگەڵ قادر عومەر ئەمین، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی دووی شوباتی (٢٠١٧). قادر عومەر، ساڵی (١٩٦٩) لە شەوگێڕ لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید جەلیل (٣/٦ چوارقوڕنە)



جەلیل خالید سابڕ، ناسراو بە جەنگی، ساڵی (١٩٧٣) لە گوندی بۆگد، دەشتی کۆیە لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندی بە ڕێکخستنی حیزبی شیوعییەوە کردووە و ئەندامی حیزب بووە[١٩٢]. هاوکات، ئەندامی شاندنی چەکداری بووە، بۆ ڕاپەڕینی ڕانیە و بەشداری ڕاپەڕین دەکات، ڕۆژی شەشی ئازار، لەکاتی ئازادکردنی چوارقوڕنە لە فیرقەی چوارقوڕنە، بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکی هێزی بەعسی بریندار دەبێ، لەدوای پێنج ڕۆژ و لە یازدەی ئازار، لە گیان لەدەستدەدا و دەبێتە شەهیدێکی دیکەی ڕاپەڕین[١٩٣].

---

[١٩٢] دیدار لەگەڵ جەنگی خالید سابڕ، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).خالید سابڕ، ساڵی (١٩٧٩) لە بۆگد لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

[١٩٣] دیدار لەگەڵ نەبەز خالید سابڕ، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). نەبەز خالید، ساڵی (١٩٨٣) لە بۆگد لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

**شەهید عومەر** (٣/١١ هەولێر)

عومەر حەمەد باپیر، ساڵی (١٩٣٤) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٥٨) پەیوەندی بە حیزبی شیوعی کوردستان دەکات، بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)، ڕۆژی یازدەی ئازار، لەکاتی هێرش کردنە سەر فرقەی فاروق، لە هەولێر، شەهیدکراوە[١٩٤].



[١٩٤] ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان. وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق حەمەد.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید جەبار (۳/۱۱ هەولێر)

جەبار کەریم عەبدوڵڵا، ناسراو بە شێروان، ساڵی (۱۹٦۸) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (۱۹۸۲) پەیوەندی بە حیزبی سۆسیالیست کردووە. ساڵی (۱۹۸۳) بۆ ماوەی چوار مانگ، بێ سەروشوێن بوو، لە دوای ئازادکردنی دووبارە بووە پێشمەرگە، ساڵی (۱۹۸۸)چۆتە ئێران. یەکی ئازاری ساڵی (۱۹۹۱) گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان، بەشداری لە ڕاپەڕینی حاجیاوا و چوارقوڕنە و دووکان و کۆیەی کردووە، ڕۆژی یازدەی ئازار بەمەبەستی بەشداری لە ئازادکردنی شاری هەولێر دەچێتە هەولێر، هەمان ڕۆژ لە فەیلەقی پێنج، بەهۆی بەرکەوتنی ساچمە و هاوەنەوە شەهید بوو[۱۹۵].



[۱۹۵] دیدار لەگەڵ سیاوەند جەبار کەریم، کوڕی شەهید جەبار، کۆیە ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (۲۰۱۷). سیاوەند جەبار، ساڵی (۱۹۹۰) لە ئێران لەدایک بووە، ئێستا مامۆستایە و لە کۆیە نیشتەجێیە. : دیدار لەگەڵ دانا کەریم عەبدوڵڵا، برای شەهید جەبار، کۆیە ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (۲۰۱۷). دانا کەریم، ساڵی (۱۹۷۵) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە نیشتەجێیە.

## شەهید ئیبڕاهیم (٣/١١ هەولێر)



ئیبراهیم سەدر تەها، ساڵی (١٩٧١) لە گوندی داوداو-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی (١٩٨٥) پەیوەندی بە تیپی (٩٣)ی دەشتی کۆیەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە، لە زۆربەی شەڕەکان بەشداری کردووە و وەک هێ.ی بەرگری بووە، لە ساڵی (١٩٨٩). بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری ڕانیە و کۆیەی کردووە، لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی هەولێر، بەشدار بووە، کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی یازدەی ئازار، لە مەنزومەی هەولێر، شەهید کرا[١٩٦].

[١٩٦] دیدار لەگەڵ قومریە ڕەسووڵ محەمەد، هاوژینی شەهید ئیبراهیم، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). قومریە ڕەسووڵ، ساڵی (١٩٧١) لە سلێمانی لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئازادکردنی کەرکووک، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو، دانیشتوانی زۆربەی شارەکانی کوردستان بەرەو کەرکووک چووبوون، بەمەبەستی ئازادکردنی شارەکە[197]، ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی هەموو هەوڵێکی دەدا، لەپێناو ئازادکردنی شاری کەرکووک[198]. لە ئازادکردن و بەرگریکردن لە کەرکووک، هەشت پێشمەرگەی شاری کۆیە، شەهید بوون.

**شەهید قوباد** (٣/١٩ **کەرکووک**)

قوباد حاجی برایم عومەر، ساڵی (١٩٦٥) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، لە ساڵی (١٩٨٥) پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات، لەدوای گەڕانەوەی لە سەر سنووری عێڕاق ئێران، وەک ڕێکخستنی شانە چەکدارەکانی بروسک لە ناوشار کاریکردووە، بەشداری لە زۆر چالاکی پێشمەرگەدا هەبووە. ساڵی (١٩٨٧) بەمەبەستی پشکنینی بنکەیەکی سەربازی لە گردی قەیسەری-کۆیە، بەسەر بۆسەیەکدا دەکەوێت و بریندار دەبێ[199].

[197] دیدار لەگەڵ مەلا شاخی.

[198] دیدار، لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە.

[199] دیدار لەگەڵ نایلە مستەفا ئەمین، دایکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). نایلە مستەفا، ساڵی (١٩٣٩) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

**شەهید قوباد، ساڵی (١٩٩١) بەشداری لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کۆیە و تەق تەق و ئازاد کردنی بەشێک لە کەرکووکی کردووە، ڕۆژی نۆزدەی ئازار، بەهۆی بۆردومانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر پێشمەرگە و ڕاپەڕیوان لە نزیک گەڕەکی ڕەحیماوا، بەهۆی بەرکەوتنی ساچمەی هاوەن شەهید دەبێ[٢٠٠].**



[٢٠٠] دیدار لەگەڵ بەناز حاجی برایم عومەر، خوشکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). بەناز حاجی، ساڵی (١٩٧٨) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهیدی فەرماندە جەعفەر (٣/٢٠ کەرکووک)

جەعفەر حمد احمد دەروێش، ساڵی (١٩٥٩) لە کۆیە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کۆیە و ئامادەیی پیشەسازی لە هەولێر خوێندووە. ساڵی (١٩٧٨) پەیوەندی بە ڕێکخستنی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، لە تیپی (٩٠)ی باواجی کۆیە، لەدواتر دەبێتە پێشمەرگەی تیپی (٩٣)ی دەشتی کۆیە، لەدوای ماوەیەک لەهەمان تیپدا پلەی کەرتی پێدەدرێ[٢٠١].

شەهیدی فەرماندە، بەشداری لە زۆر چالاکی پێشمەرگە و شەڕ کردووە، لەوانە قەیوان ماوەت و هێرش کردنە سەر بیرە نەوتەکانی کەرکووک، لەدوای ساڵی (١٩٨٨) بووە بە پێشمەرگەیەکی پارتیزانی بەردەوام لە شاخ و گوندەکان دەمایەوە[٢٠٢]، تەنانەت سەرپەرشتی ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتیزانی کردووە. لە ڕاپەڕینی ڕانیە و سلێمانی و کۆیە بەشداری کردووە، بەمەبەستی ئازادکردنی شاری کەرکووک بەرەو ئەو شارە دەچێ، بەڵام بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکی کۆپتەری سەربازی

---

[٢٠١] دیدار لەگەڵ سادق حمد احمد دەروێش، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). زەینەب حمد، ساڵی (١٩٤٦) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە نیشتەجێیە.

[٢٠٢] دیدار لەگەڵ زەینەب حمد احمد دەروێش، خوشکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). زەینەب حمد، ساڵی (١٩٤٨) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە نیشتەجێیە.

**بەعسی لە ڕێککەوتی بیستی ئازار، لە گەڕەکی ئەمنەکانی کەرکووک شەهید دەبێ[٢٠٣].**



**شەهید جەعفەر حەمەدەروێش و ژمارەیەک پێشمەرگە**

[٢٠٣] دیدار لەگەڵ نەجیبە حمد احمد دەرویش، خوشکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). زەینەب حمد، ساڵی (١٩٥٧) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





شەهید جەعفەر حەمەدەروێش و ژمارەیەک پێشمەرگە

## شەهید جومعە (٣/٢١ کەرکووک)



جومعە محەممەد ئەبوبەکر، ساڵی (١٩٦٦) لە گوندی قەسرێ-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە، لە ڕاپەڕینی کۆیە و تەق تەق و هەولێر و کەرکووک بەشداری کردووە، ڕۆژی بیست و یەکی ئازاری ساڵی (١٩٩١) لەگەڵ لوقمان ڕەمەزان مستەفا لە دارەمانی نزیک کەرکووک دەستگیر دەکرێن و لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شەهید دەکرێن، لەدوای کۆڕەو جەستەی ناوبراوان دەهێننەوە، بە جل و بەرگی خۆیان لە تەق تەق ئەسپەردەیان دەکەن[٢٠٤].

[٢٠٤] دیدار لەگەڵ عائیشە عەبدوڵڵا شەریف، دایکی شەهید جومعە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). عائیشە عەبدوڵڵا، ساڵی (١٩٤٩) لە قەسرێ لەدایک بووە و لە قەسرێ نیشتەجێیە. : دیدار لەگەڵ تۆفیق ئەبوبەکر سادق، مامی شەهید جومعە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧). تۆفیق ئەبوبەکر، ساڵی (١٩٥٢) لە قەسرێ لەدایک بووە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید لوقمان (٣/٢١ کەرکووک)



لوقمان ڕەمەزان مستەفا، ساڵی (١٩٧١) لە گوندی قەسرێ-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە. بەشداری ڕاپەڕینی کۆیە و تەق تەق و هەولێر و کەرکووک بەشداری کردووە، ڕۆژی بیست و یەکی ئازاری ساڵی (١٩٩١) لەگەڵ جومعە محەممەد ئەبوبەکر، لە دارەمانی نزیک کەرکووک دەستگیر دەکرێن و لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شەهید دەکرێن، لەدوای کۆڕەو جەستەی ناوبراوان دەهێننەوە و بە جل و بەرگی خۆیان لە تەق تەق ئەسپەردەیان دەکەن[٢٠٥].

[٢٠٥] دیدار لەگەڵ ئەحمەد ڕەمەزان مستەفا، برای شەهید لوقمان، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). ئەحمەد ڕەمەزان، ساڵی (١٩٧٧) لە قەسرێ لەدایک بووە و لە قەسرێ نیشتەجێیە.

**شەهید مستەفا** (٣/٢١ کەرکووک)

مستەفا عەبدوڵڵا شەریف، ساڵی (١٩٤٩) لە قەسریێ خرابە، لەدایک بووە، ساڵی (١٩٩١) بووە بە پێشمەرگە، بەشداری لە ڕاپەڕینی کۆیە و هەولێر و کەرکووک کردووە، ڕۆژی بیست و یەکی ئازار، لەگەڵ بەرزان تۆفیق ئەبوبەکر، لە زنجیرە شاخی کەیوان شەهیدکران[٢٠٦].




[٢٠٦] دیدار لەگەڵ نەمام حەمەد مستەفا، هاوژینی شەهید مستەفا، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧). نەمام حەمەد، ساڵی (١٩٧١) لە چناران-بناری کۆسرەت لەدایک بووە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید بەرزان (٣/٢١ کەرکووک)

بەرزان تۆفیق ئەبوبەکر، ساڵی (١٩٧٢) لە گوندی قەسرێ-دەشتی کۆیە لەدایک بووە. بەشداری لە گرتنی دۆڵی خەلەکان کردووە، لە ڕاپەڕینی کۆیە و هەولێر و کەرکوو بەشداربووە، ڕۆژی بیست و یەکی ئازار، لەگەڵ مستەفا عەبدوڵڵا شەریف، لە زنجیرە شاخی کەیوان شەهیدکران[٢٠٧].



[٢٠٧] دیدار لەگەڵ تۆفیق ئەبوبەکر سادق، باوکی شەهید بەرزان، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧). نەمام حەمەد، ساڵی (١٩٥٢) لە قەسرێ-خرابە، لەدایک بووە و لە قەسرێ نیشتەجێیە.

لەدوای ئازادکردنی شاری کەرکووک، حکومەتی بەعس لەهەوڵی بەرپەچدانەوەی هێزی پێشمەرگە و هاوڵاتیان و ڕاپەڕیوان بوو، هەوڵیدەدا بەهەموو شێوەیەک ڕاپەڕیوان سەرکوت بکا و ناوچەکانی ژێر دەستی کورد، بخاتەوە ژێر دەستی خۆی[208]، ڕۆژی بیست و هەشتی ئازار، هێزی سەربازی هێرشیان کردە سەر کەرکووک، لەم نێوەدا پێنج پێشمەرگەی کۆیە بە نێوەکانی (ملازم شێرزاد، نەمیر عەبدوڵڵا، حەمید مستەفا، ستار مەولوود، کاوە حەمەد) لەکاتی بەرگریکردن لە شاری کەرکووک، شەهید بوون[209].

## شەهید ملازم شێرزاد (٣/٢٨ کەرکووک)

نامیق سلێمان سابڕ، ناسراو بە ملازم شێرزاد، ساڵی (١٩٦٣) لە گوندی گۆپتەپە لەدایک بووە، ئامادەیی کشتوکاڵی لە تەق تەق تەواو کردووە. ساڵی (١٩٧٨) پەیوەندی بە ڕێکخستنی حیزبی شیوعی عێراق دەکا[210]، مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨١) لەلایەن ئەمن و ئیستیخباراتی ڕژێمی بەعسەوە، ملازم شێرزاد دەستگیر دەکرێ و بۆ دەگوازرێتەوە. لەدوای دوو ڕۆژ، لە زیندان ڕادەکا. و دەبێتەوە پێشمەرگە.

---

[208] دیدار لەگەڵ بە مەریوانی کەریم ئاغا،

[209] دیدار لەگەڵ ئومێد تۆفیق.

[210] دیدار لەگەڵ خالید سلێمان سابڕ، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). خالید سلێمان، ساڵی (١٩٧١) لە گۆپتەپە لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ملازم شێرزاد، ساڵی (١٩٨٣) بەمەبەستی بینینی خولێکی سیاسی سەربازی دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا. لە دواتردا پلەی سەربازی ملازمی پێدەدرێ. و لەلایەن عەلی حاجی نادر، نازناوی شێرزادی بۆ دادەنرێ[٢١١].

شەهید نامیق، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بەشداری لە ڕاپەڕینی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەکا، لە کەرکووک دەڕوا.. لەدوای ئازادکردنی کەرکووک، لەنێو شارەکەدا دەمێننەوە، تا ڕێککەوتی بیست و هەشتی ئازار، شەهید دەبێ[٢١٢].

---

[٢١١] دیدار لەگەڵ محەمەد سلێمان سابر، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧). محەمەد سلێمان، ساڵی (١٩٧٥) لە گۆپتەپە لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە. : ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.

[٢١٢] دیدار لەگەڵ ئەحمەد کەریم، هاوڕێی نزیکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). ئەحمەد کەریم، ساڵی (١٩٦٩) لە بۆگد لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

**شەهید حەمید (٣/٢٨ کەرکووک)**



حەمید مستەفا ڕەشید، ناسراو بە هەڵۆ، ساڵی (١٩٦٥) لە گوندی تۆپزاو-کۆیە لەدایک بووە، قۆناغی سەرەتای خوێندنی لە کۆیە بووە. ساڵی (١٩٨٥) پەیوەندی بە ڕێکخستنی حیزبی شیوعی کردووە، لەدواتردا دەبێتە پێشمەرگەی شیوعی.

ساڵی (١٩٩١) بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی ڕانیە، چوارقورنە، هەولێر، کۆیە و کەرکووک، لە ڕۆژی بیست و هەشتی ئازار، لە کاتی بەرگری کردن لە شاری کەرکوک، شەهید دەبێ[٢١٣].

[٢١٣] دیدار لەگەڵ محەمەد مستەفا ڕەشید، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧). محەمەد مستەفا، ساڵی (١٩٦٣) لە تۆپزاوا لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە. : ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**شەهید نەمیر (٣/٢٨ کەرکووک)**



نەمیر عەبدوڵڵا حەمەدئەمین، ساڵی (١٩٦٣) لە کۆیە لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٦) پەیوەندی بە حیزبی شیوعی کردووە، لە ڕاپەڕینی بەهاری کوردانی کۆیە و هەولێر و کەرکووک بەشدار بووە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی ئازار، لەکاتی بەرگری کردنی شاری کەرکووک، شەهید دەبێ[٢١٤].

[٢١٤] ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.

**شەهید ستار (٣/٢٨ کەرکووک)**



ستار مەولوود ڕەسووڵ، ساڵی (١٩٥٩) لە گوندی کانی بی، دەشتی کۆیە لەدایک بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە. ساڵی (١٩٧٩) پەیوەندی بە حیزبی شیوعییەوە کردووە، ساڵی (١٩٩١) بووە بە ڕابەر سیاسی لە لقی کۆیەی حیزبی شیوعی. لە ڕاپەڕینی کۆیە و هەولێر و کەرکووک بەشدار بووە، لەکاتی بەرگری کردن لە کەرکووک، لە بیست و هەشتی ئازار، شەهید دەبێ[٢١٥].

[٢١٥] دیدار لەگەڵ ئەحمەد کەریم. : ئەرشیفی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید کاوە (٣/٢٨ کەرکووک)



کاوە حەمەد کاوێس، ساڵی (١٩٧١) لە گوندی قزڵوو-دەشتی کۆیە، لەدایک بووە، قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لەدواتردا و بەهۆی نەبوونی فێرگە وازی لە خوێندن هێناوە. ساڵی (١٩٨٩) پەیوەندی بە ڕێکخستنی حیزبی شیوعی کردووە و لە شانە نهێنییەکانی حیزب بەشدار بووە[٢١٦]، لەسەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگە، لە ئازادکردنی شاری کۆیە و کەرکووک بەشدار بووە، ڕۆژی بیست و هەشتی ئازار، لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەی لەکاتی بەرگری کردنیان لە کەرکووک، شەهید بوو[٢١٧].

[٢١٦] دیدار لەگەڵ سەپان حەمەد کاوێز، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧). سەپان حەمەد، ساڵی (١٩٦٢) لە قزڵوو لەدایک بووە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

[٢١٧] دیدار لەگەڵ هیوا حەمەد کاوێز، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧). هیوا حەمەد، ساڵی (١٩٧٧) لە قزڵوو لەدایک بووە، ئێستا

## شەهید نەجمەدین



نەجمەدین نەسرەدین محەممەد، ساڵی (١٩٧١) لە کۆیە لەدایک بووە، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندووە لەدواتردا دەرفەتی خوێندنی نەماوە. یەکێک بووە لە بەشداربووانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)، لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان. بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە و هەولێر و کەرکووک کردووە، لەدوای هێرشکردنی حکومەتی بەعس، بەمەبەستی گرتنەوە ناوچە کوردییەکان، ڕۆژی بیست و هەشتی ئازار، لەکاتی بەرگری کردن، لە پردێ-شێراوا، شەهید کرا[٢١٨].

---

لە کۆیە نیشتەجێیە و بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستانە.


[٢١٨] دیدار لەگەڵ نەسرەدین محەممەد جومعە، باوکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧). نەسرەدین محەممەد، ساڵی (١٩٦٢) لە گوندی تیمارۆک-دەشتی کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە نیشتەجێیە.



hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## شەهید نەوزاد

نەوزاد جەمال مستەفا، ساڵی (١٩٦١) لە کۆیە لەدایک بووە. ساڵی (١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە، لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداری چەند شەڕێکی کردووە. پێش شەهید بوونی جێگری سەرتیپ بووە. بەشداری لە ڕاپەڕینی کۆیە و هەولێر کردووە. ڕۆژی سی و یەکی ئازار، لەسەر پردی کەڵەک، بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکی دۆشکە، شەهید دەبێ[٢١٩].



[٢١٩] دیدار لەگەڵ ئەسوەدی حاجی مەلا، ئامۆزای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧).

### سێیەم: شەهیدانی هاوڵاتی نۆی ئازار

بەهۆی تەقەکردن و تۆپبارانکردنی شاری کۆیە، لەلایەن حکومەتی بەعس و جاش و موستەشارەکان، چوار هاوڵاتی سڤیل و بێ ئاگا، بوونە قوربانی و شەهید بوون[٢٢٠]، ڕۆژی نۆی ئازار، خەڵکی کۆیە ڕاپەڕی. لەبەرانبەر ئەوەدا حکومەتی بەعس تۆپبارانی شارەکەی کرد[٢٢١]، لە کاتژمێر چوار و پازدە خوولەک، تۆپێک بە خانووی نەسرین سدیق و منداڵەکانی کەوت، لە گەڕەکی ئازادی، لەم نێوەندەدا نەسرین و نازەنینی کچی، شەهید دەبن[٢٢٢]. ئەو خانووەی شەهید نەسرین و شەهید نازەنین تێیدا نیشتەجێبوون، خانوێکی فراوان و گەورە بووە.

لەو کاتەی تۆپ بەر ماڵی شەهیدان کەوتووە، شەهید نازەنین سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بووە[٢٢٣]، بەختیار و ڕێبوار و چەمەن – واتە خوشک و براکانی– لە ژووری خانووەکەدا بوون، نەسرینی دایکیان و رزگار بەیەکەوە لەنزیک حەمام بوون، لەکاتی

---

[٢٢٠] دیدار لەگەڵ کرمانج ئیسماعیل.

[٢٢١] دیدار لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

[٢٢٢] دیدار لەگەڵ ڕێبوار محەممەد قەرەنی، کوڕی شەهید نەسرین، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧). ڕێبوار محەممەد، ساڵی (١٩٨٥) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا کارمەندی وەزارەتی ناوخۆیە، لە شاری کۆیە نیشتەجێیە.

[٢٢٣] دیدار لەگەڵ بەختیار محەممەد قەرەنی، کوڕی شەهید نەسرین، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧). بەختیار محەممەد، ساڵی (١٩٨٣) لەدایک بووە، ئێستا کارمەندی وەزارەتی ناوخۆیە، لە شاری کۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەرکەوتنی تۆپ بەماڵەکەیان، شەهید نەسرین بەدەنگ هاوار و ناڵەی نازەنینی کچییەوە چووە، بەڵام رزگار لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە[٢٢٤]. ئەڵبەتە، بەختیار و ڕێبوار و ڕزگار، ساچمەی بچووک بە جەستەیان کەوتبوو[٢٢٥].

## شەهید نەسرین



نەسرین سدیق محەممەد مەولوود، لە ساڵی (١٩٥٦) لە گوندی حاجی قەڵا، دەشتی کۆیە لەدایک بووە، لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا و لە ساڵی (١٩٧٨) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ (قەرەنی محەممەد جومعە) پێکهێناوە[٢٢٦]، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریەیان پێنج منداڵە[٢٢٧]. قەرەنی هاوژینی شەهید نەسرین، لە ساڵی

---

[٢٢٤] دیدار لەگەڵ ڕزگار محەممەد قەرەنی، کوڕی شەهید نەسرین، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧). ڕزگار محەممەد، ساڵی (١٩٨٦) لەدایک بووە، ئێستا کارمەندی وەزارەتی ناوخۆیە، لە شاری کۆیە نیشتەجێیە.

[٢٢٥] دیدار لەگەڵ بەختیار محەممەد

[٢٢٦] دیدار لەگەڵ ڕێبوار محەممەد.

(١٩٨٨) لە شاڵاوی ئەنفالی چوار، بەرەو نوگرەسەلمان عەرعەر دەگوازرێتەوە و ئەنفالدەکرێ[٢٢٨]. خۆشی بەهۆی بەرکەوتنی تۆپی ڕژێمی بەعسەوە شەهید دەبێ.

## شەهید نازەنین



شەهید نازەنین قەرەنی حەمەد، ساڵی (١٩٨٠) لە شاری کۆیە لەدایک بووە[٢٢٩]، تا پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە فێرگەی گوندی تیمارۆک-دەشتی کۆیە، خوێندووە. لەدوای هاتنیان بۆ شاری کۆیە، بەهۆی نەبوونی ناسنامەی باری شارستانی و نەمانی باوکی، دەرفەتی خوێندنی پێنەدراوە[٢٣٠]. هاوشێوەی دایکی لەکاتی تۆپبارانکردنی شاری کۆیە لەلایەن سەربازانی ڕژێمی بەعسەوە، تۆپێک بەرماڵیان دەکەوت، لەم نێوەندەدا، لەگەڵ دایکیدا شەهید دەبێ[٢٣١].

[٢٢٧] دیدار لەگەڵ بەختیار محەممەد.
[٢٢٨] دیدار لەگەڵ ڕزگار محەممەد.
[٢٢٩] دیدار لەگەڵ بەختیار محەممەد.
[٢٣٠] دیدار لەگەڵ ڕزگار محەممەد.
[٢٣١] دیدار لەگەڵ ڕێبوار محەممەد.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید سەمیرە

سەمیرە ئەحمەد عەزیز، ساڵی (١٩٥٤) لە هەولێر لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تەواو دەکا، ساڵی (١٩٨١) لە پەیمانگای مامۆستایان تەواو دەکا. ساڵی (١٩٨٥) ژیانی هاوبەشی پێکدێنێ. کاتژمێر چواری ڕۆژی نۆی ئازار، لە ئەنجامی بەرکەوتنی فیشکی ڕژێمی بەعس، گیان لەدەستدەدا. دەبێتە شەهیدی هاوڵاتی دەستی حکومەتی بەعس[٢٣٢].



[٢٣٢] دیدار لەگەڵ قادر محەممەد قادر، هاوژینی شەهید سەمیرە، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧). قادر محەممەد، ساڵی (١٩٥٥) لە کۆیە لەدایک بووە و ئێستا لە هەولێر دادەنشێ. : دیدار لەگەڵ قومری حەمەد قادر، خوشکی هاوژینی شەهید سەمیرە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧). قومری حەمەد، ساڵی (١٩٦٣) لە کۆیە لەدایک بووە و لە کۆیە دادەنشێ.

## شەهید پێشڕەو

پێشڕەو عەبدولرەزاق شێخە، لە ساڵی (١٩٧٨) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، فێرخوازی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بووە. ڕۆژی نۆی ئازاری لەکاتی هێرش بردنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر حکومەتی بەعس و سەربازەکانی، لە دەوروبەری کاتژمێر نۆ و سی خولەک، بەهۆی تۆپبارانکردنی شاری کۆیە و گەڕەکی قەسرێ لەو نێوەدا ساچمەی هاوەنێک بە پێشڕەو دەکەوێ و گیان لەدەستدەدا[٢٣٣].




[٢٣٣] دیدار لەگەڵ عەبدولڕەزاق شێخە ڕەسووڵ، باوکی شەهید پێشڕەو، کۆیە، ڕێککەوتی پازدەی شوباتی (٢٠١٧)، عەبدولڕەزاق شێخە، لە ساڵی (١٩٥٠) لە گوندی سماقووڵی سەروچاوە لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٧٧) هاتۆتە کۆیە، تاکوو ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید زرار

زرار ڕەشید عەولڵا، ساڵی (١٩٥٥) لە شاری ڕانیە لە دایک بووە. بەشداری لە ڕاپەڕینی شاری ڕانیە و چوارقوڕنە کردووە، ڕۆژی نۆی ئازار، لەکاتی تۆپ هاویشتی ڕژێمی بەعس، ڕوو لە بێستانە و چنارۆک، لەگەڵ تۆفیق حەمەد ئەحمەد بەر تۆپی ڕژێم دەکەون و شەهید دەبن[٢٣٤].



[٢٣٤] دیدار لەگەڵ قورینگ ڕەشید عەولڵا، خوشکی شەهید زرار، کۆیە، ڕێککەوتی نۆزدەی شوباتی (٢٠١٧)، قورینگ ڕەشید، ساڵی (١٩٦٧) لە کۆیە دایک بووە و لەکۆیە نیشتەجێیە.

## باسی دووەم: شەهیدانی ڕاپەڕینی نۆی ئەیلوول
## یەکەم: شەهیدانی سەنگەری نۆی ئەیلوول
## شەهید فەیسەڵ

فەیسەڵ بەکر قادر، لە ساڵی (١٩٥٤) لە گوندی قەسر-کۆیە، لەدایک بووە، لە ژیانیدا زیاتر سەرقاڵی کشتووکاڵی بووە. لە ساڵی (١٩٨٨) لە گوندی قەسر بەرەو کۆیە ماڵیان گواستۆتەوە. لەو سەروبەندەدا، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیردەکرێ و بەرەو تۆپزاوا دەگوازرێتەوە. لەدوای ماوەیەکی زۆر، ئازاد دەکرێن[٢٣٥]. لەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو کۆیە، لە نۆی ئازاری ساڵی (١٩٩١)دا، فەیسەڵ پەیوەندی دەکات و دەبێتە یەکێک لە بەشداربوونی ڕاپەڕینی شاری کۆیە[٢٣٦]. لە دوای هاتنەوەی هێزی بەعس بۆ کۆیە، فەیسەڵ لە کۆڕەودا بەرەو ئێران دەڕوات بۆ ماوەی چوار مانگ لە کۆمەڵگەی سونێ دەمێنێتەوە، دواتر بەرەو کۆیە دەگەڕێتەوە، بەهەمان شێوەی ڕاپەڕینی یەکەمی شاری کۆیە، بەشداری لە ڕاپەڕینی دووەمی

[٢٣٥] ژمارەیەک هاوڵاتی کۆیە و دەشتی کۆیە، لە قۆناغی چوارەمی ئەنفال دەستگیر دەکرێن و بەرەو تۆپزاوا دەگوازرێنەوە، لەدوای ماوەیەکی زۆر، بەرەو هەولێر بەڕێدەکرێن بە مەبەستی لە سێدارەدانیان، لەو سەروبەندەدا لێخۆشبوون دەردەچێ و ڕزگاریان دەبێ.

[٢٣٦] دیدار لەگەڵ سەفەر بەکر قادر، برای شەهید فەیسەڵ، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧). سەفەر بەکر، ساڵی (١٩٨٠) لەدایک بووە. پێشمەرگەیە لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە گوندی قەسر دادەنیشێ.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**کۆیە دەکات، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی بەعس و هێرشکردنە سەر ئامریە، لەدەوروبەری کاتژمێر یەک و نیو بۆ دووی دوای نیوەڕۆ لە نزیک ئامریەی کۆیە، بەهۆی بەرکەوتنی ساچمەی هاوەن، گیان لەدەستدەدا و دەچێتە ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە[٢٣٧].**



[٢٣٧] دیدار لەگەڵ خەدیجە عەزیز عەباس، هاوژینی شەهید فەیسەڵ، کۆیە، ڕێککەوتی سێزدەی شوباتی (٢٠١٧). خەدیجە عەزیز ساڵی (١٩٥٥) لە گوندی قەسر لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٥) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ شەهید فەیسەڵ پێکهێناوە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ.

## شەهید شەوقی



شەوقی ئەحمەد سەلیم، ساڵی (١٩٧٠) لە کۆیە لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، بەر لە شەهید بوونی فێرخوازی پەیمانگای تەکنەلۆجی موسڵ بووە[٢٣٨]، ناوبراو، یەکێک بووە لە کەسە چالاکەکانی ڕاپەڕینی بەهاری نۆی ئازار، لەدوای ماوەیەک لە پێشمەرگایەتی کراوە، بە فەرماندەی کەرت. لەدواتردا بەشداری لە ڕاپەڕینی دووەمی شاری کۆیە کردووە، لەسەروبەندی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی بەعس و دەرکردنی سوپای سەربازی بەعسی، لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی شاری کۆیە شەهید دەبێ و دەچێتە ڕێزی شەهیدانی کوردستانەوە[٢٣٩].

[٢٣٨] دیدار لەگەڵ شیرین ئەحمەد سەلیم، خوشکی شەهید شەوقی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، نێرگز ئەحمەد، ساڵی (١٩٧٤) لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ.

[٢٣٩] دیدار لەگەڵ نێرگز ئەحمەد سەلیم، خوشکی شەهید شەوقی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، نێرگز ئەحمەد، ساڵی (١٩٧٢) لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید خالید



خالید حەمەساڵح ڕەسووڵ، ساڵی (١٩٤٨) لە گوندی کانی وەتمان لەدایک بووە، ساڵی (١٩٨٠) پەیوەندی بە ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە دەکات، لە هێزی (٨١)ی بیتوێن، لە زۆربەی چالاکییەکانی سنوورەکەی بەشداریکردووە. لە ساڵی (١٩٩١)دا، پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و لە ڕاپەڕینی نۆی ئازاری کۆیە، یازدەی ئازاری هەولێر و بیست و یەکی ئازاری کەرکووک بەشدار بووە، ڕۆژی نۆی ئەیلوولی هەمان ساڵ، لەکاتی تۆپبارانکردنی شاری کۆیە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، لە گەڕەکی گردی هاوەنێک بەر جەستەی خالید دەکەوێ و بەهۆی قورسی و فشاری هاوەنەکە و تەقینەوەی هاوەنەکە، گیان لەدەست دەدا و دەبێتە یەکێ لە شەهیدانی کوردستان[٢٤٠].

[٢٤٠] دیدار لەگەڵ فەخریە ڕەسووڵ قادر، هاوژینی شەهید خالید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧)، فەخریە ڕەسووڵ ساڵی (١٩٥٠) لە گوندی کانی

## دووەم: شەهیدانی هاوڵاتی نۆی ئەیلوول

دەوروبەری کاتژمێر نۆ و نیوی سەر لەبەیانی، تۆپێکی حکومەتی بەعس بەئاراستەی شاری کۆیە-گەڕەکی گردی، بەرانبەر دەرگای پشتەوەی فێرگەی باواجی، هاوێژرا[٢٤١]. ئەم تۆپە بەر ماڵێکی ئەو گەڕەکە کەوت. ئەو بنەماڵەیە، خاوەنی پێنج کوڕ و دوو کچ بوون، منداڵەکان لە ترس و تۆقینی هێرشەکانی سەربازانی بەعس، چووبوونە ژوورێکی ژێر خانووەکە، تۆپەکەش لەبەردەمی ئەو ژوورە بە زەوی کەوتبوو و تەقیبۆوە، دەستبەجێ چوار کوڕ و کچێک گیانیان لەدەستدابوو، کوڕ و کچەکەی دی بەنێوی هیوا و تریفە بە برینداری گەیاندرابوونە نەخۆشخانەی ڕانیە[٢٤٢] لە مردن ڕزگاریان بوو[٢٤٣]. پارچە و ساچمەی تۆپەکە، تەواوی منداڵەکانی

---

وەتمان لەدایک بووە، ساڵی (١٩٦٨) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ شەهید خالید پێکهێناوە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێ.

[٢٤١] دیدار لەگەڵ نامیق ئەحمەد ساڵح، باوکی پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧). نامیق ئەحمەد، ساڵی (١٩٥٦) لە گوندی سووڕەقەڵا-دەشتی کۆیە لەدایک بووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بووە پێشمەرگە. باوکی شەهیدەکان، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

[٢٤٢] لەڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازییە جیهانییەکان کە لە شاری کۆیە بوونیان هەبوو، گشت منداڵەکان گەیاندرابوونە نەخۆشخانەی ڕانیە.

[٢٤٣] دیدار لەگەڵ هیوا نامیق ئەحمەد، برای پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧). ڕزگاربووی بەرکەوتەی ساچمەی تۆپەکەی ڕژێمی بەعس. هیوا نامیق، ساڵی (١٩٨٤) لە کۆیە لەدایک بووە. ئێستا مامۆستایە لە فێرگەی نێوزەنگ، لە شاری کۆیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گرتبۆوە، بەشێک لە منداڵەکان پارچە پارچە بوون[٢٤٤]. لەکاتی بەرکەوتنی تۆپی حکومەتی بەعس بە خانووی ماڵەکە، نامیق ئەحمەدی باوک شەهیدەکان لە پێشمەرگایەتی بووە و لەعلی ڕەسووڵ دایکی منداڵەکان خەریکی کۆکردنەوەی ناو ماڵ بووە[٢٤٥].
ئەمانە شەهیدەکانی ئەو بنەماڵەیەن:

**شەهید هێمن**



هێمن، کوڕی گەورەی ئەو بنەماڵەیە بوو، لە ساڵی (١٩٨٢) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، فێرخوازی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بوو.

---

٢٤٤ دیدار لەگەڵ ڕەسووڵ ئەحمەد تەیب، باوکی لەعلی، باپیری پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧). لەدوای گیان لەدەستدانی منداڵەکان، لەعلی ڕەسووڵ، پەنای بۆ باوکی بردووە و دەستبەجێ گەیشتۆتە شوێنی ڕووداوەکە. ڕەسووڵ ئەحمەد، ساڵی (١٩٣٧) لە گوندی کانی کوردە-دەشتی کۆیە لەدایک بووە، زۆربەی تەمەنی ژیانی بە مەلایەتی و پێشنوێژی بەڕێکردوە، ئێستا خانەنیشنە و لە شاری کۆیە نیشتەجێیە.

٢٤٥ دیدار لەگەڵ لەعلی ڕەسووڵ ئەحمەد، دایکی پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧). لەعلی ئەحمەد، ساڵی (١٩٦٠) لە گوندی کانی کوردە-دەشتی کۆیە لەدایک بووە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

## شەهید سروە



سروە، کچی دووەمی ئەو بنەماڵەیە بوو، لە ساڵی (١٩٨٥) لە کۆیە لەدایک بووە، ئامادەکرابوو بۆ چوونە فێرگە.

## شەهید هۆگر

هۆگر، کوڕێکی تەمەن دوو ساڵ بوو، لە ساڵی (١٩٨٩) لە شاری کۆیە لەدایک بووە[٢٤٦]. (وێنەی نییە)

## شەهید هەڵمەت



هەڵمەت، کوڕێکی تەمەن چوار ساڵ بوو، لە ساڵی (١٩٨٧) لە شاری کۆیە لەدایک بووە.

[٢٤٦] دیدار لەگەڵ نامیق ئەحمەد ساڵح.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید هەنگاو

هەنگاو، کوڕێکی تەمەن پێنج مانگ بوو، لە ساڵی (١٩٩١) لە شاری کۆیە لەدایک بووە[٢٤٧]. (وێنەی نییە)

لەبارەی ئەو کارەسات و ڕووداوە، مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی ناسراو بە دیاری، واتە باپیری شەهیدەکان و دایکی لەعلی، لە دیوانە شیعری "لە هەواری کانی کوردەوە"، لە شیعرێکدا بەنێونیشانی "کچەکەم لەعلی"دا، دەڵێ:

کچەکەم لەعلی

کـــــــچەکەم لەعلی بۆچی وا شێواوی
ســـــــەرتاپات خوێنە ئەتۆ چۆن ماوی
بـــــابە گــــیان وەرە مــــاڵــم ببینە
حەوت کۆرپەم هەبوو لەم سەر زەمینە
تـــــــۆپێکی بەعسی دای لەمـــاڵەکەم
پێنج کۆرپەی کـــوشتم نەما حاڵەکەم
چـــــواریان کوڕ بوون لەگەڵ کـــچەکەم
جــــــەرگم ســــــووتاوە نازانم چ بکەم
بـــــــــڕۆ ببینە چـــی کردووە زۆردار

[٢٤٧] دیدار لەگەڵ تریفە نامیق ئەحمەد، خوشکی پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧). رزگاربووی بەرکەوتەی ساچمەی تۆپەکەی ڕژێمی بەعس. تریفە نامیق، ساڵی (١٩٨٠) لە کۆیە لەدایک بووە و لەوێشدا دەژی.

دوانـــیان مـــاون کـــوێر و بـریندار
ئەمەندەی گوت و بێ هۆش بوو ئەمجار
هەســـتام ڕۆیشتم بە دڵـــێکی غـەمبار
بۆ مـــاڵی کـــچەکەم بۆ لای کۆرپەکان
زگـــیان دڕابوو لـەگەڵ قـــاچ شکان
ئێســـک و گـــۆشتیان ببــوو تێکەڵاو
بــــەرگیان سووتا بوو لاقیش بێ پێڵاو
لــــــەم حەوت کۆرپەیە دوانیان مابوو
تـــــریفە کـــچە کـــوڕەکە هیـوا بوو
هیـــــوا بریندار چـــاوێکی کوێر بوو
تـــریفەش دەســـت و لاقی شـــکابوو
تـــۆپیش دەتـــەقێ لە دەورو پشـتم
هەر بە تەنیا بووم کەس نییە لە پشتم[٢٤٨]

ئەم تۆپەی حکومەتی بەعسی، بەتەنیا پێنج منداڵی بنەماڵەیەکی لەنێو نەبرد، بەڵکو سێ منداڵی دی دراوسێ و دۆستانی کردە قوربانی. دوو لە شەهیدان لەلای پلیکانەی ماڵەوە، نزیک ماڵی نامیق ئەحمەد وەستابوون، فشار و ساچمەی تۆپەکە بە جەستەیان گەیشتبوو و گیانیان لەدەستدابوو. دوو برا بەنێوەکانی:

[٢٤٨] مەلا ڕەسووڵی کانی کوردەیی (دیاری): س.پ، ل ٩٩.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شەهید خالید



خالید مەجید عەزیز، لە ساڵی (١٩٨٠) لە شاری کۆیە لەدایک بووە. فێرخوازی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بوو.

## شەهید تالیب



تالیب مەجید عەزیز، لە ساڵی (١٩٨١) لە شاری کۆیە لەدایک بووە. فێرخوازی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بوو[٢٤٩]

[٢٤٩] دیدار لەگەڵ فەرەیدوون مەجید عەزیز، برای دوو شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە ڕێککەوتی دەی شوباتی (٢٠١٧). فەرەیدوون مەجید، ساڵی (١٩٨٦) لە کۆیە لەدایک بووە، ئێستا فەرمانبەرە لەنێو وەزارەتی ناوخۆ.

ئەو دوو برایە، خۆیان ئامادەکردبوو بۆ چوونە بازار، بەمەبەستی فرۆشتی گوڵەبەڕۆژە "برێشکە"، لەوکاتەدا دایکیان خەریکی نان دروست کردن بووە و ویستوویەتی نانی گەرم "ئەستووک" بۆ منداڵەکانی دروست بکات، بەڵام تۆپەکەی ڕژێمی بەعس، ڕێگەی نەدا، نانەکەیان بخۆن[٢٥٠].

شەهیدەکەی دی، کوڕێکی تەمەن دوازدەساڵان بووە، -لەڕووی تەمەنەوە لەکۆی گشتی شەهیدەکانی دی گەورەتر بووـ دراوسێ و دۆستی منداڵە شەهیدەکانی دی بووە. بەهەمان تۆپی حکومەتی بەعس شەهیدکراوە، ئەویش:

**شەهید سەرکەوت**



سەرکەوت زاهیر عوسمان، لە ساڵی (١٩٧٩) لە شاری کۆیە لەدایک بووە. فێرخوازی پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو[٢٥١].

---

[٢٥٠] دیدار لەگەڵ سوراح تەها حەمەدەمین، دایکی دوو شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی دەی شوباتی (٢٠١٧). سوراح تەها، ساڵی (١٩٥٧) لە گوندی خرابە/دەشتی کۆیە، لەدایک بووە. ئێستا لە کۆیە نیشتەجێن.

[٢٥١] دیدار لەگەڵ زاهیر عوسمان ڕەسووڵ، باوکی شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧). زاهیر عوسمان، ساڵی (١٩٣٣) لە کۆیە، لەدایک بووە. ئێستا خانەنشینە و لە کۆیە نیشتەجێیە.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان:

### ا- کتێبە کوردییەکان:

١- ئاراس ئیلینجاغی: تەق تەق، کەنار زێی بچووک، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢- ئاراس عبدولرەحمان مستەفا: راپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣- هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا-توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤- نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا: تاوانێکی لەبیرکراو-دەربارەی ئەنفال و تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستان، و: عادل عەلی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیار و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٤.

٥- مەلا شاخی: ڕاپەڕین و ڕزگاری کەرکووک، چاپخانەی سەفوەت، ب،ش،چ.

٦- مەلا ڕەسووڵی کانی کوردەیی (دیاری): لە هەواری کانی کوردەوە، بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٤.

٧- میدڵ ئیست ۆوچ: جینۆساید لە عێراقدا-پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٤.

٨- محەمەد ڕەوف عەبدولعەزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی-تویژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانییە، تویژینەوەیەکە پێشکەش بەبەشی کۆمەڵناسی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی، بڵاوکراوە، pdf.

٩- کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و: حەسەن ڕەستگار، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤.

١٠- فیبی مار: مێژووی نوێی نوێ عێراق، و: حەمەشەریف حەمەغەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

١١- فریشتە کەوە: کارەساتی هەڵەبجە-تویژینەوەیەکی سایکۆلۆژی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨.

١٢- فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)، چاپخانەی ڕێنوێ، سلێمانی، ٢٠١٤.

١٣- عارف قوربانی: ئەو سایەق شۆفلەی بەشێک لە ئەنفالەکانی داپۆشی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، چاپخانەی یاد، ٢٠١٣.

١٤- عارف قوربانی: شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی سێیەم، چاپخانە و ئۆفیستی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠٣.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٥- عارف قوربانی: تەیمور-تاکە ڕزگاربوونی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٦- سەلام حەوێز بەرید: زایەڵەی رانیە لە ئایارەوە بۆ ئازار، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، چاپخانەی کشتوکاڵ، ٢٠٠٥.
١٧- سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کرد-توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسییە (١٩٤٧-١٩٧٥)، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١٧.
١٨- زوزان ناسر مستەفا: ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە "٢٣ی شوبات-٦ی ئەیلوول ١٩٨٨"- ڤەکۆڵینەکا مێژوویە-، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.
١٩- زانا فەقێ محەمەد: جینۆساید لە باشوری کوردستان-ئەنفالی گەرمیان بە نموونە، چاپخانەی یاد، ٢٠١٢.
٢٠- ڕەهبەر سەید برایم: سایەی هەیبە سوڵتان، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٨.
٢١- ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان-لیژنەی سلێمانی: تاوانی هەڵەبجە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢٢- ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا: ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق

لەسەردەمی بەعسدا، بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری بارزان، ٢٠٠٩.

٢٣- ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی: جینۆسایدی باوکان- جینۆسایدی بارزانییەکان، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦.

٢٤- دوکتۆر عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٥- دوکتۆر جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژووی کورد، کۆمپیتەر و چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢٦- خاوەر ساڵح مستەفا: نیشانەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی لای ئافرەتە بارزانیەکانی شاڵاوی ئەنفال دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢.

٢٧- چنار نامق: جینۆساید و ئەنفالی کورد، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک، چاپخانەی کارۆ، کەرکووک، ٢٠١٢.

٢٨- چارلز تریب: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێڕاق، و: مەحەمەد حوسێن و عەبدولقادر کەلهوڕ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چ٢، هەولێر، ٢٠١١.

٢٩- جەلیل گادانی: ٥٠ ساڵ خەبات، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، ٢٠٠٤.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**ب- کتێبە عەرەبییەکان:**

٣٠- المشـير عبـدلحليم ابوغزالـة: الحـرب العراقيـة الايرانيـة ١٩٨٠-١٩٨٨، د.ط، د.م.ط، ص.٦

٣١- عبدالوها الكيالي و الاخرون: موسوعة سياسة، جزء١.

**گۆڤارەکان:**

٣٢- هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینـی شـاری هەولێـر لە سـاڵی (١٩٩١)دا "تـوێژینەوەیەکی مێژوییـ-سیاسـیە"، گۆڤـاری زانکـۆی کۆیە، ژمارە حەوت، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧.

٣٣- کـامەڕان بابـان زادە: پێنجـی سـێ، لەنێـوان (ڕاپەڕیـن) و (شۆڕش)دا، گۆڤاری مەشخەڵی ڕاپەڕین، ژمارە پێنج، ٢٠١٥.

٣٤- زامدار ئەحمەد: شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێـراق و ئێـران کاریگەری لەسـەر کـورد (جۆڕنـاڵ-گۆڤـار) ژمـارە حەوت، تشـرینی یەکەمی (٢٠١٦).

٣٥- پشــکۆ حەمەتــاهیر عەبــدلرەحمان: هۆکارەکــانی شکســتی ڕاپەڕینی کەرکووک لە سـاڵی (١٩٩١)، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ژمارە (NO٣. VOL .٦)، ٢٠١٦.

**دەستنووسەکان:**

٣٦- ئەرشـیفی کـۆمیتەی ڕێکخســتنی کـۆیەی حیزبــی شـیوعی کوردستان، وەرگیراو لە ئومێد تۆفیق.

٣٧- کامەڕان بابانزادە: پەراوێزی بیرەوەرییەکانم، دەستنووس.

**ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان:**

٣٨- ستیڤان شـەمزینی: کـۆڕەو ئەو ڕووداوە گەورەیەی مـفەوەزات نابووتی کرد، بڵاوکراوە لە ماڵپەری دەنگەکان.

**دیدارەکان:**

٣٩- دیـدار لەگەڵ ئەنـدام ئەحـمەد عوسـمان، کـوڕی شـەهید، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

٤٠- دیـدار لەگەڵ ئەسـوەد شـەفیق حەمەدەمـین، ناسـراو بە ئەسوەدی حاجی مەلا، کۆیە، ڕێککەوتـی بیسـت و یەکـی شـوباتی (٢٠١٧).

٤١- دیدار لەگەڵ ئەسـعەد عەبـدوڵڵا خـدر، بـاوکی شـەهید، کـۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧).

٤٢- دیدار لەگەڵ ئەحمەد کەریـم، هـاوڕێی نزیکـی شـەهید، کـۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٤٣- دیـدار لەگەڵ ئەحـمەد کەریـم ئەحـمەد، هـاوڕێی شـەهیدان، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٤٤- دیدار لەگەڵ ئەحمەد ڕەمەزان مستەفا، برای شـەهید لوقمـان، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٤٥- دیـدار لەگەڵ ئەحـمەد ڕەسـووڵ ئەحـمەد، کـۆیە، ڕێککەوتـی شازدەی شوباتی (٢٠١٧).



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٤٦- دیـدار لەگەڵ ئەبـوبەکر مـحەمەد حـاجی، ناسـراو بە مەلا شاخی، لەڕێگەی تەلەفـۆنەوە، ڕێککەوتـی بیسـت و سـێی شـوباتی (٢٠١٧).

٤٧- دیدار لەگەڵ ئەبوبەکر حەمەد ئەحمەد، برای شـەهید تۆفیـق، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٤٨- دیـدار لەگەڵ ئیبـڕاهیم قـادر ئێبـڕاهیم، ناسـراو بە ئیبـڕاهیم زێوەیی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

٤٩- دیدار لەگەڵ ئومێد تۆفیـق حەمەد، کـۆیە، ڕێککەوتـی بیسـتی شوباتی (٢٠١٧).

٥٠- دیـدار لەگەڵ یوسـف کەریـم حەمەد حەسـەن، بـرای شـەهید ئاکۆ، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و چواری شوباتی (٢٠١٧).

٥١- دیدار لەگەڵ ئایشـە حەمەد عەلـی، هـاوژینی شـەهید، لەڕێـگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی سێزەدی شوباتی (٢٠١٧).

٥٢- دیـدار لەگەڵ ئـاکۆ خالیـد حەمەکەریـم، بـرای شـەهید ئاسـۆ، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی چواردەی شوباتی (٢٠١٧).

٥٣- دیـدار لەگەڵ ئاشـتی سـابیر، ناسـراو بە مـام ئاشـتی سـابیر میرە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

٥٤- دیدار لەگەڵ ئاشتی ڕەفیق عەبدوڵقادر، بەشداربووی ڕاپەڕیـن، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧).

٥٥- دیـدار لەگەڵ ئـاراس ئیلنجـاغی، لێکـۆڵەر، کـۆیە، ڕێککەوتـی شەشی شوباتی (٢٠١٧).

٥٦- دیـدار لەگەڵ هیـوا نـامیق ئەحـمەد، بـرای پێـنج شـەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧).

٥٧- دیـدار لەگەڵ هیـوا حەمەد کـاوێز، بـرای شـەهید، کـۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧).

٥٨- دیـدار لەگەڵ هێـدی میـرزا فەتـاح، کـوڕی شـەهید، کـۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧).

٥٩- دیدار لەگەڵ هێـدی مامەنـد سـاڵح، ناسـراو بە هێـدی مامەنـد ئاغا، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧).

٦٠- دیدار لەگەڵ نەمام حەمەد مستەفا، هاوژینی شەهید مسـتەفا، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧).

٦١- دیـدار لەگەڵ نەسـرەدین محەمـمەد جـومعە، بـاوکی شـەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

٦٢- دیـدار لەگەڵ نەریمـان ئەحـمەد ڕەشـید، ناسـراو بە دوکتـۆر نەریمان، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧).

٦٣- دیدار لەگەڵ نەجیبە حمد احمد دەڕوێـش، خوشـکی شـەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

٦٤- دیـدار لەگەڵ نەبەز خالیـد سـابڕ، بـرای شـەهید، کـۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

٦٥- دیدار لەگەڵ نەبەرد جەوهەر حەوێز، کـوڕی شـەهید جەوهەر، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧).



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٦٦- دیـدار لەگەڵ نێرگـز ئەحـمەد سـەلیم، خوشـكی شـەهید شەوقی، كۆیە، ڕێككەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٦٧- دیـدار لەگەڵ نـایلە مسـتەفا ئەمـین، دایكـی شـەهید، كـۆیە، ڕێككەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

٦٨- دیـدار لەگەڵ نـامیق ئەحـمەد سـاڵح، بـاوكی پێـنج شـەهیدی هاوڵاتی، كۆیە، ڕێككەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧).

٦٩- دیدار لەگەڵ مەولود ئیسـماعیل حەمەد، ناسـراو مەولـود مـام قلینجی، كۆیە، ڕێككەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

٧٠- دیـدار لەگەڵ مەمەنـد حەوێـز حەمكـوڵ، ناسـراو بە مەمەنـد ناسكە، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێككەوتـی بیسـت و هەشـتی شـوباتی (٢٠١٧).

٧١- دیدار لەگەڵ مەسعوود حەمید كاكەلاو، بـرای شـەهید، كـۆیە، ڕێككەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٧٢- دیدار لەگەڵ مەریوان عەبدولكەریم عەبـدولڕەحمان، ناسـراو بە مەریوانی كەریم ئاغا، لە ڕێگەی تەلەفـۆنەوە، ڕێككەوتـی بیسـت و حەوتی شوباتی (٢٠١٧).

٧٣- دیدار لەگەڵ میرزا سمایل شـەریف، ناسـراو بە میـرزا كـۆیی، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێككەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

٧٤- دیدار لەگەڵ محەمەد مسـتەفا ڕەشـید، بـرای شـەهید، كـۆیە، ڕێككەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧).

٧٥- دیدار لەگەڵ محەمەد سەعید، ناسراو بە سەنگەر، کۆیە، ڕێککەوتی هەشتی شوباتی (٢٠١٧).
٧٦- دیدار لەگەڵ محەمەد سلێمان سابر، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).
٧٧- دیدار لەگەڵ محەمەد ڕەسووڵ ڕەشید، ئامۆزای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).
٧٨- دیدار لەگەڵ محەمەد حەسەن عومەر، ناسراو بە حەمەهەڵدێر، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧).
٧٩- دیدار لەگەڵ لەعلی ڕەسووڵ ئەحمەد، دایکی پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧).
٨٠- دیدار لەگەڵ کۆچەر عەبدوڵڵا عەلی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).
٨١- دیدار لەگەڵ کرمانج ئیسماعیل، بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کۆیە، کۆیە، ڕێککەوتی شەشی شوباتی (٢٠١٧).
٨٢- دیدار لەگەڵ کاوە مەمەند فەرەج، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧).
٨٣- دیدار لەگەڵ کامەڕان عەبدوڵڵا ئەمین، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی شازدەی شوباتی (٢٠١٧).
٨٤- دیدار لەگەڵ کامەڕان جەمال حەسەن، ناسراو بە کامەڕان بابانزادە، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧).



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٨٥- دیدار لەگەڵ کافیە سەلام حەمەدئەمین، هاوژینی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و چواری شوباتی (٢٠١٧).

٨٦- دیدار لەگەڵ قومریە ڕەسووڵ محەمەد، هاوژینی شەهید ئیبراهیم، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٨٧- دیدار لەگەڵ قومری حەمەد قادر، خوشکی هاوژینی شەهید سەمیرە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧).

٨٨- دیدار لەگەڵ قورینگ ڕەشید عەولا، خوشکی شەهید زرار، کۆیە، ڕێککەوتی نۆزدەی شوباتی (٢٠١٧).

٨٩- دیدار لەگەڵ قاسم ساڵح پیرۆت، برای شەهید عومەر، کۆیە، ڕێککەوتی نۆزدەی شوباتی (٢٠١٧).

٩٠- دیدار لەگەڵ قاسم حەمەد مەحموود، ناسراو بە قاسمە سوور، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٩١- دیدار لەگەڵ قادر محەممەد قادر، هاوژینی شەهید سەمیرە، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

٩٢- دیدار لەگەڵ قادر عومەر ئەمین، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی دووی شوباتی (٢٠١٧).

٩٣- دیدار لەگەڵ فەهاو عەلی قادر، هاوژینی شەهید، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

٩٤- دیدار لەگەڵ فەرەیدوون مەجید عەزیز، برای دوو شەهیدی هاولاتی، کۆیە ڕێککەوتی دەی شوباتی (٢٠١٧).

٩٥- دیدار لەگەڵ غەریب ئەسعەد عەبدوڵڵا، باوکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧).

٩٦- دیدار لەگەڵ عەبدولواحید ئیدریس شەرف، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧).

٩٧- دیدار لەگەڵ عەبدولڕەزاق شێخە ڕەسووڵ، باوکی شەهید پێشڕەو، کۆیە، ڕێککەوتی پازدەی شوباتی (٢٠١٧).

٩٨- دیدار لەگەڵ عیماد کەریم مەجید، ناسراو بە عیماد غەفوری، بەشداربووی ڕاپەڕین، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧).

٩٩- دیدار لەگەڵ عائیشە عەبدوڵڵا شەریف، دایکی شەهید جومعە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٠- دیدار لەگەڵ شەوکەت عەبدوڵڵا عەلی، بەشداربووی ڕاپەڕین، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧).

١٠١- دیدار لەگەڵ شەمام بایز حوسێن، هاوژینی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی پازدەی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٢- دیدار لەگەڵ شیرین ئەحمەد سەلیم، خوشکی شەهید شەوقی، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٣- دیدار لەگەڵ شۆڕش مستەفا ڕەسووڵ، ناسراو بە شۆڕش حاجی، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٤- دیدار لەگەڵ شانۆ ئیبراهیم حەسەن، کچی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧).



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٠٥- دیـدار لەگەڵ سـەوزە عەبـدوڵڵا حوسـێن، هـاوژینی شـەهید جەوهەر، کۆیە ڕێککەوتی دەی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٦- دیدار لەگەڵ سەفەر بەکر قادر، برای شەهید فەیسەڵ، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٧- دیـدار لەگەڵ سـەرۆک حەوێـز سـبوح، بـرای شـەهید، کـۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٨- دیدار لەگەڵ سەرهەد تۆفیق مەعروف، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧).

١٠٩- دیـدار لەگەڵ سـەپان حەمەد کـاوێز، بـرای شـەهید، کـۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧).

١١٠- دیدار لەگەڵ سـیاوەند جەبـار کەریـم، کـوڕی شـەهید جەبـار، کۆیە ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

١١١- دیـدار لەگەڵ سـیامەند حەمە ڕەزاق فەتـاح، ناسـراو بە مـام سـیامەندە سـوور، کـۆیە، ڕێککەوتـی بیسـت و پێنجـی شـوباتی (٢٠١٧).

١١٢- دیدار لەگەڵ سوراح تەها حەمەدەمین، دایکـی دوو شـەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی دەی شوباتی (٢٠١٧).

١١٣- دیدار لەگەڵ سـالار محەمـمەد ئەحـمەد، بـرای شـەهید دلێـر، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).

١١٤- دیدار لەگەڵ سادق حمد احمد دەروێش، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

١١٥- دیدار لەگەڵ زەینەب حمد احمد دەروێش، خوشکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

١١٦- دیدار لەگەڵ زیرەک خدر حەمەدەمین، ناسراو بە مامۆستا زیرەک، کۆیە، ڕێککەوتی نۆزدەی شوباتی (٢٠١٧).

١١٧- دیدار لەگەڵ زاهیر عوسمان ڕەسووڵ، باوکی شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی یازدەی شوباتی (٢٠١٧).

١١٨- دیدار لەگەڵ ڕەهبەر سەید برایم، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧).

١١٩- دیدار لەگەڵ ڕێبوار محەمەد قەرەنی، کوڕی شەهید نەسرین، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٠- دیدار لەگەڵ ڕزگار محەممەد قەرەنی، کوڕی شەهید نەسرین، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧).

١٢١- دیدار لەگەڵ دەشتی حەمەدەمین نەجیم، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٢- دیدار لەگەڵ دیاری جاسم فەرحان، کوڕی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی پازدەی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٣- دیدار لەگەڵ دڵسۆز محەمەد ئەمین، برای شەهید، ناسراو بە خارە سۆز، کۆیە، ڕێککەوتی حەڤدەی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٤- دیدار لەگەڵ خەدیجە عەزیز عەباس، هاوژینی شەهید فەیسەڵ، کۆیە، ڕێککەوتی سێزدەی شوباتی (٢٠١٧).



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٢٥- دیدار لەگەڵ خالید سلێمان سابر، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٦- دیدار لەگەڵ حەمەدەمین خدر ئیسماعیل، حاجیاوا، ڕێککەوتی شەشی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٧- دیدار لەگەڵ حەربی عەزیز کەریم، هاوڕێی شەهید جەوهەر، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٨- دیدار لەگەڵ چەتۆ ڕەوف محەمەد، ناسراو بە مامۆستا چەتۆ حەوێزی، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

١٢٩- دیدار لەگەڵ جەنگی خالید سابر، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).

١٣٠- دیدار لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧).

١٣١- دیدار لەگەڵ تۆفیق ئەبوبەکر سادق، مامی شەهید جومعە، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و یەکی شوباتی (٢٠١٧).

١٣٢- دیدار لەگەڵ تۆفیق ئەبوبەکر سادق، باوکی شەهید بەرزان، کۆیە، ڕێککەوتی بیستی شوباتی (٢٠١٧).

١٣٣- دیدار لەگەڵ تۆفیق مەغدید حوسێن، ناسراو بە تۆفیق کانی وەتمانی، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و پێنجی شوباتی (٢٠١٧).

١٣٤- دیدار لەگەڵ تریفە نامیق ئەحمەد، خوشکی پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧).
١٣٥- دیدار لەگەڵ بەهرام سمکۆ فەرەج، ناسراو بە بەهرام حاجی ڕەفیق، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).
١٣٦- دیدار لەگەڵ بەناز حاجی برایم عومەر، خوشکی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و سێی شوباتی (٢٠١٧).
١٣٧- دیدار لەگەڵ بەختیار محەمەد قەرەنی، کوڕی شەهید نەسرین، کۆیە، ڕێککەوتی دوازدەی شوباتی (٢٠١٧).
١٣٨- دیدار لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدوون، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧).
١٣٩- دیدار لەگەڵ نەهرۆ ئەسوەد ئەحمەد، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).
١٤٠- دیدار لەگەڵ فەخریە ڕەسووڵ قادر، هاوژینی شەهید خالید، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).
١٤١- دیدار لەگەڵ ڕەسووڵ ئەحمەد تەیب، باوکی لەعلی، باپیری پێنج شەهیدی هاوڵاتی، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧).
١٤٢- دیدار لەگەڵ پشتیوان کاکل عەبدوڵڵا، کۆیە، ڕێککەوتی نۆی شوباتی (٢٠١٧).
١٤٣- دیدار لەگەڵ کوردە عومەر عەبدوڵڵا. لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و دووی شوباتی (٢٠١٧).



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٤٤- دیدار لەگەڵ شۆڕش مستەفا ڕەسووڵ، ناسراو بە شۆرش حاجی، لەڕێگە تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی بیست و حەوتی شوباتی (٢٠١٧).

١٤٥- دیدار لەگەڵ عەبدوڵخالق محەمەد حەوێز، کۆیە، ڕێککەوتی بیست و شەشی شوباتی (٢٠١٧).

١٤٦- دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەریف حەمەد، ڕێککەوتی بیست و هەشتی شوباتی (٢٠١٧).

# پاشکۆی وێنەکان



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ڕۆژی ئازادکردنی شاری کۆیە.. ئەرشیفی عەبدولواحێد ئیدریس.



ڕۆژی ئازادکردنی شاری کۆیە.. ئەرشیفی عەبدولواحێد ئیدریس.



ڕۆژی ئازادکردنی شاری کۆیە.. ئەرشیفی عەبدولواحێد ئیدریس.



کۆبوونەوەی پێشمەرگەکانی قۆڵی مامۆستا چەتۆ، نزیک گۆڕستانی دەرویش خدر.. ئەرشیفی عەبدولواحێد ئیدریس.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



چنارۆک.. پێشمەرگەی پارتیزانی.. بورهان شەوگێری و
ئاشتی سابیر میرە.



پارکی شەهیدانی ڕاپەڕینی کۆیە